# پێوەندی نێوان

# کورد و کلدان


# ܦܝܘܢܕܝ ܢܝܘܐܢ

# ܟܘܪܕ ܘ ܟܠܕܐܢ

**نووسینی: رێکار ئەحمەد**

**سوێد**

**ساڵی ٢٠٢٢**



# پێشکەشە:

- **بە تێکۆشەرانی ڕێی ئازادی و وەکهەڤی.**
- **بەو مرۆڤانەی کە ڕاستییەکانی مێژوویی لەبەرچاو دەگرن و شەق لە دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی دەدەن.**

**ناوی بەرهەم: پێوەندی نێوان کورد و کلدان**
**بابەت: لێکۆڵینەوە**
**نووسینی: ڕێکار ئەحمەد**
**نرخ: ٣٠٠٠ دینار**
**تیراژ: ٥٠٠ دانە**
**چاپخانەی: کارۆ / سلێمانی**
**ژمارەی سپاردنی کتێبخانەکانی سوێد**
ISBN: 978-91-985436-5-0

**ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە (١٣٤٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ ی پێدراوە.**

# پێڕست

**بابەت** **لاپەڕە**

پێشەکی ..........................................................۷
ئارامی، ئاشووری، کلدان و سریان ....................................۱۳
کورد و کلدان ....................................................... ۱۹
جێژنی هاوبەش ..................................................... ۲۹
کولتووری هاوبەشی کورد و کلدان ....................................٤۳
نەژادی هاوبەش یان ئاوێتەبوون .......................................٥٥
ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووسان چی دەڵێن؟ ............................ ٦٥
بیانۆی دینی بۆ ڕاونان و قڕکردن ..................................... ۷۳
خەباتی هاوبەشی کورد و کلدان ...................................... ۷۷
سەنگایی دەنگی 'گ' لە زمانی دێریندا ...............................۸٥
زمانی کوردی و سوریانی .............................................۸۹
وشەی هاوبەش و لێکچوو ....... .................................. ۱۰٥
گۆڕانی پیتی هەندێک وشە ......................................... ۱۱۹
نێر و مێ لە زمانی سوریانی و کوردیدا ........................... ۱۲۳
دەنگ و شێوەی پیتەکان ........................................... ۱۲۷
ئاکام ................................................................ ۱۳٥
سەرچاوەکان ........................................................ ۱۳۹

## سپاس و پێزانین

لە ناخی دڵەوە زۆر سپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە کاتی خۆیان تەرخان کرد و وەڵامی پرسیارەکانی منیان دایەوە، بەو هۆیەوە پشکیان لە نووسینی ئەم بەرهەمەدا هەیە.

- بەڕێز کاک عەدنان ئیلیا.
- بەڕێز دکتۆر کەوسەر نەجیب.
- بەڕێز دکتۆر هاوژین صلیوە.
- بەڕێز سەلما تۆما کاکۆ.

هەروەها ڕێز و خۆشەویستی تایبەتم بۆ بەڕێزان کاک **کاوە مورشید** و **دکتۆر ناجح گولپی** هەیە، کە لە نووسینی ئەم بەرهەمەدا هاوکارم بوون.

هەواڵنامەی کتێب

# لەجیاتی پێشەکی

مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کە ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گەورە کە لە چیای زاگرۆسەوە تا کەناراوی دەریای سپی نێوەڕاست درێژ دەبێتەوە، لانکەی ژیاری و شارستانێتی بووە و خەڵکی ڕەسەنی ئەو هەرێمەش یەک ڕەچەڵەکیان هەبووە. لەم بارەیەوە 'نینۆس مقەدەم نیا' لە پەڕتووکی فێربوونی زمانی ئاشووریدا نووسیویەتی: " لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا نەژادێک دەژیان کە لە ڕووخساری دینی، نەتەوەیی، فەرهەنگی و زمانیدا هاوبەش بوون. هەموو نەتەوە و میللەتەکانی ئەو نەژادە، بە شێوەیەک لە شێوەکان خزم و هاوخوێن بوون" جا ئەوەی ئاشکرایە کە بە درێژایی مێژوو، هەردوو نەتەوەی کورد و کلدان[1] لە نیشتمانێکی هاوبەشدا ژیاون و دەژین. زێد و ژینگەی هەردوو نەتەوەکە وەک پەنجەکانی دوو دەست تێکەڵاون. کورد ئەو نیشتمانە بە کوردستان و کلدانەکانیش بە بێت نەهرین ناوی دەبەن. ڕاستییەکەی بێت نەهرێن یان

---

[1] - وشەی کلدان لەجیاتی کلدۆ (کلدانی، ئاشووری و سریان)ی دەنووسم، هەرچەندە هەندێک پێیانوایە کە ئەمانە لەیەکدی جیاوازن، بەڵام من پێموایە کە هەرسێکیان یەک نەتەوەن و جیا ناکرێنەوە. هەروەها هەر هەموویان پێڕەوی لە دینی کریستیان(مەسیحی) دەکەن و بەسەر ئاییزای جیاواز دبەشکراون.

میزۆپۆتامیا وەک بەشێکی نێو هەناوی کوردستان وایە. ڕووبەری کوردستان بەبێ میزۆپۆتامیا لە ڕووبەری ئەو نیشتمانە گەورەترە کە کلدانەکان بە بێت نەهرێن ناوی دەبەن. هەندێک جار توندڕۆکانی هەردوو نەتەوە، نەتەوەی دووەم بە داگیرکار ناودەبەن و ئەستۆڤانی بە هاوپشکی ناکەن و ئەوەی دیکە ڕەت دەکەنەوە. ئەمەش هەڵەیەکی گەورە و دەردێکی کوشندەیە، تەنیا نەتەوەکانی تورک و عەرەب سوود لەو ناکۆکییە بێبنەمایە وەردەگرن.

لە ماوەی ڕابردوو، نووسینی کەسێکی توندڕۆم خوێندەوە کە لە ماڵپەڕێکی عەرەبیدا بڵاوی کردۆتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە (دوای شەڕی چاڵدێران ١٥١٤ز، کورد هاتوونەتە ناوچەکە، لەو کاتەدا سوڵتانی عوسمانلی کوردی لەسەر سنووری نێوان عوسمانلی و سەفەوی جێگیر کردووە، دەنا کورد خەڵکی ناوچەکە نین). هەروەها ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتی کە تایبەتە بە مێژووی ئاشوورییەکان (historyofassyrianscom.wordpress.com)

ڕاشکاوانە نووسیویەتی: (لا توجد أي وثائق تذكر الاكراد في تاريخ بلاد ما بين النهرين)، هەر ئەم ماڵپەڕ باس لە پڕۆسەی بەکوردکردنی دەکات و دەنووسێ: (الاكراد الصهاينة محتلون لأرض آشور. تاريخ الاكراد الصهاينة قصير جدا في العراق وهو (اقل من 140 سنة) وهم

ليسوا عراقيين ولا هم قومية ولا تجمعهم لغة واحدة، واصلهم غجر ويسمون أنفسهم أكراد أي مهاجرين أو غجر شرق اوربا التي هي قبيلة الخرز التي دخلت الديانة اليهودية وأتت لاحقا إلى فلسطين. ولكونهم غجر، لم يكن لهم أرض أو موقع جغرافي يدعى "كردستان" على أي خريطة جغرافية في التاريخ القديم والحديث). بێگومان ئەو زانیارییە هێندە ناڕاستن کە نووسەرەکانیان خۆیشیان باوەڕیان پێ نییە و ناتوانن بیسەلمێنن. بۆ ئەمە مەبەستە چەندین نامەم بۆ ناردن، کەچی وەڵامیان نەدایەوە. ئەوان باش دەزانن کەسێک نییە بتوانێ و بڵێ کە زێد و نیشتمانی کوردانی ئێزدی شوێنێکی دیکە بووە جگە لە ئێزدیخان؟ کێ هەیە بتوانێ بسەلمێنێ کە میدیەکان کورد نەبوون کە بە هاوکاری کلدانییەکان ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییان ڕووخاند و شاری نەینەوایان ڕزگار کرد؟ کێ هەیە بیسەلمێنێ کە ئەشکانی و ساسانییەکان کورد نەبوون؟ خۆ لە مێژوودا ناوی گاوانی کوردی هاتووە کە چۆتە سعودیە و بۆتە موسڵمان، هەروەها باسی هۆزی گاوانی کوردیش کراوە و ئاماژە بە زێد و نشینگەی ئەوان کراوە کە ئێستا پێیدەگوترێ سەماوە (مەڵبەندی پارێزگای موسەننایە). دیسانەوە کێ هەیە بیسەلمێنێ کە میرنشینی هەزبانی کە تا ساڵی ١١٣٩ی زایینی لە قەڵای هەولێر فەرمانڕەوایەتیان دەکرد، کورد نەبوون؟ کێ هەیە نکۆڵی

لەوە بکات کە میرنشینی مەڕوانی کە ساڵی ٩٨٣ی زایینی لە میافارقین دامەزرا و دەستەڵاتەکەی تا نزیک تکریت درێژە دەبوەوە و ساڵی ١٠٨٥ی زایینی لە لایەن سەلجوقیەکانیەوە ڕووخێنرا، کورد نەبوون؟ کێ هەیە نکۆڵی لەوە بکات کە سەلاحەدینی ئەیووبی کە ساڵی ١١٣٧ی زایینی لە تکریت لە دایک بوو، هەروەها لە ٤ی ئازاری ١١٩٤ کۆچی دوایی کرد، لە سەردەمی خۆیدا توانی دەوڵەتی ئەیبوونی دابمەرزێنێ و چەندین ساڵ لە سوریا و لوبنان و ئوردون و فەلەستین دا فەرمانڕەوایەتی بکات، کورد نەبووو؟ خۆ ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، هەر هەموویان پێش هاتنی بنەماڵەی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانلی بوونە.

سەبارەت بە هەبوونی کورد لە موسڵ، گەڕۆکی ناوداری بەریتانی، جاکسۆن کە ڕۆژی ٢٥ی تەمموزی ١٧٩٧ سەردانی موسڵی کردووە، نووسیویەتی[2]: " شارەکە پڕە لە دانیشتوان و هەموو جۆرە دین و نەتەوەیەکی تێدایە، بەڵام زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن و زمانی کوردی لە نێو ماڵ و لە جادە و شەقام و بازاڕدا باڵادەستە"

لە لایەکی دیکەوە هەر لە ماوەی ڕابردوودا، نووسینی کوردێکم خوێندەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە

---

[2] - الفريق الركن الدكتور عبدالعزيز المفتي، ولاية الموصل والحقوق الكردية بعد الحرب العالمية الأولى.

هەواڵنامەی کتێب

سوریانەکان بە هاوڕێیەتی سوروسی یۆنانی (سوروس فەرمانڕەوای ئەنتاکیا) هاتوونەتە شوێنی ئێستایان و خەڵکی ناوچەکە نین. دیارە ئەم زانیارییەش هەم هەڵەیە و هەمیش چەواشەکاری زۆری تێدایە، چونکە سوریانەکان نەوەی کلدۆ (کلدان و ئارامیەکان)ن، ئەوانیش لە سەردەمی ئەکەدییەوە هاتوونەتە ناوچەکە و ماونەتەوە. ئێستا ئەمە یەکلایی بۆتەوە کە نەتەوەی کلدۆ (کلدان) دووەمین نەتەوەی ناو ئەو نیشتمانەیە کە ئێستا بە کوردستان دەناسرێ، واتە هەردوو نەتەوەکە هاوبەش و هاونیشتمانن، بۆیە لە دەستپێکدا دەبێ ڕێبەر و لایەنە سیاسیەکانی هەردوو نەتەوە کار بۆ وەکهەڤی و یەکسانی بکەن و هەوڵی بنبڕکردنی توندڕۆیی و ڕەگەزپەرستی بدەن. خۆ ئەگەر زمانی سوریانی لە تەک زمانی کوردیدا ببێ بە زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان، سوودێکی زۆر بە دۆستایەتی و پێکەوە ژیانی ئەو دوو نەتەوەیە دەگەیەنێ.

مندال بووم و دەمبینی کە هەندێک خزم لە بەرتلەوە[3] دەهاتن و سەردانیان دەکردین، خۆیان بە خزمی نزیکی ئێمە دەزانی. ئەوان کلدان و ئێمەش کورد بووین.

---

3 - بەرتلە بە سوریانی (ܒܪܛܠܐ) ، شارۆچکەیەکی کریستیان نشینە و لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ هەڵکەوتووە، ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە سێ هەزار کەس دەبێ کە کریستیانی ئەرتۆدۆکس و کاسۆلیکن، بەڵام لە گوندەکانی دەوروبەری شارەکەدا، شەبەکەکان جێوارن.

هەواڵنامەی کتێب

هەروەها زۆر جاران گوند و ئاوایی کلدان و کوردم بە تەنیشت یەکەوە دەبینی، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا ئەم دوو نەتەوەیە یەک ڕەچەڵەک و سەرچاوەیان هەبووە و بەهۆی دینەوە لێک جیابوونەتەوە؟ یان یەکێکیان هاتووە و خاکی ئەوی دیکەی داگیر کردووە؟

بێگومان جیاوازی ڕامانی دینی نەتەوەکان لەیەکدی هاوێر دەکات، تەنانەت تیر و هۆزی یەک نەتەوەش بەهۆی ڕێباز و بیر و باوەڕی دینییەوە لە یەکدی دەترازێن، نموونەی بەرچاویش عەشیرەتی شێخانی، مزوری و ئێزدیەکانن. من پێموایە ئەگەر کێشەی دینی نەبێ، هیچ جیاوازییێک لەنێوان نەتەوەی کورد و کلداندا نییە.

لەم بەرهەمەدا بە پێی توانا هەوڵ دەدەم کە خوێندنەوەیەکی ڕاستویژانە بۆ بنەچەی کلدان و کورد بکەم. هەروەها لە ڕێی بەڵگەی مێژوویی و پەیڤی هاوبەشی نێوان هەردوو زمانی کوردی و سوریانی، ئاکامی باش بە دەست دێن. تەنانەت ئەگەر داب و نەریت و کولتووری هەردوو نەتەوەکەیش هەڵبسەنگێنین و نموونەی جلوبەرگ بەراورد بکەین، لەسەر ڕاستە ڕێیەکی گرنگ دەگیرسێینەوە. هیوادارم لە ڕێی ئەم بەرهەمەوە هەندێ ڕاستی خۆیا بن و هەردوو نەتەوەکەش سوودی لێوەربگرن و لێکۆڵینەوەی زیاتری بەدوادا بێ.

هەواڵنامەی کتێب

# ئارامی، ئاشووری، کلدان و سریان

هەتا ئێستا کریستیان(مەسیحی)یەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە نێو خۆیاندا لەسەر ناوێکی هاوبەش ڕێکنەکەوتوون، هەریەکە و خۆی بە نەتەوە ڕەسەنەکە دەزانێ، ئەمەش لە ناولێنانی حزب و ڕێکخراوەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەندێک دەڵێن کە سریان یان سوریانی بەهۆی زمانی ئینجلەوە سەری هەڵداوە، هەندێکی دیکە دەڵێن هەرچەندە کە ئیمپراتۆریەتی ئاشووری مێژوویێکی دوور و درێژی تۆمار کردوە، بەڵام ئاشوور لە ناوی بنەماڵەیەکەوە هاتووە و هیچ پێوەندی بە ناوی نەتەوەکەوە نییە، هەندێکی دیکە دەڵێن کلدان بەچینی بازرگان گوتراوە و ناکرێ وەک ناوی نەتەوە پێوانەیان بۆ بکرێ. هەندێک لە مێژوونووسانی عەرەب ویەهودی کریستیانەکان بە نەتەوە نازانن و پێوانەی دوو ئاییینزای مەسیحیان بۆ دەکەن. لێرەدا بەداداچوونێکی خێرا بۆ ئەو ناوانە دەکەین.

یەکەمین جار لەلایەن ئاشووریەکانەوە ناوی **ئارامی** بە ناوی هۆزی "ئەخلامو" وەک هۆزێکی کۆچەر و گەڕۆک تۆمار کراوە. دواتر ئارامییەکان لە ناوچەکانی نێوان پالمیرا لە ناوەڕاستی سوریا و لە دووڕگەی فرات جێوار بوون، سەرەنجام شانشینەکانی ئارامییان پێک هێنا؛ پاشان لە کۆتاییەکانی سالآنی ٢٠٠٠ پ. ز

دەستەڵاتی خۆیان فراوان کرد. بەو هۆیەوە هاوسەنگی لە شامی کۆندا تێکچوو. دواتر بەهۆی هێرشی گەلانی سەر دەریا، ئیمپراتۆری هیتی لە ئەناتۆلیا و باکووری سووریا ڕووخا، هەروەها دەستەڵاتی میسری کۆن لەسەر وڵاتی کەنعانیەکان لە کورتی دا و فەرمانڕەوایەتی کاسی لە بابل بەرەو لاوازی ڕۆیشت.
لە تۆمارەکانی تگلات بلاسەری یەکەم (1076-1116 پ.ز)، پاشای ئاشووری باس لە بیست و هەشت هێرش و پەلامار بۆ سەر ئارامیەکان کراوە و ناوی ئەخلامۆ نەهاتووە. ڕاستییەکەی ئارامییەکان وازیان لە بەرگریکردن نەهێنا، سەرەنجام توانیان ئاشووریەکان لە ڕۆژئاوای فورات وەدەر بنێن و لە نیوەی سەدەی نۆیەمی پێش زایین، میرنشینی ئارامیان لە شام دروست بکەنەوە. پاشان دەسەڵاتی خۆیان بۆ سەر باشووری سوریا درێژکردەوە، دواتر فەلەستین و چەندین شوێنی دیکەیشیان گرتەوە و لە نێوان ساڵەکانی (٧٣١-٧٠٣ پ.ز) لەسەر کورسی بابل دانیشتنەوە، بەڵام دوای ئەوە ئاشووریەکان زۆر بە توندی لێیاندان و شاری بابلیان وێران کرد و ئارامییەکانیان بۆ ناوچەکانی دیکە ڕاگوێزا، بەڵام چوونکە زمانی ئارامی بەهێز بوو، باڵادەستی خۆی سەپاند. تەنانەت تا هێرشی عەرەبی ئیسلام بۆ سەر سوریا، زمانی ئارامی هەر پڕ هێز و بە توانا مابۆوە.

**کلدانیەکان** نەوەی کلدۆن، دەستێکی باڵایان لە فەلەکناسی، کشتوکاڵ، بازرگانی و کیمیاگەریدا هەبوو. گەورەترین شار یان پێتەختی کلدانییەکان، **بەیت یاکین** بوو کە لە لای چەپی ڕووباری فورات، لە نێوان بەسرە و ناسریەی ئە مرۆدا هەڵکەوتبوو. فەرمانڕەوایانی کلدانی بە پاشای بەیت یاکین ناودەبران، بەڵام ئەوان خۆیان بە پاشای بابلی دادەنا. زمانی کلدانی نزیکایەتی لەگەڵ زمانی ئاشووریدا هەبوو، بەڵام دواتر زمانی ئارامی جێی گرتەوە. نەبوکودنەسری دووەم(بوختونەسر) پاشای کلدانی، بۆ ماوەی چل ساڵ فەرمانڕەوایەتی کرد و توانی میسریەکان بشکێنێ و ئۆرشەلیمی پایتەختی یەهودیەکان داگیر و وێران بکات، دوو پاشای یەهوودی و هەزار مرۆڤی یەهوودی بەدیل گرت و بۆ بابلی هێنانەوە. لەسەردەمی ئەو پاشایەدا ئەستێرەناسی و بیرکاری زۆر پێشکەوت، لەو کاتەدا شەڤ و ڕۆژ بۆ بیست و چوار دەمژمێر، هەر دەمژمێرێک بۆ شەست خولەک و هەر خولەکێکیش بۆ شەست چرکە دیاریکرا.

کلدانییەکان دوژمنی سەرسەختی ئاشووریەکان بوون، بەڵام دۆستی نزیکی میدی و عیلامیەکان بوون. لە ئاکامدا لە سەردەمی نەبوپۆلاسەری پاشای بابل، کلدانی و میدیەکان پێکەوە هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی ئاشوور و لە ساڵی ٦١٢ پ. ز، توانیان شاری نەینەوا

ڕزگار بکەن و کۆتایی بە دەستەڵاتی بنەماڵەی ئاشووری بهێنن.

**ئاشووریەکان** تیرەیەکی ئەو نیوەدوورگەی عەرەبی بوون، هەزارەی چوارەمی پێش زایینی، بەهۆکاری وشکەساڵییەوە بەرەو میزۆپۆتامیا هاتن. ئەدی شێر سەبارەت بە ئاشووریەکان دەنووسێ[4]: " نەتەوەی ئاشووری یەکێک لە نەتەوە بەهێز و دەمارگیرەکان بوو، کە شێلگیرانە مەیلی شەڕ و کوشتنی هەبوو، بەو هۆیەوە پاشاکانیان توانیان وڵاتی زۆر داگیر بکەن و نەتەوەی دیکە بە چۆک دابهێنن، هەموو ساڵێک لە بەهاران مژدەی داگیرکاریان ڕادەگەیاند"

لە ماوەی نێوان (1781-1814 پ.ز) ئیمپراتۆریەتی ئاشووری پەرەی گرت و ژمارەی دانیشتوانی لەدەرەوەی ناوچەکانیاندا زیادی کرد، بەو هۆیەوە بۆ یەکەمین جار گرژیان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە دروست کرد و هێرشیان کردە سەریان و شەڕیان پێفرۆشتن.

مێژووسەکان لەو باوەڕەدان کە دەستەڵاتی ئاشووریەکان ڕەشترین و دڕندەترین دەستەڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. پاشاکانی ئاشووری بەرامبەر ناحەز و دوژمنەکانیان زۆر دڵڕەق و بێبەزەیی

---

4 - ادي شير، تاريخ كلدو و آثور، المطبعة الكاثوليكية للاباء اليسوعيين في بيروت سنة ١٩١٢، ص ٩.

و درندە بوون، فەرمانیان بە سەربازەکانیان دەکرد کە پێستی دیلەکان لێ بکەنەوە و چاوەکانیان دەربێنن و بە درندەترین شێوە بیانکوژن. پاشاکان شانازییان بەو کارانە کردوە و نووسیویانە کە گۆشتیان لە لێوی دیلەکان کردۆتەوە و بە سەگەکانیان داون. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە، ئاشوورییەکان توانیان شارستانی لەسەر جەستەی نەتەوەکانی دیکەدا بۆ خۆیان چێ بکەن، پەڕتوکخانەی ئاشوور پانیپال یەکێکە لە کارە ناوازەکانی ئەو پاشایە بوو.

زمانی ئاشووری دێرین لە نێو بنەماڵەی زمانە سامییەکاندا جێی بۆ کراوەتەوە کە نزیکایەتی یەکجار زۆری لەگەڵ ئەکەدی و بابلیدا هەبووە، بەڵام دواتر زمانی ئارامی توانی خۆی سەرپشک بکات و شوێنی زمانی ئاشووری دێرین بگرێتەوە. هەندێک لە ئاشوورییەکان بە هیچ شێوەیەک کلدانی و سوریانی بە نەتەوە نازانن و پێیانوایە کە ئەوانیش تیرەیەکی ئاشوورین. لەم بارەیەوە دەڵێن: (بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، لەساڵی 1552دا، لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە ناوی کلدان پەیدابوو، ئەویش وەک تیرەیەکی مەسیحی کاسۆلیکی باسی لێوەکرا. ئەوێ ڕۆژێ مژدەهێنەرانی ڕۆژئاوا لە ڤاتیکانی کاسۆلیکەوە بۆ میزوپۆتامیا هاتبوون". هەروەها سریانی وەکوو ناوی نەتەوەیەک ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن: "ئەوانە نەوەی

جوولەکەکـــانی ئەنتاکیـــان و ســـەت ســـاڵ لەمەوبەر لە لایەن کلێســـەی ئەنتاکیـــاوە ئەو ناوەیـــان لەســـەر دانـــراوە کە هـــیچ پەیوەنـــدییان بە ئاشـــوورییەوە نیـــیە و زمـــانی ســـریانیش پاشـــــماوەی زاراوەی ئەکەدی- ئاشـــــوورییە کە لە بابـــــل قسەی پێدەکرا"

ســـەمیر عەبـــدە دەنووســـێ[5]: " ســـریانەکان دانیشـــتوانی ڕەســـەنی ســـوریەن، بەهـــۆی کلێســـەی ڕۆژهەڵاتەوە هەتـــا ئەمـــــــڕۆکە مـــــــاون، بە زاراوەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات لە فەلەســـتین و ســـوریە و لوبنـــان و نێـــوان دوو ڕووبـــار (بەینەلنەهـــرێن) و وڵاتـــی فـــارس و وڵاتـــی عەرەبـــدا دەژیـــن، ســـریانی لە ژیـــنگەی ســـوریەدا پەروەردە بـــووە". هەنـــدێک پێیـــانوایە کە یۆنانیەکـــان وشـــەی ســـریانیان لەســـەر ئـــارامی دانـــــاوە، بەڵام مەتـــران یوســـف داود دەڵـــێ[6]:"ســـریانە دێرینەکـــان، ئەوانەی تـــا ئێســـتا لە وڵاتـــی ئاشـــوور و کوردســـتان و وڵاتـــی شـــامدا مـــاونەتەوە، بە زمـــانەکەی خۆیان دەڵێن سریانی"

لەم بەرهەمەدا وشـــەی کلـــدان لە جیـــاتی (کلـــدان، ســـریان و ئاشـــوور)ی دەنووســـم. نـــاکرێ هەرســـێ نـــاوەکە پـــێکەوە بنووسین، بەڵام زمانەکە بە سوریانی دەنووسم.

[5] - ســـمیر عبـــده، الســـريانية- العربيـــة الجـــذور و الامتـــداد، منشـــورات دار علاءالدين الطبعة الثانية، سورية، دمشق ٢٠٠٢، ص١٣.

[6] -اقليميس يوسف داود الموصلي، اللمعة الشهية في اللغة السريانية، طبع في الموصل في دير الآباء الدومييكيين ١٨٧٩.

# کورد و کلدان

کورد و کلدان دوو نەتەوەی دێرینی ڕۆژهەڵاتی ناڤینن. هەزاران ساڵ پێکەوە و لە تەنیشت یەکدیدا ژیاون. کلدانیەکان (کلدۆ)ن، هەروەها کوردیش نەوەی سۆمەریەکانن. خۆ ئەگەر ئەمەش تا ئێستا بە بەڵگەی مێژوویی سەرڕاست نەکرابێتەوە، بە دیویێکی دیکەوە، دەکرێ بڵێین کە کلدان نەوەی ئیمپراتۆریەتی بابلی نوێ و کوردیش نەوەی ئیمپراتۆریەتی میدیا (ماد)ن.

سۆمەریەکان وەک یەکەمین گەل و نەتەوەی میزۆپۆتامیا ناویان هاتووە، لە هەزارەی شەشەمی پێش زاییندا فەرمانڕەوایەتیان کردووە. بە هۆی نووسینی سەر خشتەکانەوە، مێژووی خۆیان تۆمار کردووە، بەڵام لە ڕێی هیتییەکانەوە، لە هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا ناوی سۆمەریەکان تۆمار کراوە. **ئەحمەد سووسەی** مێژوونووس بە خستنە ڕووی تۆماری سۆمەریەکانەوە، جەخت دەکاتەوە[7] کە ئەوان لە کێوەکانەوە بەرەو باشووری میزۆپۆتامیا ڕۆیشتوون. واتە سۆمەریەکان لە چیاکانەوە بەرەو باشوور ڕۆیشتن و جێوار بوونە. بە

---

7- احمد سوسة، تاريخ حضارة وادي الرافدين في ضوء مشاريع الري الزراعية والمكتشفات الاثارية والمصادر التاريخية، ج1, دار الحرية للطباعة، بغداد، 1983, ص 549.

گریمـــانی زۆرەوە، دەبـێ ســـۆمێریەکان لە زنجیـرە چیاکـــانی زاگرۆســـــــەوە بەرەو ئەو شـــــوێنە ڕۆیشـــــتبن کە دواتـــــر شارستانییان تێدا دامەزراندووە.
مێـــــژوو دەگێـــــڕێتەوە کە گرووپێـــــک بە نـــــاوی ئەکەد لە (٢٨٠٠پ.ز) بەرەو نیشـــتمانی ســـۆمەریەکان کۆچیـــان کـــرد و لە بـــاکووری خـــاکی میزۆپۆتامیـــا (نێـــوان دوو ڕووبـــار) و نزیـــک بەغـــدادی ئێســـتا جێـــوار بـــوون، پاشـــان لە ســـاڵی ٢٥٠٠ پ. ز لە ئاکـــامی نـــاکۆکی و ململانێـــی بەردەوام، بە ســـەر ســـۆمەریەکاندا ســـەرکەوتن. دواتـــر ســـۆمەریەکان لە هێرشـــێکی چـــاوەڕوان نەکـــراودا توانیـــان ئەکەدیەکـــان دەرپەڕێـــین و دەســـتەڵاتی خۆیـــان زینـــدوو بـــکەنەوە. دووبـــارە زمـــانی ســـۆمێری ڕەواجـــی پەیـــدا کـــردەوە و وەک زمـــانی فەرمـــانڕەوایەتی ســـەر پشـــک کـــرا و شـــوێنی زمـــانی ئەکەدی گـــــــرتەوە. دوای ئەوە دیســـــتانەوە ململانـــــــێ و کێشـــەی نێـــوان ســـۆمێری و ئەکەدی ســـەری هەڵـــدایەوە، ســـــەرەنجام هەردوو نەتەوەی ســـــۆمێر و ئەکەد ڕێککەوتـــــن و نیشـــــتمانێکی هاوبەشـــــیان بەنـــــاوی ئەکەد و ســـــۆمێر دروســـت کـــرد. لە زەمـــانی **ســـارگۆن** پاشـــای ئەکەدی، لە ســـــاڵی ٢٣٣٤پ. ز توانیـــــان دەســـــتەڵاتی خۆیـــــان لە کرمانشـــانەوە تـــا شـــام و دەریـــای ســـپی ناوەڕاســـت درێـــژ بـــکەنەوە. ئەکەدییەکـــان بـــۆ مـــاوەی ســـێ ســـەت ســـاڵ دەســـتەڵاتیان هەبـــوو، دواتـــر لە ســـاڵی ١٧٥٠ی پـــێش زایـــین، 'گانـــداش'ی ســـەرۆکی کاســـییەکان کە جێـــواری زاگـــرۆس

بوون (کاسیەکان لە ناوچەی لوڕستانی ئێستادا دەژیان)، لە ڕێی دەشتی زەهاو و باکووری ئیلامی ئێستاوە، هێرشی کردە سەر ئەکەدیەکان و نیشتمانەکەیانی لێ داگیرکرد و دەستەڵاتی کاسیەکانی بەسەر ناوچەکەدا سەپاند. ئیدی بەو هۆیەوە کاسییەکان بۆ ماوەی پێنج سەت ساڵ لە بابلدا فەرمانڕەوایەتیان کرد.

هەر سەبارەت بە هاوپەیمانی نێوان کلدانی و میدیەکان، دەبێ ئاماژە بە پەیماننامەی نێوان **کیاگسار (کەیخوسرەو)**، پاشای میدی و **نەبوپۆلاسەر**، پاشای کلدانی بکەین[8] کە پێکەوە ڕێککەوتن و لە ساڵی ٦١٦ پێش زایین هێرشیان کردە سەر شاری نەینەواوی پێتەختی دەوڵەتی ئاشووری و گەمارۆیان دا و دواتر لە ساڵی ٦١٢ پێش زایین داگیریان کرد و کۆتاییان بە دەستەڵاتی ئاشووریەکان هێنا. هەر سەبارەت بەو هاوپەیمانییەی نێوان میدیا و کلدان، فازل ئوسولیان، لە لاپەڕە هەشتی پەڕتووکی "نەورۆز ئەفسانە نییە، ڕووداوێکی مێژووییە" نووسیویەتی: (سەرەنجام سپای کەیخوسرەو پادشای ماد و نابوپالاسار پادشای بابل لە ساڵی ٦١٢ پ.ز.دا گەمارۆی نەینەوایان دا، سێ جاران لە قەراخی 'شورا'ی نەینەوادا نەبەردیان کرد، هیچیان سەرنەکەوتن. لە مانگی 'ئاب'ی ساڵی ٦١٢پ.ز بەهۆی

---

[8] - ن.و.پیگولوسکایا، تاریخ ایران، ترجمە: کریم کشاورز، پیام، تهران ١٣٥٣ خ، ص ١٤.

گێڕانەوەی ئاو بۆ ناو نەینەوا، توانرا دیوارەکانی نەینەوا بڕووخێنن و لە ناو شارەکە سوپای ئاشوور بەیەکجاری تەفروتونا بکەن و ئاگر لە کۆشک و سەراکانیان بەردەن)

بە پێی ئەو گێڕانەوەیەی مێژوو، باپیرانی کلدان و باپیرانی کورد بە هاوبەشی ئیمپراتۆریەتی ئاشووریيان ڕووخاندووە. دواتر فەرمانڕەوایەتی میدیا و کلدانی (بابلی نوێ)یان بە شێوەیەکی باشتر گەشە پێداوەتەوە. هەروەها بەپێی تۆمارە مێژووییەکان[9] پاشای میدیا (ماد) هاوسەرگیری لەگەڵ کچی نەبوپۆلاسەری کلدانی کردوە کە بە شادوختی بابلی ناسراو بوو. بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییە کچێک بەناوی **ئامیتیس** و کوڕێک بەناوی **ئێشتۆڤیگۆ** بوو، کە دواتر ئەو کوڕە بەختی ئەوەی هەبوو تاجی پاشایەتی لەسەر بنێ.

ئەگەر بمانەوێ مێژووی هاوبەشی کورد و کلدان بنووسینەوە، دەبێ کاتێکی یەکجار زۆر تەرخان بکەین، ئەمە ئەرکی مێژوونووسانە و هیوادارم کە هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵبگرنەوە، چونکە ئێستا کەسانێک هەوڵی نووسینەوەی مێژووی ڕابردوو دەدەن کە ناتوانن دەست لە ڕک و کینە هەڵبگرن، مخابن ستەمی گەورە لە دیرۆک دەکەن و ڕاستییەکان دەشێوێنن، یان بەسەر هەندێ قۆناغی گرنگی مێژوو پازدەدەن، بەوهۆیەوە مێژووی

هەواڵنامەی کتێب

---

9 - هووخشترە https://fa.wikipedia.org/wik

دێــرین بە چەواشــەکاری و ناڕاســتی دەرخــواردی نەوەی ئێســتا و داهــاتوو دەدەن. تــۆوی نــاکۆکی و ناتەبــایی لە نێـــوان هەردوو نەتەوەی کـــورد و کلدانـــدا دەچێـــنن، مەبەســـتیانە لەو پەنـــایەوە تەمەنـــی خۆســـەپاندن و داگیرکـــاری خۆیـــان درێژتـــر بـــکەنەوە. زۆربەی ئەو نووســەرانەش خۆیــان لە پەنــای تیــۆری ئەفســانەیی ئــاری و ســامی دەشــارنەوە، یــان ئەفســانە و داســتانی هەڵبەســتراو دەکەن بە ســـەرچاوەی لێکۆڵینەوەکانیـــان. زۆرێـــک لەو نووســەرانە عەرەبــن یــان گۆشــکراوی رۆشــنبیری عەرەبــن و بە مەبەســـت یـــان لە بێئاگـــاییەوە پشـــت بە داســـتانی ئەفســانەیی کــوڕ و نەوەکــانی نــووخ پێغەمــبەر دەبەســتن. هەنـــدێکی دیـــکە پێـــداگری لەســـەر ســـامی و زمـــانە ســـامییەکاندا دەکەن، ئەمە لە کاتێکـــدا کە دەمـــێکە ئەو تیــۆرییە هەرەســـی هێنــاوە و خۆشــیان بــاش دەزانــن کە نووســـینەوەی مێـــژوو بەبـــی بەڵـــگە و بە خواســـتی نووســەرانەوە نــابێ. ئەفســانەی کــوڕ و نەوەکــانی نــووخ لە ســـەرچاوەکانی دینـــی یەهـــوودیەوە وەرگیـــراون و هـــیچ ســەنەد و ڕاســتییەکییان تێــدا نییــە. لەم بــارەیەوە **کەشــیش نینــۆس مەقــدەس نیــا** دەنووســێ[10]: " لە ســەدەکانی دوایــی، بە فراوانبـــوونی ڕۆژهەڵاتناســـی و زمانناســـی لە ئورووپـــا و

---

[10] - کشیش نینوس مقدس نیا، خود آموز زبان آشوری، اول تیر ۱۳۸۷ خورشیدی، www.brasheet.com

ڕۆژئـاوا، بیـردۆز و ناونیشـانی جۆراوجـۆر پێشـنیار کـران، کە زۆرینەیـان لەسـەر بنەمـای زانیـاری ناڕاسـتی یۆنـانی دێـرین و سـەرچاوەکانی دیـکەی ئـایینزایی بڕیاریـان لێـدرا و ئەمـڕۆ وەکـوو بـابەتی سـەرەکی پێشـوازی لێکـراوە و بە ڕاسـت هەژمـار کـراون!! بەڵام ئێسـتا زۆرێـک لە ئاشووریناسـانی سـەردەم لەو بـاوەڕەدان کە زانیـاری بەردەسـت لە دیـرۆک و سـەفەرنامەکانی یۆنانیـانی دێـرین، بە بەراورد بە بەڵـگەی ئاشـوور و بابـل پـڕ لە هەڵە و کێماسـی زۆرن "ئەمـڕۆ دەبـێ لە نـاوی زانسـتی وردتـر سـوود وەربگیـرێ. بـۆ نمـوونە چەمکـی نەتەوە و زمانەکـانی سـامی کە لە سـاڵی ١٧٨١ی زایینـی لە لایەن شـلۆتزەری (Ludwig von Schlözer August) نەمسـایی بە ئامـاژە بە نەتەوە و زمانەکـانی هـاوخێزانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، پێشـنیار کـرا، ئەم چەمـکە لە نـاوی سـامی کـوڕی نـووح، وەک بـاوکی ئاشـوور و زۆرێـک لە نەتەوەکـانی دیـکەوە خەملێنـدرا. شـلۆتزەر نەتەوەکـانی عیلامـی و لیدیەکانیشـی لە بنەمـاڵەی سـامی دانـابوو[11]، بەڵام دواتـر لێکـۆڵینەوە نوێکـان ئەو بۆچوونەیـان ڕەت کـردەوە و بە بەڵـگە سـەلماندیان کە بە هـیچ شـێوەیەک نەتەوەکـانی عیلامـی و لیـدی و زمانەکانیـان لە دوور و

[11] - عـامر سـليمان، اللغـة الاكدية (البابليـة- الآشـورية)، دارالكتـب للطباعـة و النشر، موصل، ١٩٩١م، ص ٦٦.

هەواڵنامەی کتێب

نـزیکەوە پێوەنـدییان بە بنەمـاڵەی نـاودێری سـامیەوە نیـیە. ئیـدی ئەم چەمکە چیتـر جێـی پەسـند نیـیە، لەم ڕوانـگەیەوە دەبـێ لێکـۆڵینەوە و شـرۆڤەی دیـکە سـەبارەت بە سـۆمەر و کلدان، ئارامی و دیتران بکرێ.

ڕاسـتە کە هەنـدێک زمـان لەیەکـدییەوە نـزیکن و پەیڤـی هاوبەشـیان لەنێوانـدا هەیە، ئەو نـزیکییە یـان سـەرچاوەی لە یەکـرەچەڵەکییەوە گرتـووە یـان بەهـۆی تـێکەڵاوی و پـێکەوە ژیـان و هاوسـێیەتییەوە پەیـدا بـووە، بەڵام لە ڕێـی زانسـتی ئـانترۆپۆلۆژی(Antropologi) و سیماناسـییەوە ئەو بیـردۆزە ڕەت کـراوەتەوە کە بـاس لە سـامی و ئـاری بـوونی ڕەچەڵەکـی هەنـدێک نەتەوە کـراوە؛ دەمـێکە ئورووپاییەکـان وازیـان لە خەیـاڵبلاوی و ئەفسـانەگەرایی هێنـاوە، کەچـی تـازە بە تـازە نووسـەرانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست جەخت لەسەر پتەوی ئەو بیردۆزە دەکەنەوە.

ئەگەر لەسـەر بنەمـای زانسـتی ئـانترۆپۆلۆژی و سیماناسـییەوە، ئەنـدامەکانی جەسـتەی مرۆڤـی عەرەب و کلـدان بەراورد بکەیـن، نەک هاوبەشـی لەنێوانیـادا نیـیە، بەڵکـو زۆر لە یەکـدییەوە جیـاوازن. بەو هۆیەشـەوە تیـۆری ئانترۆپۆلۆژی سەرتاپای ئاری و سامی هەڵتەکاندووە.

بـۆ یەکەمـین جـار لە مێـژوودا دەسـتەواژەی سـامی نەژاد[12] بـۆ چەنـد نەتەوەیەک لە سـاڵی ١٧٧٠ی زاییـنی لە لایەن

[12] - سامی_(قوم)/https://fa.wikipedia.org/wiki

ئەندامانی قوتابخانەی مێژوونووسانی گۆتینگنەوە بەکار هات. (Göttingen School of History)، کە سەرچاوەی لە ئەفسانەی داستانی نووخەوە گرتووە. بە پشت بەستن بە تەورات کە باس لە سێ کوڕەکەی نووخ (نووح)، واتە سام، حام و یافث کراوە. ئەو چەمکەش بۆ گرێدانی عیبری، عەرەب و ئاشووری دەکارکراوە. ئەو پۆلێن کردنە ئەگەر بۆ مەبەستی زمانەوانی و نزیکایەتی نێوان زمانەکان بێ، بە ئاسایی وەردەگیرێ و ڕێی تێدەچێ، بەڵام ئەگەر مەبەست یەکرەچەڵەکی بێ، ڕەت دەکرێتەوە.

لە ڕوانگەی دینی ئیبراهیمی و ئەفسانەی سامییەوە هەموو مرۆڤایەتی نەوەی کوڕەکانی نووحن!! کە لە چیای جودی دابەزیوون. ئەم ئەفسانەیە خۆی لەگەڵ خۆیدا ناکۆکە، باشە ئایا تەنیا کوڕەکانی نووخ لە نێو کەشتیەکەدا بوون؟ ئەگەر وابووبێ، دەبێ بگوترێ کە نووخ تەنیا خۆی و کوڕەکانی خۆی دەرباز کردووە. خۆ ئەگەر مرۆڤی دیکەشی تێدا هەبووبێ، بۆچی ئەوان زاوزێیان نەکردووە و نەوەیان نییە؟

جێی ئاماژە پێکردنە کە تا یەکەمین شەڕی جیهان، نەتەوەی کلدان واتە کلدۆ، سریان و ئاشووری لە نێو قەڵەمڕەوی عوسمانلیدا دەژیان، لەو خاکەی کە ئێستا لە جوگرافیادا بە باکووری عێراق، باشووری تورکیا و ڕۆژهەڵاتی سووریا ناسراوە، واتە ڕاستەوخۆ ناو

هەواڵنامەی کتێب

هەناوی نیشتمانی کوردستان دەگرێتەوە. بەو هۆیەشەوە بمانەوێ و نەمانەوێ پێوەندی یەکجار قوڵ لە نێوان نەتەوەی کورد و کلداندا هەیە و نابێ ڕێ بە ڕەگەزپەرست و دوژمنان بدرێ کە ناکۆکی و ململانێ لە نێوانیاندا دروست بکەن.

زۆر جاران وشەی سریان یان سوریان لە جیاتی کلدان یان ئاشوور بەکاردەهێنرێ، بەڵام بە پشت بەستن بە نووسینەکانی ئەدی شێر، دەکرێ بنووسین کە هیچ کاتێک وشەی سریان ئاماژە نەبووە بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو، بەڵکو بۆ پەیڕەوانی دینی عیسا مەسیح دەکارکراوە. چۆن بە پەیڕەوانی دینی موسا پێغەمبەر دەگوترێ یەهودی و چۆن بە پەیڕەوانی دینی محەمەد پێغەمبەر دەگوترێ ئیسلام، بە هەمان شێوەش سریان وەک هاوواتای کریستیان و مەسیحی سوودی لێوەرگیراوە.

مخابن لە دوای تەواوبوونی یەکەمین جەنگی جیهان و بە دنەدانی ئینگلیز و فەرەنسییەکان، کێشە و ململانێ لە هەندێ شوێندا لە نێوان ڕێبەرانی کورد و کلدانەکان ڕوویدا، لە هەمووشیان ناخۆشتر کوژرانی مارشەمعون، ڕێبەری ئایینی نەستووریەکان، لەلایەن پاسەوانانی سمکۆی شکاک بوو.

هەواڵنامەی کتێب

# جێژنی هاوبەش:

# نەورۆز و چارشەمباسۆر و ئاکیتۆ

**نەورۆز** وەکوو جێژنێکی نەتەوەیی پیرۆز دەکرێ. هەموو ساڵێک لە ٢١ی مانگی ئازار، نەتەوەی کورد و زۆربەی نەتەوەکانی دیکەی وەک فارس، بەلوچ، ئازەری، ئەفغانی، تاجیکی و پەشتۆن بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئاهەنگ دەگێڕن، چوونکە بە سەرەتای ساڵی نوێی دادەنێن. سەبارەت بە جەژنی نەورۆز دکتۆر میهردادی بەهار[13] جەخت دەکاتەوە کە بەر لە هەخامەنشیەکان (فارسەکان)، لە نێو دانیشتوانی وڵاتی کۆنی ئێرانزەمین (میدیا)دا باوبووە و هەخامەنشیەکان لەوانەوە وەریانگرتووە. ئەمەش بەڵگەی ئاشکرایە کە پادشاکانی وڵاتی میدیا ڕێورەسمی نەورۆزیان بەڕێوەبردووە. واتە نەورۆز پێشینەی مێژوویی لە ناو کوردستاندا هەیە. لە لایەکی دیکەوە لە نووسراوەکانی پەهلەوی و مانیدا، واتە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەشکانی و ساسانی زۆر بە تێر و تەسەلی باسی جەژنی نەورۆز کراوە. هەروەها باس لەوە کراوە کە ڕۆژێک

[13] - دکتر مهرداد بهار، از اسطوره تا تاریخ. چاپ هفتم، پائی ١٣٧٦ خورشیدی.

پێش جەژنی نەورۆز، خەڵک سەردانی گۆڕی مردوانیان کردووە.
وەک دەزاندرێ کە ڕۆژی سێزدەهەمینی نەورۆز وەک ڕۆژی سێزدەبەدەر ناودێرکراوە و داب و نەریتی ڕەنگاوڕەنگی هەیە، بە درێژایی مێژوو شێوازی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیووە، دەکرێ ئاماژە بەم داب و نەریتانە بکەین: (گرێدانی سەوزە، سەوزە خستنە نێو ئاو، خواردنی کاهوو، لێنانی چێشتی جۆراوجۆر (بەتایبەتی شلەی ڕشتە و یاپراخ)، فڕێدانی 13 بەرد ( لە دەستپێکدا تایبەت بە ناوچە کوردنشینەکان بوو، ئێستا ناوچەکانی دیکەی ئێران و ئەفغانسستانیش پەیرەوی لێدەکەن) ڕاستییەکەی گرێدانی سەوزە زیاتر گەنجان ئەنجامی دەدەن؛ گرێدانی سەوزە واتای گرێدانی ژیان لەگەڵ سرووشت بەرجەستە دەکات، هەتا بەو چەشنە بە بەردەوامی تازە و نوێ بمێننەوە. لە ناوچە کوردنشینەکاندا لە کۆتایی ڕۆژی سێزدەبەدەر هەر کەسە 13 دانە بەرد بەرەو پشتی خۆ فڕێ دەدات، تا بەڵا و کێشە و گرفت دوور بکەوێتەوە، هەروەها لەگەڵ هەر بەردێکدا ئاواتێکی باش بۆ خۆیان دەخوازن.
لەو ڕۆژەدا بەرنامەی شادی بەکۆمەڵ لە شوێنە گشتییەکانی سرووشت بەڕێوەدەبەن، شایی دەگێڕن و هەڵدەپەڕن، ئەمەش بە واتای هەنگاوی سەرەکیی شادی ئەو ڕۆژە لێکدەدرێتەوە.

هەوراناەی کتێب

خـــۆراک و چێشـــتێک کە برپیـــارە لە دەرەوە بخـــورێ، لە مـــاڵەوە لێـــدەنرێ، دواتـــر لەگەڵ خۆیـــان دەیـــبەنە دەرەوە، بـۆیە ئیـدی پێویسـت بەوە ناکـات لەوێ ئـاگر بـکەنەوە، خـۆ ئەگەر پێویســت بە هەڵکردنــی ئــاگریش هەبــوو، دەبــێ دار و چێــوی وشــک یــان ســووتەمەنی تــایبەت لەگەڵ خۆیانــدا بــبەن، نــابێ لــک و چڵــی دار و درەخــت بشــکێنن و ئــاگری پــێ بـکەنەوە. فارسـەکان پێیـانوایە کە بەر لە هـاتنی ئیسـلام یەکەمـــین پاشـــا کە گرنگـــی بە نەورۆز داوە " کـــوورووش" بـــــووە. دوای ئیســــــلامیش "مـــــحەمەد جەلالەدیـــــن مەلەکشاهـــ"ی ســـەلجوقی بـــووە کە گرنگـــی و بـــایەخی بە نەورۆز داوە. فارســـــەکان دەڵـــێن ڕۆژمێـــری ئێســـــتای ئێران(کـــۆچی هەتـــاوی) بە فەرمـــانی ئەو و بە کۆشـــش و لێهـــاتوویی عـــومەری خەییـــام ڕێکخـــراوە، ســـەری ســـاڵ و نەورۆزی تێـــدا دیـــاری کـــراوە، بەڵام مێژوونووســـــان و لێکـــۆڵەرانی شوێنەوارناســـی لە ســـەر ئەوە کـــۆکن کە بەر لە زەردەشـــــتیش، نەورۆز و جەژنـــــی ســـــەری ســـــاڵ هەر هەبـــووە، واتە لانـــی کەم مێـــژووی زیـــاتر لە ســـێ هەزار ســـاڵەی پـــێش زایینـــی هەیە و لە میزۆپۆتامیـــادا پەیـــدا بـــووە. مەلای جەزیـــری لە دیوانەکەیـــدا ئامـــاژە بە جێژنـــی نەورۆز کـــردووە، ئەحـــمەدی خـــانیش لە شـــاکاری مەم و زینـــدا بە نەورۆز دەســـتپێدەکات و بـــاس لە نەورۆز و چـــوونەدەرەوە و گرنگی ئەو ڕۆژە دەکات.

ڕاســـتییەکەی بیـــر و بۆچـــوونی جیـــاواز ســـەبارەت بە سـێزدەبەدەر هەیە. هەنـدێک دەڵـێن: (چـوونکە سـاڵ دوازدە مـانگە، ئیـدی ئەوەشـیان کـردۆتە سـێزدە)، بەڵام پیـاوانی ئـاینی پێیـانوایە (لەم ڕۆژەدا ئـادەم و حەوا لە بەهەشـت دەرکـــراون!!) مخـــابن هەتـــا ئێســـتا بە تەواوی ڕوون نەبـۆتەوە کە بـۆچی ڕۆژی سـێزدەبەدەریان هەڵبـژاردووە و بـۆچی لە مـاڵ دەچـنە دەرێ و ڕوو لە دەشـت و کێـو دەکەن؟ لەوانەیە هەربە ڕێـــکەوت ئەو ڕۆژە دەستنیشـــان کرابێ و دواتر جێی گرتبێ.

جـــگە لە نەتەوەی کـــورد، ژمـــارە ســـێزدە لە لای ژمـارەیەکی زۆر لە کلـدانییەکانیش وەکـوو شـووم چـاوی لێدەکرێ.

لە لایەکـی دیـکەوە ڕۆژی چوارشـەممە سـووری لە زۆر نـاوچەی کوردسـتاندا یـادی دەکـرێتەوە، وەک بـۆنەیەکی کولتـوری پیـرۆز و دێرینـی بـاب وبـاپیران لێـی دەڕوانـرێ، دەگـوترێ کە لە زەمـانی کۆنـدا خەڵکـی ئێـوارەی ڕۆژی سیشـەمەیان بە سـاڵی نـوێ هەژمـار کـردووە، واتە لە بەیـانیەوە تـا نیـوەڕۆ سـاڵی کـۆن و لە نیوەڕۆشـەوە تـا شـەو و ڕۆژانـی دواتـر بە سـاڵی تـازە پێـوانە کـراوە. ڕاسـتییەکەی لای بەشـێکی خەڵکـی ئێریانـا لە نیـوەڕۆی سێشـەمەوە سـاڵی نـوێ دەسـت پێـدەکات، بەڵام ڕۆژی دواتر(چـوار شـەممە) وەک یەکەمـین ڕۆژی سـاڵی نـوێ هەژمـار دەکـرێ. چوارشـەمە سـووری لە زەمـانی زەردەشـتدا

نەبــووە، دەگــوترێ دوای نەمــانی زەردەشــت بــۆ ســوور گـــۆڕدراوە ( ســـوور بەمانـــای جێـــژن و شـــادی). ڕاســـتییەکەی پێغەمـــبەر زەردەشـــت، ڕۆژێـــک پـــێش ســـاڵ گـــۆڕین، یـــادی خـــودای دەکـــردەوە و ســـپاس و ستایشـــی یەزدانـــی دەکـــرد؛ بـــۆ ئەو مەبەســـتەش ئـــاگری دەکـــردەوە. لەو زەمـــانەدا چەنـــد ڕۆژ پـــێش چوارشـــەممە ســـووری و ســـێزدەبەدەر، خێزانەکـــان بـــۆ هـــاتنی ســـاڵی نـــوێ ئامادەکارییـــان دەکـــرد، دوایـــین چوارشـــەممەی ســـاڵ، وەک چوارشـــەممە ســـووری دەســـت پێـــدەکات و مـــاوەی ١٣ ڕۆژبەردەوام دەبێ.

بـــۆ ســـاڵی نـــوێ، دەبـــێ ناومـــاڵ پـــاک و خـــاوێن بکـــرێتەوە و ئەنـــدامانی خێـــزان هەمـــو خۆیـــان پـــاکژ بـــکەنەوە و بەرگـــی نـــوێ لەبەربـــکەن و گـــوڵاو پڕژێنیـــان بـــکەن. دواتـــر ئەنـــدامانی خێـــزان لەســـەر خـــوان و ســـفرەی حەوت ســـین کـــۆدەبنەوە. بێگومـــان چانـــدنی گەنـــم، نـــۆک، نیســـک و مـــاش یەکێـــک لە ســـیما دیـــار و پیرۆزەکـــانی ســـفرەی حەوت ســـینن. هەروەهـــا ســـیر، ســـرکە، ســـنجو، ســـەوزە، ســـماق، ســـێو، ســـکە(دراوی ئاســـن و مـــس) لەســـەر خـــوانەکە دادەنـــرێن. لە هەنـــدێ شـــوێن هـــێلکە و شـــەربەیەک ئـــاو ئامـــادە دەکـــرێ و نارنجێـــک لەســـەر شـــەربە ئـــاوەکە دادەنـــێن، ئینجـــا لەگەل ســـاڵی نـــوێ لێـــــی دەخـــــۆنەوە ، چەرەزات و شـــــیرینی و هەنگـــــوین، هەروەهـــا لە هەنـــدێ شـــوێنی دیـــکەش حەوزی "ماســـی"ش دادەنـــێن کە ماســـی ســـووری تێـــدایە. لەهەمـــووی گرنگتـــر

ئەوەیە کە مۆمێـــک یـــان چـــرایەک لەســـەر خـــوانچەکە دادەنـــێن، چـــوونکە ڕوونـــاکی لە لای زەردەشـــتیەکان پیـــرۆزی خـــۆی هەیە، بێگومـــان ئـــاگریش هەر پیـــرۆزە و وەک چـاوگەی ڕوونـاکی پێـوانە دەکـریٚ. ئێسـتا وا بـاوە کە پەڕتـــووکی پیـــرۆز لەســـەر ســـفرەکە دابنـــریٚ. بـــۆ ئەم مەبەســـتە موســـڵمانان قورئـــانی پیـــرۆز، مەســـیحی ئینجیلـــی پیرۆز و زەردەشتیەکانیش ئاڤێستای پیرۆز دادەنێن.

دیـــارە خـــوان وســـفرەی حەوت ســـین بەم شـــێوەیە وێنـــا دەکـــریٚ: ئـــاو نیشـــانەی ڕۆشـــناییە؛ ســـەوزە نیشـــانەی ژیـــانەوە و ژینـــی نـــوێیە؛ مـــۆم و چـــرا نیشـــانەی تەمەن درێـــژیە؛ ماســـی نیشـــانەی بێـــدراگ(ڕزق) و رۆزەیە؛ نـــان و ســـکەی دراو نیشـــانەی داهـــات و خێـــری زۆرتـــرە؛ هەنگـــوین بـــۆ شـــیرینکردنی ژیـــان و دڵخۆشـــکردنی ئەنـــدامانی بنەمـــاڵەیە؛ ســـنجو بـــۆ دوور کەوتـــنەوە لە ئـــازار و بەفیرۆچـــوونی ڕەنـــج و مانـــدوبونە؛ ســـیر بەو واتـــایەیە کە دەروونـــی مـــرۆڤ لە گـــرژی و هەڵچـــوون بە دوور بکەوێـتەوە؛ هەروەهـا سـەمەنی نیشـانەیە بـۆ دورکەوتـنەوە لە نەخۆشـــی و دەرد و بەڵا؛ دیـــارە "ســـین"ەکانی دیـــکەش هەریەکەیـان بـۆ مەبەسـت و نیازێـک دادەنـرێن. لەیەکەمـین چـــرکە کە ســـاڵ نـــویٚ دەبێـــتەوە، ئەنـــدامانی خێـــزان ئـــاو دەخـــۆنەوە، پاشـــان ســـەیری خۆدیـــک (ئـــاوێنە) دەکەن، هەروەهـا بـۆ پێشـوازی لە سـاڵی نـویٚ خـواردنێکی نایـاب دروســت دەکــریٚ. لە چوارشــەممە ســوورەوە بــۆ مــاوەی

١٣ ڕۆژ ڕوو لە دەشـــت و کێـــو دکەن، بەو شـــێوەیەش سیزدەبەدەر بەڕێ دەکەن.
**چارشـــەمما ســـۆر** جەژنێکـــی دینـــی ئێـــزدییە. هەر ســـاڵ لە یەکەمـــین چوارشـــەممەی مـــانگی نیســـاندا، بە گـــوێرەی ســـاڵنامەی کـــۆن، جەژنە پیـــرۆزە دەکـــرێ، بە لێکـــدانەوەی بیـــر و بـــاوەڕی ئێزدیـــان، هەمـــوو ســـاڵێک خـــوای گەورە فریشـــتەیەک لە حەوت فریشـــتەکەی خـــۆی بـــۆ ســـەر زەوی ڕەوانە دەکـــات، مەبەســـتیش ئەوەیە کە خراپەکـــاری بنبـــڕ بکـــات، باشـــی و چـــاکە بڵاوبکـــاتەوە. لەم جەژنەدا جڤـــاکی ئێزدیـــان هـــێلکە دەکـــولێنن و ڕەنگیـــان دەکەن؛ هـــێلکە نیشـــانەی ئافرانـــدنی گێتیـــیە. بەگـــوێرەی بۆچـــوونی ئێزدیـــان، ئەگەر هـــێلکە نەکولێنـــدرێ، شـــێوەی گێتـــی دروســـت نـــابێ. لە نـــاو هـــێلکەدا شـــێوەی خـــۆر هەیە، ئەویـــش زەردێنەکەیەتـــی. بەیـــانی ڕۆژی جەژن، ئێزدیەکـــان زوو لە خەو هەڵدەســـتن و ڕوو لە هەتـــاو دەکەن، چـــونکە خـــۆر (هەتـــاو) بـــۆ هەمـــوو جیهانیـــان خواپەرســـتی دەکـــات. دواتـــر بەرەو دەشـــت و کێـــو دەڕۆن، گـــوڵی ســـوور دەچـــنن، لەگەڵ قـــالکی هێلکەکـــان بە دەرگەی ماڵەکانیـــانەوە هەڵیاندەواســـن. هەر لەو ڕۆژەدا بـــۆ میوانەکـــان، مەڕێـــک دەکـــوژنەوە و شـــیرناتی دابەش دەکەن. هەروەهـــا وەک دابێکـــی بـــاو، خێزانەکـــان ســـەردانی مەزارگەکـــان دەکەن و ســـەر لە گـــۆڕی مـــردوان دەدەن. لەو ڕۆژەدا نـــابێ کەس کـــار بکـــا، هەروەهـــا لە مـــانگی نیســـاندا نابێ کەس پڕۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدات.

ڕاســتییەکەی لە یەکەمــین چــوار شــەممەی مــانگی نیســاندا، ســاڵی ئیــزدی نــویٚ دەبیٚــتەوە. دیــارە زۆربەی جــاران یەکــی نیســـانی لە ســـاڵنامەی ڕۆمـــی دەکەویٚـــتە چـــوار شـــەممە، ئەوکاتە ساڵی ئێزدی نویٚ دەبێتەوە.

**زەگمــوک** یــان **ئــاکیتۆ** جەژنــی ســاڵی نــوێی بابلیەکــان بــوو، هەمــوو ســاڵێک لە ســەرەتای مــانگی نیســان تــا ١٠ی مانــگ بەردەوام دەبـــوو کە دەکـــاتە یەکەمـــین مـــانگی بەهـــار. لە زەمـــانی فەرمـــانڕەوایەتی بـــابلی نـــویٚ (کلـــدانییەکان)دا هەمــوو ســاڵێک بە شــێوازێکی تــایبەت پێشــوازی لێــدەکرا و بە شـــکۆوە یـــادی دەکـــرایەوە و ئاهەنگیـــان بـــۆ دەگێـــڕا. وشـــەی ئـــاکیتۆ یـــان ئـــاکتیۆم لە وشـــەی ســـۆمەری ئەکیتـــی ســـنونم واتە درویٚـــنەی جـــۆ هـــاتووە. لە هەزارەی دووەمـــی پـــێش زایـــین، جەژنـــوارەی ئـــاکیتۆ لە هەمـــوو شـــار و شـــارۆچکەکاندا بەڕێوەدەچـــوو، هەمیشـــە نـــوێنەری پاشـــای میـــدیا بەشـــدارییان لە جەژنوارەکانـــدا دەکـــرد، هەروەهـــا کاتێـــک کorووشـــی هەخامەنشـــی ئیمپراتـــۆریەتی میـــدی ڕووخانــد و دواتــریش دەســتی بەســەر شــاری بابلــدا گــرت و داگیــری کــرد، بەڵام ڕێــی لە بەڕێوەچــوونی جەژنــوارەی ئـــاکیتۆ نەگـــرت. مێژوونووســـان جەخـــت دەکەنەوە کە جێژنی ئاکیتۆ بۆ زەمانی سۆمەریەکان دەگەڕێتەوە.

دکتـــۆر میهـــردادی بەهـــار[14] پێیـــوایە کە جەژنـــی یەکەمـــی بەهـــار و جەژنـــی یەکەمـــی پـــاییز هـــی ســـۆمەریەکان بـــوون، چـــونکە هەمـــوو جەژنەکـــانی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت و میزۆپۆتامیـــا ڕاســـتەوخۆ لە ژێـــر کـــاریگەری دینەکـــانی ســـۆمەریدا بـــوون. واتە جەژنـــی ئـــاکیتۆ هـــی ســـۆمەریەکان بوو، دواتر ئەکەد و بابلیش پەیڕەوییان لێکرد.
بەگـــوێرەی ســـەرچاوەی ئـــایینی کە هـــی زەمـــانی ســـلوکیەکانە و مـــاوەتەوە، بەڕێـــوەبردنی جەژنـــی 'ئـــاکیتۆ' تۆمـــار کـــراوە و تێیـــدا هـــاتووە: (چـــوارەمین ڕۆژی جەژن ئەفســـانەی بندەهشـــنی دووبـــارە دەکـــرایەوە، هەشـــتەمین ڕۆژ پەیـــکەری مەردۆخ(مەردۆک) لە پەرســـتگەی گەورەی ئێســـاگیلا هەڵـــدەگیرا و بـــۆ جێـــی تـــایبەتی کە لە دەرەوەی شـــاری ئـــازین بـــوو، دەگـــوازرایەوە. لەوێ ئاهەنگیـــان دەگێـــڕا و خۆیـــان شـــاد دەکـــرد، کەچـــی لە یـــازدەمین ڕۆژدا دووبـــارە پەیـــکەری مەردۆخ بـــۆ بابـــل دەگێـــڕدرایەوە. ڕاســـتییەکەی جەژنـــی ئـــاکیتۆ هـــیچ پێوەنـــدی بە دینـــی کریســـتیانەوە نیـــیە، بەڵام ســـوریانییەکان وەک جێژنـــی ســـەری ســـاڵی نـــوێ پێوانەی دەکەن و ئاهەنگی بۆ دەگێڕن.
لێکـــۆڵەرانی ناســـراوی وەک **میهـــرداد بەهـــار** و **کەتـــایۆن مەزداپـــور** ڕیشـــەی جێژنـــی ئـــاکیتۆ بـــۆ داســـتانی گلگـــامیش و خـــــوای عەشـــــتار دەگێـــــڕنەوە. ئەوان پێیـــــانوایە کە

[14] - دکتر مهرداد بهار، از اسطوره تا تاریخ، چاپ هفتم، پائیز ۱۳۷٦، ص۳٤٥

سـﻮمەریەکان ئاکیتۆیـﺎن بە واتـای باشـبوونی کەش و هەوا و هـــاتنی وەرزی بەهـــار دادەنـــا، بەڵام لە ســـەردەمی بابلیەکـان بـۆ ریـش شـاتم (سـەری سـاڵی نـویێ) گـۆڕدرا، هەروەهـــا لە ســـەردەمی ســـۆمەریەکاندا گـــۆڕانی کەش و هەوای پاییزیش بە زگموک ناونرابوو.

واتـــای ئـــاکیتۆ بە زمـــانی ئەکەدی بە چەمکـــی ڕەوش گرێـدراوە، ئەو جەژنە لە بیسـت و یەکەمـی مـانگی ئـازار تـا یەکەمـین ڕۆژی مـانگی نیسـان بەردەوام دەبـوو، بەڵام لە سـاڵنامەی جۆرجیـدا لە ٢٥ی ئـازار تـا ٢ی نیسـان و لە سـاڵنامەی بابلیـدا لە ١٥ی ئـازار تـا ٢١ی مـانگی ئـازار بەردەوام دەبـوو. وێـڕای ئەوانەشـەوە بە گـوێرەی گـۆڕانی ئـاو و هەوا گـۆڕانی بەسـەردا دەهـات و بـاوەڕی ئەفسـانەیی بـرەوی پێـدەدرا. بەگـوێرەی بۆچـوونی **بنیـامین سـامر** دێرینەنـاس و ئوسـتازی زانکـۆی **نییـو وسـترن**، ئەوانە بـاوەڕی سروشـتگەراییە و پێوەنـدی بە دیـنەوە نیـیە. کەچـی مێژوونووسـانی وەک جـی سـمیث و جـۆلی بیدمیـد، مێـژووی ئـاکیتۆ ڕاسـتەوخۆ ڕێوڕەسـمی ئـایینیە و پەیوەنـدی بە خـوای بابلیەکـانوە هەیە. مەراسـیمی دوازدە ڕۆژەی ئـــاکیتۆ بە تەواوی لە پرســـی مەردۆخ (خـــوای داهێنـان و ئافرانـدن)ەوە وەرگیـراوە. بێگومـان مەردۆخ لە کـن بابلیـان و تەنـانەت لای ئاشـووریەکانیش پـایەی بەرز و بڵنـدی هەبـووە. هەر بـۆیە کـاهنی مەزن لە پەرسـتگەی مەردۆخ لە ئێسـاگیلا، هەڵکەوتـوو لە بـاکووری شـاری بابـل

بە نیشانەی ڕاگەیاندنی ساڵی نوێ، بۆ ماوەی یەک هەفتە مەراسیمی پەروەستەبوونی دەستپێدەکرد. هاوزەمان دەبوایە پاشا بەرەو پەرستگەی نەبو (هەڵکەوتوو لە شاری بورسیپا، لە حەڤدە کیلۆمەتری باشووری بابل) بڕوات و ڕێوڕەسمی ئایینی ئەنجام بدات. پاشا شەوێک لەوێ دەمایەوە و لە بەردەم بتی مەردۆخدا کڕنووشی دەبرد و دوعای دەکرد و داوای لێخۆشبوونی دەکرد، لە کاتی کڕنووش بردندا مژدەی هاتنی ساڵی نوێیان پێدەدا.

لە شەشەمین ڕۆژی ئاکیتۆدا بتی نەبو بۆ پەرستگەی نینۆرتا، ئەو جێیەی کە نەبو تێیدا بەسەر دوایین ئەهریمەندا سەرکەوتبوو، دەگوازرایەوە. دواتر سەرجەم بتەکان بۆ بەردەم مەردۆخ بۆ بابل دەبران. لەوێ سیاسەتی ساڵی نوێ ئاشکرا دەکرا. دواتر خواکان بە نێو شاردا دەگێڕدران، خەڵک شاییان دەگێڕا و هەڵدەپەڕین و گۆرانیان دەچڕی. ئەو جەژنوارەیە تا ڕۆژی یازدەی مانگی نیسان درێژەی دەکێشا.

ئەوەی ئاشکرایە کە ساڵی سوریانی لە یەکی نیساندا نوێ دەبێتەوە، هەروەها ساڵی ئێزدییش لە یەکەمین چوارشەمەی مانگی نیسان (کە زۆربەی جاران یەکەمین چوار شەممە لەگەڵ یەکی نیسان هەڵدەکەوێ) نوێ دەبێتەوە. دیارە لە دێریندا ساڵی کوردیش هەر لە یەکی نیساندا نوێ بۆتەوە، بەڵام کاتێک کورووشی هەخامەنشی دەستەڵاتی خۆی سەپاند، ڕۆژی یەکەمی

خـــۆ ئامـــادەکردنی بـــۆ جێژنـــی ســـەری ســـاڵ، واتە ٢١ی مـــانی ئـــازاری وەک یەکەمـــین ڕۆژی ســـاڵی نـــوێ دیـــاری کرد.

ڕاســــــــتییەکەی لە دەیەی پەنجـــــــــای ســــــــەدەی ڕابـــردوو(١٩٥٠)دا، نەتەوەپەرســـتانی ئاشـــووری ســـاڵنامەی ئاشـــووریان دانـــا، هەروەهـــا بە ســـروش وەرگـــرتن لە مەزەنـــدەی ئەوەی کە یەکەمـــین پەرســـتگەی ئاشـــووری لە ٤٧٥٠ی پـــێش زایـــین دامەزراوە، بە گیـــانی ناسیۆنالیســـتی نـــاوی ئەکەدی جەژنـــی بەهـــار، ئـــاکیتۆ زینـــدوو کـــرایەوە. ئامـــانج ئەوە بـــوو کە گیـــانی نەتەوەیـــی زینـــدوو بکـــرێتەوە و بـــۆ وەدەســـتهێنانەوەی مـــافی زەوتکراویـــان تێبکۆشـــن. هەر بـــۆیە ئێســـتا ســـاڵانە ئەم یـــادە دەکـــرێتەوە. جـــاران لە هەنـــدەران ڕێوڕەســـمی جەژنـــی ئـــاکیتۆ یـــان خـــاب نیســـان بەڕێوەدەچـــوو، ئێســـتا لە باشـــوور و ڕۆژئـــاوای کوردستانیشدا ئەم یادە بە شکۆوە بەڕێوەدەچێ.

لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان، بەتـــایبەتیش لە شـــارەکانی ورمـــێ، ســـەلماس، کرمانشـــا، کلـــدانی (نەســـتووری و ئاشـــووری) هەفـــتەیەک پـــێش هـــاتنی جەژنـــی ئـــاکیتۆ، ماڵەکانیـــان پـــاک و تەمیـــز دەکەنەوە.بەبـــۆنەی جەژنـــی ئـــاکیتۆ ئاهەنـــگ دەگێـــڕن. ســـەمای شـــێخانی دەکەن. واتە جەژنـــی ئـــاکیتۆ لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان و ئێـــران هاوشـــێوەی جەژنـــی نەورۆزە، هەم خـــانە تەکـــانی دەکەن، هەمـــیش گەنـــم دەچێـــنن و ســـەردانی گـــۆڕی مردوانیـــان دەکەن. لە

مـــاوەی دوازدە ڕۆژدا بەبـــۆنەی جەژنـــی ئـــاکیتۆ، هاوشـــێوەی جەژنی نەورۆز خۆشی بەردەوام دەبێ.
لێکچـــووی زۆر لەنێـــوان جەژنـــی نەورۆز و جەژنـــی ئـــاکیتۆدا هەیە، ژمـــارەیەک لە لێکـــۆڵەران ئاماژەیـــان بەو وێکچـــوونە کـــردووە. لەم بـــارەیەوە پرۆفیســـۆر **ئـــارتور کریستنســـن**، ڕۆژهەڵاتنـــاس و ئێرانیناســـی ناســـراوی دانمـــارکی لە پەڕتـــــووکی "ئێـــــران لە زەمـــــانی ساســـــانیاندا" نووســـیوویەتی:[15] "نەورۆز جێژنـــی بەهـــارییە و پاشـــماوەی جەژنـــی 'زەگمـــوک'ی بابلیەکـــانە و وەک درێـــژە پێـــدەری ئەو ماوەتەوە"
هەر ســـەبارەت بە پێوەنـــدی نێـــوان نەورۆز و ئـــاکیتۆ. فەرد ئـــاپریم لە بەراوردکـــاری نێـــوان نەورۆز و ئـــاکیتۆدا دەنووســـێ "ڕیشـــەی ئـــاکیتۆ و داســـتانی زوحـــاک، پاشـــای ئاشـــووری پـــێچەوانە دەکـــاتەوە. ڕاســـتییەکەی ڕەگـــی نەورۆز بـــۆ هەزارەی چـــوارەم و پێنجەمـــی پـــێش زایینـــی دەگەڕێـــتەوە، واتە هێشـــتا ئەو هـــۆزانەی بەنـــاوی ئاریـــایی بـــۆ ئێرانزەمین کۆچیان نەکردبوو"
هەر لەو پێوەنـــدەدا دەبـــێ بگـــوترێ: کە یەکەمـــین ڕۆژی ســـاڵی کـــۆچی هەتاوی(ســـاڵی ئێرانـــی) و یەکەمـــین ڕۆژی ســـاڵی کـــوردی بـــۆ ڕیشـــەی هاوبەشـــی نەورۆزی دێـــرین و

---

[15] - کریستنسن، آرتور. ایران در زمان ساسانیان (ترجمه رشید یاسمی)، تهران: مؤسسه انتشارات نگاه، ١٣٨٧.

جەژنـــی ئـــاکیتۆ دەگەڕێـــنەوە. دیرۆکنووســـان دەڵـــێن کە دوای ڕووخـــانی ئیمپراتـــۆری ئاشـــووری، جەژنـــی ئـــاکیتۆ بە نـــاوی (خـــاب نیســـان / ܚܒ ܒܢܝܣܢ) ناســـرا، هەروەهـــا بە گـــوێرەی ســـاڵنامەی گریگـــۆری لە ٢١ی ئـــازارەوە بـــۆ یەکـــی نیســـــان گـــــۆڕا. واتە پێشـــــتر هەردوو جەژنەکە لەیەک ڕۆژدا بـــوونە، هەروەهـــا ڕێوەڕەسمەکانیشـــیان هاوشـــێوەی یەکـــدی بووە.

# کولتووری هاوبەشی کورد و کلدان

ئەوەی بەرچـــاوە کە شـــێوازی جلـــوبەرگی هەردوو نەتەوەی کـــورد و کلـــدانی زۆر لە یەکـــدییەوە نـــزیکن. هەروەهـــا شـــایی و هەڵپەڕکێـــی هەردوو نەتەوە هاوشـــێوەن و هـــاوێر نـــاکرێن. تەنـــانەت ئـــاوازی گـــۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیشـــیان وەکهەڤـــن، تەنیـــا ئەگەر بە وشـــە و ڕستەکان، لە یەکدی جیا بکرێنەوە.

ســـەبارەت بە کولتـــووری هـــاوبەش یـــان پێوەنـــدی و تـــێکەڵاوی نێـــوان کلـــدان و کـــورد، تۆمـــاس چەرمە (Tomas Çerme) نووســـیویەتی[16]: " نەبـــوونی لێکـــۆڵینەوەی پێویســـت و کـــۆمەڵایەتی، ئـــانترۆپۆلۆجی، زمـــانەوانی ومێژوویـــی لەســـەر کلـــدانەکان گرفـــت و سەرلێشـــێواوی دروســـت دەکـــات، بەڵام ئەگەر ســـەیری پێکهـــاتە کولتوورییەکانیـــان بکەیـــن، چەنـــد تـــوخمێکی هاوشـــێوە دەبینـــین، بەتـــایبەتی لەو نـــاوچە کولتووریـــانەی کە ئێزدییەکـــانی تێیـــدا دەژیـــن، لێکچـــوونێکی گرنـــگ لە نێـــوان نەریتەکـــانی ئێـــزدی و کلدانیەکانـــدا هەن، بـــۆ نمـــوونە دەتـــوانین بڵێـــین هەنـــدێک لە ئێزدییەکـــانی نـــاوچەکە بە

[16] -Tomas Çerme, Süryani Halkı, Dil, Kültür Ve Tarihi Üzerine Düşünceler, 2016-05-09. https://hyetert.org/2016/05/09/suryani-halki-dil-kultur-ve-tarihi-uzerine-dusunceler.

تێپەڕبــوونی کــات، بــوونەتە کلــدان؛ بەو شــێوەیە ڕەوشــت و نەریتەکانیــان بــۆ نــاو کڵێســای ســوریانی گواســتۆتەوە. بــۆ نمــوونە، ئەمــڕۆ زمــانی بەشــێک لە کــۆمەڵگەی ســوریانی لە ســوێد، کــوردییە واتە بە کــوردی دەدوێــن. نمــوونەیەکی دیــکە بــازنێکە لە زمــانی کــوردی و لە دینــی ئێزیــدی بە نــاوی 'ســەمبار/ زەمبــار' کە لە پــارچەی حەوت ڕەنــگ پێکهــاتووە، لە کــاتی جەژنــی مەزنــدا لە پــێش جەژنــی ڕۆژهەڵات هەڵگیــراوە، ئەو وێنــانە کە ڕەنگەکــانی خــۆر هەڵدەگرن، هێمــای کولتــووری خــۆرن، لە هەمــان کاتــدا ئەو نەریــتە، نەریتــی شەمســی ئەرمەنــی (منــداڵانی خــۆر، ئارڤۆرتیک)یشــە" ئەمەش خــۆی لە خۆیــدا لێکچــوون و هاوشــێوەیی لە نێــوان کولوتــووری ســوریان و کــورددا خۆیا دەکات.

پێوەنـدی نێـوان کـورد و کلـدان لە ترۆپکـی خۆیـدا بـووە، لەم پێوەنــدەدا نــاوچەی تۆرعەبــدین لە بــاکووری کوردســتان بە نمــوونە هێنــراوەتەوە. ئامــاژە بەوە کــراوە کە ژن بە ژنە لەنێــوان بنەمــاڵە کــورد و کلــدانیەکان وەک نەریتێکــی ئاســایی درێــژەی پێــدراوە. لەلایەکــی دیــکەوە شــێوازی ئــاهەنگی هاوســەرگیری کــورد و کلــدانەکان زۆر لەیەکــدی دەچــن. لەم بــارەیەوە تۆمــاس چەرمە دەنووســێ: " ئــاهەنگی هاوســەرگیری کلــدان و کــورد لە یەک دەچــن و وەک یەکن، لە مۆزیکدا ئەو دوو نەتەوەیە هاوبەشن"

دەکــرێ لێــرەدا هەنــدێک وێــنە بەراورد بکەیــن و دواتــر ڕامانی خۆمان دەربارەیان دەرببڕین.









لەڕێی ئەم وێنانەوە، دەردەکەوێ کە دین ڕێگری لەبەردەم جلوبەرگی هاوشێوە دروست نەکردووە، واتە مرۆڤەکانی لە یەکدی هاوێر نەکردووە، ئەوەتا ئێزدی، موسڵمان و کریستیان جلوبەرگی هاوشێوەیان پۆشیوە.







هەروەهــا ئەگەر ســەیری ئەم وێنــانەش بکەیــن، دیســانەوە دەردەکەوێ لە دەســـــتپێکدا تـــا ئەم دواییـــانەش هـــیچ جیـاوازی لە نێـوان جلـوبەرگی ژنـانی کـورد و کلـدان لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا نەبووە.


کورد


کلدان


مۆزیکی کلدان


مۆزیکی کوردی







جۆرەکانی هەڵپەڕکێ لە نێوان کورد و کلداندا هەم لەیەک دەچن و هاوشێوەن هەمیش کێش و سەروای هۆنراوەکان و ئاوازی گۆرانیەکانیان کتومت وەکوو یەکن. تەنانەت سوود وەرگرتن لە دەهۆڵ و زوڕنا و

شـــێوەی پـــێ بەرزکـــردنەوە و ســـەرچۆپی کێشـــان و ڕەشـــبەڵەک تەواو وەکهەڤـن و هـیچ جیـاوازی لە نێوانیانـدا نییە.




هەمـــوو ئەو وێنـــانەی کە خـــرانەڕوو، پیشـــان دەدەن کە جلـــوبەرگی ژن و پیـــاوی کـــورد لەگەڵ جلـــوبەرگی ژن و پیـــاوی کلـــدان هاوشـــێوەن. هەروەهـــا بە شـــێوەی ناوچەکـــانەوە دەگـــۆڕێ، جلـــوبەرگی کـــورد و کلـــدانیان (ســـوریانیان)ی نـــاوچەی بادینـــان لەیەک دەچـن و ئەوانەی ناوچەی سۆرانیش دیسانەوە هەر لەیەک دەچن.

شـــێوازی بەســـتی مێـــزەر، دەســـرۆک، پشـــتدێن و خشـــڵ و زێڕەکانیشـــیان هەر هاوشـــێوەن. ژنـــی کـــوردی و کلـــدان ئەنگوچکیـــان هەیە و پیـــاوی کـــورد و ســـوریانیش فەقیـــانە (ســـۆرانی)یان هەیە. هەرچەنـــدە بە تێپەڕبـــوونی کـــات، وردە وردە شـــێوازی جلـــوبەرگ نەک لە کوردســـتان، بەڵکـــو لە هەمـــوو جیهانـــدا گـــۆڕانی بەســـەر دادێ و هەوڵ دەدرێ لەگەڵ خواســـت و پێویســـتیەکانی زەمـــان و قۆناغەکـــان بگـــونجێنرێ. ڕاستییەکەیشـــی بـــاری ئـــابووری و پێشـــکەوتنی هـزری مرۆڤـایەتی و ڕامـانی نـوێ کاریگەرییـان

لەســـــەر شـــێوازی جلوبەرگیشـــــدا هەیە. جـــاران ژنـــــانی کوردســـــتان بە کـــورد و ســـــوریانەوە بـــۆ داپۆشـــــینی ئەنـــدامانی جەســـتەیان، جلـی فراوانیـان یـان پـان و پۆڕیـان لەبەر دەکـرد، بەڵام ئێسـتا بەمەبەسـتی سـووککردنی بـاری قورســـی ئـــابووری، پۆشـــینی جلـــوبەرگ بەرەو ســـادەیی و ئاسایی دەڕوات.




بێگومـــان لە ســـەدەی ڕابـــردوودا هـــیچ پیـــاوێکی کـــورد و ســـوریان ســـەریان ڕووت نەدەکـرد، هەموویـان مێـزەر یـان کـــڵاوی درێژیـــان لەســـــەر دەنـــا، بەڵام دوای ڕووخـــانی دەســـتەڵاتی عوســـمانلی و هـــاتنی ئوڕوپییەکـان بـۆ نـاوچەکە، ئیـدی وردە وردە ســـەر ڕووتـــی ڕەوتـــی ئاســـایی وەگـــرت و وەکـــوو مۆدێـــل پێـــڕەوی لێکـــرا، بەتـــایبەتیش مامۆســـتای

فێرگە و کارمەندانی حکومەت هەم سەریان ڕووت کرد و هەمیش چاکەت و پانتۆڵیان لەبەر کرد. مخابن ئێستا تەنیا گوندنشینان جلکی باپیرانیان دەپۆشن، بەڵام لە شارەکاندا لاسایی کردنەوەی جلکی ئورووپایی بە بیانۆی بە




مۆدێلەوە وەک پێشکەوتن لێی دەڕوانرێ، کەچی هێشتا زۆربەی شارنشینەکانێش بۆ جێژن و ئاهەنگەکان جلی ڕەسەن و نەتەوەیی لەبەر دەکەن و جەمەدانی دەبەستن.

کورد و کلدانیەکانی ناوچەی بادینان پشتدێنەکانیان بە شێوەی دێرین دەبەستن، واتە لە پێشەوە گرێی لێدەدەن و گرێ پێچی دەکەن. هەروەها کلدانیانی ناوچەی کۆیە.

جلەوبەرگیان هاوشێوەی کوردانی ئەو دەڤەرەیە، دەکرێ بگوترێ کە کتومت وەک یەکن.




ویڕای ئەوەی کە ئاماژەمان بە کولتوور و داب و نەریتی هاوبەش کرد و ئاشکرامان کە لێکچوون و هاوشێوەیی لە شێوازی لەبەرکردنی جلوبەرگ و هەڵپەڕکێ و گۆرانی، هەروەها لە شێوازی بەستنی پشتدێن و مێزەر و جەمەدانیدا هەیە، بەڵام ئەگەر لە ژێر ڕۆشنایی زانستی ئانترۆپۆلۆژیاوە خوێندنەوە بۆ سیمای کورد و کلدان بکەین، دەبینین کە لووتی هەردووکیان گەورەیە، هەروەها لە قەد و بەژنیشدا هاوشێوەن، هەروەها برۆی



مرۆڤی کورد و کلدان لەیەکدییەوە نزیکن و بواری نێوان لووت و لێوی سەرەوە زۆرە، ئەو ڕوخسارانەش بە تەواوی لە نەتەوەکانی دیکەدا جیایان دەکاتەوە. دەکرێ بگوترێ کە شێوەی لووتی کورد و کلدان بە لای لووتی مرۆڤی سۆمەری دەشکێتەوە.

ئەوەتا لە وێنەی یەکەم مرۆڤێکی کلدان و لە وێنەی دووەم مرۆڤێکی کورد پێشاندراون، ئەگەر سەیری لووتیان دەکەیت، زۆر لەیەکدی دەچن. لووت و چەنگەی هەردووکیان درێژە و بە ئەندازەیەکی زۆر لە لووتی مرۆڤی سۆمەری دەچێ.



هەروەها لەم پەیکەرەدا زۆر بە ڕوونی لووتی مرۆڤی سۆمەری بە گەورەیی و درێژی پێشاندراوە.

لێکۆڵەر و تۆژەران، بەتایبەتی ئەوانەی کار لەسەر سیماناسی دەکەن، ڕاشکاوانە بانگەشەی عەرەب و تورک سەبارەت بە یەکنەژادیان لەگەڵ سۆمەری ڕەت دەکەنەوە.

## نەژادی هاوبەش یان ئاوێتە بوون؟

دەوڵەتــی ئاشــوور یەکجــار بەهێــز و بە توانــا بــوو، بەڵام هەرگیــز نەیتــوانی بــوو کە هەمــوو زێــدی میــدەکان بە تــایبەتی لە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتاندا داگیــر بکــات، بەو هــۆیەوە هەمیشــە خەڵکــی نیشــتمانی میــدیایان بــۆ شــوێنەکانی دیــکە، بەتــایبەتی بــۆ نزیــک دەریــاری ســپی ناوەڕاســت دەگواســتەوە. هەروەهــا خەڵکــی ئــارامی زمانیــان دەهێنــا و لەو شــوێنانەی کە خۆیــان مەبەســتیان بــوو، جێواریــان دەکــردن. لەم بــارەیەوە لە مێــژوودا تۆمــارکراوە، لەو خــاکەی کە ئێســتا بە باشــووری کوردســتان (بــاکووری ڕۆژهەڵاتــی عێراقــی ئێســتا) دەناســرێ و ناوچەکــانی سەرســنووری ئێســتای ئێــران، خەڵکانێــک پەیــدابوون[17] کە بە زمــانی ئــارامی بئــاخڤن کە دواتــر بە زمــانی ســوریانی ناســرا. واتە پێکەوەژیــانی بــاپیرانی کــورد و کلــدان شــێواز و ڕەنگــی دیــکەی بەخــۆیەوە گــرت. پرۆســەی ئــاوێتەبوون بە شێوەیەکی خێراتر و بە کردەوە دەستی پێکرد.

ئەدی شــێر، ســەرۆکی کەشیشــەکانی ســعێردی کلــدانی نووســیویەتی[18]: "لەو شــارانەی ئاشــوور کە لە مێــژوودا نــاوی هــاتووە و دەتــوانین شــوێنەکەی دەستنیشــان بکەیــن،

---

[17] - تاريخ ايران، ن.و.پيگولوسكايا، ترجمه: كريم كشاوەرز، پيام، تهران ١٣٥٣ خ، ص ٥٦.

[18] - ادي شـير، تـاريخ كلـدو و آثـور، المطبعـة الكاثوليكيـة للاباء اليسـوعيين في بيروت سنة ١٩١٢، ص ٥.

قەڵای شـــەرگاتە، کە لە مێـــژووی کلـــدانی مەســـیحیدا نـاوەکەی بە **شـاری کـورد** یـان شـاری قـرد یـان شـاری قـورت هـاتووە" ئەمەش بەڵگەیەکـی دیـکەی پـێکەوە ژیـان و هاونیشـتمانیبوونی کـورد و کلـدان لەسـەردەمی دەسـتەڵاتی ئاشووریەکاندا سەرڕاست دەکاتەوە.

دکتـۆر عـامیر سـولەیمان لە لاپەڕە چـل و سـێی پەڕتـووکی "اللغـــة الاكديـــة (البابليـــة- الآشـــورية) دەڵێ:"گوتیەکـــان کە دانیشـــتوانی چیاکـــان بـــوون و هـــاتن و وڵاتـــی بابلیـــان داگیرکـرد و چەنـدین سـەدە فەرمانڕەوایەتیـان کـرد، تەنیـا نـاوی پاشـاکانیان بە زمـانی خۆیـان مـاوەتەوە، دەنـا ئەوان زمـانی خۆیـان لەبیـر کـرد و زمـانی ئەکەدییـان وەرگـرت، هەروەهـــا کاســـییەکانیش (زێـــد و شـــوێنی ســـەرەکی کاسـیەکان، لوڕسـتانی ئێسـتا بـووە- نووسـەر) کە هـاتن و بابلیـــان داگیرکـــرد و بـــۆ مـــاوەی چـــوار ســـەت ســـاڵ فەرمانڕەوایەتیـان کـرد، ئەوانـیش زمـانی خۆیـان فەرامـۆش کـرد و زمـانی ئەکەدییـان سەرپشـک کـرد، بەڵام هەنـدێک وشەی زمانی کاسی لە نێو زمانی بابلیەکان جێگیر بوو"

ئەم دانپێدانانەی دکتـۆر عـامیر سـولەیمان ئەوە دەگەیەنـێ کە زۆریـــنەی دانیشـــتوانی وڵاتـــی بابـــل کە بە کلـــدانی ناســـراون، نەژادی هاوبەشـیان لەگەڵ ئەکەدیەکانـدا نیـیە، بەڵام زمانی ئەکەدیان وەرگرتووە.

سـەبارەت بە ئـاوێتەبوونی کـورد و کلـدان، نووسـەری بە توانـا سـۆران حەمەڕەش لە لاپەڕە سـێزدەی پەڕتـووکی

کــــورد کێـــیەدا دەنووســـــێ: "یەکێـــک لە مێژوونووســـــە بابلیەکـــــان کە زۆربەی مێـــــژووی نـــــاوچەی بابـــــل و میســـــۆپۆتامیای نووســــــیوە، کە نـــــاوی بێرسۆســــــوس (Bersosus) بــووە و لە ســـەی ســێیەمی پــێش زاییندا ژیــاوە، کاتێـک کە مێـژووی ســەرەتای دروســتبوونی مـرۆڤ و دواتـــر کە مێژوویـــی بابـــل دەگێـــڕێتەوە، ئەو رابـــردوو دەگەڕێنێـــتەوە بـــۆ زیـــاتر لە ســـێ هەزار ســـاڵ پ.ز. ئەو مێژوونووســـە دەڵێـــت کە لەســـەرەتای حـــوکمڕانی بابلـــدا، میـدەکان دەســـتەڵاتدار بـوون و لە کـۆی هەشـتاو شـەش پاشــای ئەو وڵاتە، هەشــتا و چواریــان لە میــدەکان بــوون و تەنهـا دوانیـان کلـدانی بـوون. هەروەهـا بێرسۆسـوس دەڵێـت کە دوای حـــوکمڕانیکردنی ئەو دەســـتەیە دیســـان میـــدەکان بابلیــان گــرتەوە و دەســـتەی دووهەمــی حوکمڕانەکــان میـد بـوون کە هەشـت پاشـایان بـۆ مـاوەی ٢٢٤ سـاڵ گرتبـووە دەست"

هەرچەنــدە کە هەتــا ئێســتا بە ئاشــکرا بــاس لە هــاونەژادی نەتەوەی کـــورد و کلـــدان نەکـــراوە، چـــونکە بیـــردۆزی ئەفســـانەیی ئـــاری و ســـامی وەک مـــۆتەکە بەربینگـــی لە مێژوونووســـان گرتـــووە. ئەو بیـــردۆزە، کلـــدانی لە نێـــو بـــازنەی ســـامیدا جێـــوار کـــردووە و کوردیشـــی لە نێـــو گروپـی ئاریـدا چەقانـدووە. ڕاسـتییەکی حاشـا هەڵنەگـرە کە زمـــانی کـــوردی لە نێـــو گروپـــی ئاریـــدا جێـــوار کـــراوە و زمـانی کلـدانیش وەک ئەنـدامێکی بنەمـاڵەی سـامی پێـوانەی

بـۆ کـراوە، بەڵام دیسانیشـەوە نەژاد و ڕەچەڵەکـی سـامی و ئـاریبوون سـەرتاپای هەڵە و ناڕاسـتە، نەتەوەی کـورد ئـاری نیـیە و خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی نـاڤینە. وێـڕای هەمـوو ئەوانەشـەوە گومـانی تێـدانییە کە ئـاوێتەبوون لە نێـوان هەردوو نەتەوەکەدا هەیە، چ ئەو کلـدانیانەی کە دینـی زەردەشـتیان وەرگرتـووە و دواتـریش لەنێـو بـۆتەی نەتەوەی کـورددا مـاونەتەوە، چ ئەو کـوردانەی کە دینـی کریسـتیانیان وەرگرتـووە و دواتـر لە نێـو بـۆتە نەتەوەی کلدان، سریان و ئاشووریدا ماونەتەوە.

لێـرەدا جـارێکی دیـکە ئامـاژە بە قسـەکانی کەشـیش نینـۆش مەقـدەس نیـا، دەکەیـن کە نووسـیویەتی: " لە لانـکەی شارسـتانێتی ڕۆژهەڵاتـی نـاڤینی گەورەدا کە لە زنجیـرە چیاکـانی زاگرۆسـەوە تـا لێوارەکـانی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت درێـژ دەبـۆوە، نەژادێکـی تـایبەت دەژیـا کە ڕوخسـارەکانی دینـی، فەرهەنگـی و زمـانی هاوبەشـی هەبـوو. هەمـوو نەتەوە و گروپەکـانی ئەو نەژادە، بە زۆرێک لە جۆرەکان، خزم و هاوخوێن بوون"[19]

ئـاری و سـامی وەک یەکڕەچەڵەکـی بەتەواوی ناڕاسـتە، بەڵام ئەگەر بـۆ هـاوخێزانی زمانەکـان پـۆلێن بکـرێ، کارئاسـانی بـۆ تۆژینەوەکـان دەکـات. دێرۆکنـاس و

[19] - کشیش نینوس مقدس نیا، خود آموز زبان آشوری، اول تیر ١٣٨٧ خورشیدی، www.brasheet.com

ڕۆژهەڵاتناســـان لەو بـــاوەڕەدان کە هەبـــوونی پەیوەنـــدی و نزیکـایەتی زمـان لە نێـو گروپێکـدا مەرج نیـیە کە ئەنـدامانی نـــاو هەمـــان گـــروپ، نزیکـــایەتی و پێوەنـــدی یەک نەژادی و یەک ڕەچەڵەکییـــان هەبـــێ. لەم ســـۆنگەیەوە ئامـــاژە بە دەنگـــــی پیتەکـــانی "پ، ژ، گ، ۆ، ێ" دەدەیـــــن، لە نێـــو هەردوو زمـــــانی کـــــوردی و ســـــوریانیدا هەن، بەڵام لە عەرەبیـدا نەبـووە و نیـیە. تەنیـا عەرەبـی سـوریا کە نەژادی ســـوریانی و کوردیـــان هەیە، لە تواناییانـــدا هەیە کە دەنگـــی پیتـــی 'ج' بە 'ژ' دەرببـــڕن، هەروەهـــا میســـریەکانیش کە نەژادی قیبتیـــان هەیە، دەنگـــی پیتـــی 'ج' بـــۆ 'گ' دەگـــۆڕن و دەتـــوانن دەری ببـــڕن. کەچـــی وێـــڕای ئەوانەشـــەوە، ڕۆژانە لەمـــلا و لەولا دەبیســـتین کە هەنـــدێک لە کلـــدانیەکان خۆیـــان بە کـورد دەزانـن و دەڵـێن: چـۆن کـوردی ئێـزدی و کـوردی یارســـــان و کـــــوردی موســـــڵمان هەن، ئـــــێمەش کـــــوردی کریســــــتیانین. هەروەهـــــا مێـــــژوو جەخـــــت دەکـــــاتەوە کە عەشــــــیرەتی بنــــــدیان، پێشــــــتر لەســــــەر دینــــــی کریستیان(مەسـیحی) بـوون، دواتـر دینـی خۆیـان گـۆڕی و ئێســـتاش کـــوردی موســـڵمانن. عەشـــیرەتەکانی مـــزووری و شـێخانی پێشـتر پەیڕەوییـان لە دینـی ئێـزدی دەکـرد، دوایـی کە دینی خۆیان گۆڕی، ئێستا کوردی موسڵمانن.

ســـــاڵی ١٩٨٩ بە دوای تـــــۆژینەوەی لایەنە شــــــاراوەکانی ژیـــان و شۆڕشـــەکەی ســـمکۆی شـــکاک دەگەڕام، باســـی کەســـێکیان بـــۆ کـــردم کە یـــاوەری مـــاڕ شـــەمعون بـــووە و

ئێستا لە گوندی میراوەی شنۆدا دەژی. لەگەڵ برای بەڕێزم کاوە مورشید بۆ گوندی میراوەی شنۆ ڕۆیشتین، لەوێ بە دیداری حاجی مەروان میهەنپەرست شاد بووین. ئەوێ ڕۆژێ تەمەنەی نزیکەی ١٣٧ساڵ دەبوو، لەلای نەوە و نەدیدەکانی خۆی دەژیا. حاجی مەروان گوتی: من بە دین موسڵمان و کورد بووم، بەڵام لە نێو ماڵی مارِ شەمعون (مار بنیامین شمعون)دا دەژیام، کە ڕێبەرێکی ڕۆحی مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵات بوو، زۆر جاران بە ئێمەی دەگوت: ئێمە و ئێوە (واتە کلدان و کورد) یەک ڕەچەڵەکمان هەیە و یەک نەتەوەیین، بەڵام دین لە یەکدی هاوێری کردووین، دەبێ ڕۆژێک بێ یەکبگرینەوە و تورکی داگیرکار لە خاکی باپیرانمان دەربکەین).

دینی دێرینی ڕۆژهەڵاتی ناڤین هی هەموو دانیشتوانی ڕۆژهەڵات بووە. داب و نەریتی هاوبەشیان هەبووە، تەنانەت جێژن و ڕێوڕەسمی هاوبەشیشیان هەبووە و میترایی و ئێزدی بوونە. دواتر بەسەر زەردەشتی، سامری و مانەوی دابەش بوون، دواتر دینەکانی یەهودی و کریستیان و ئیسلام پەیدابوون، ئەوانیش لایەنگر و پێڕەوانی خۆیان پەیدا کرد. بە کورتی ئێستا دینەکانی ئیسلام، مەسیحی، یەهودی، ئێزدی، زەردەشتی، سامری(Samaritanism)، شەبەک(**Shabakism**)، مەندایی، یارسان لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا هەن. بەهۆی جیاوازی دین و بیر و باوەڕ کێشەی گەورە بەسەر دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هاتووە، هەتا ئێستا توندڕۆیی و دەمارگیری هەڕەشە لە پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی ناو سنوورەکان دەکات. دوایین هەڕەشەش داعش بوو کە ئێزدی و کریستیانەکانی کردە ئامانج و بە هەزاران کەسی لێ کوشتن و بازاڕی سەبایە و ئەنفالکردنی زیندوو کردەوە.

ئەوە یەکلایی بۆتەوە کە دین کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نەتەوە و زمانەکاندا هەیە. بە ملیۆنان مرۆڤ دوای ئەوەی دینی ئیسلامیان پەسند کرد، زمانی عەرەبیشیان سەرپشک کرد و پشتیان لە زمانی باپیرانی خۆیان کرد. ئەگەر بەو لێکدانەوەیە بێ، دەکرێ بڵێین لەوانەیە کاتێک دینی زەردەشتی پەیدابووە، زۆرێک کە میدیش نەبوون، واتە کلدانی بوون و دینی زەردەشتیان پەسند کردووە. بەهەمان شێوە زمانی میدیان سەرپشک کردووە. هەروەها کاتێ دینی کریستیان پەیدابووە، زۆرێک کە نەسرانیش نەبوونە، دینەکەیان پەسند کردووە و زمانی ئارامی یان سوریانیان پەسند کردووە. باشترین و بەرچاوترین نموونەش پەیڕەوانی دینی یەهوودیە، هەموویان یەکنەژاد و ڕەچەڵەک نین، ڕەنگەکانی ڕەش و سپی و زەردیان تێدا هەیە، کەچی هەمووشیان خۆیان بە یەهوودی و جولەکە دەزانن. زۆرێک لەو جولەکانە کە هێشتا نەچووبوونە ئیسرائیل

زمـــــانی عیبرییـــــان بە باشـــــی نەدەزانـــــی، بەڵام دوای دامەزرانـــدنی دەوڵەتـــی ئیســـرائیل، لە هەمـــوو کـــونج و قـوژبنێکی جیهـان، مووسـاییەکان ڕوویـان لە ئیسـرائیل کـرد و دواتـر زمـانی دێرینیـان فەرامـۆش کـرد و ئێسـتا بە زمـانی عیبری دەئاخفن.

گومـانی تێـدا نیـیە کە زمـانی دیـن کـاریگەری ڕاسـتەوخۆی لە دروســـتکردنی نەتەوەکـــان و هێشـــتنەوەیاندا هەبـــووە. لەم پێوەنـــدەدا، تۆمـــاس چەرمە [20]ئامـــاژەی بەوە کـــردووە کە لە ســـەدەی شەشـــەمی زایینیـدا، هۆزەکـانی بەنـی لەحـم و بەنـی جـوزام و بەنـی گاسـان کە نزیـک دەریـای سـپی ناوەڕاســـت (لە نـــاو جوگرافیـــای ئێســـتای ســـووریادا دەژیـــان) ســـوریانی نەبـــوون، بەڵام دوای ئەوەی دینـــی کریستیانیان پەسند کرد، ئیدی بوون بە سوریان.

ســـەبارەت بە ڕامـــانی پاشـــای ساســـانی ســـەبارەت بە کریســـــتیانەکان، حســــام مـــــورتەزەوی لە مێـــــژووی مەســـیحەت لە ئێـــران نووســـیویەتی[21]: "لە شـــاری ئێدیســـا (روهـــا / ئورفـــا) فێـــرگەی ئیلاهیـــات هەبـــوو کە مەیلـــی بە نەســـتووریوس پەیـدا کردبـوو، بەو هـۆی ئەو ڕامـانەوە زۆر

[20] - Tomas Çerme, Süryani Halkı, Dil, Kültür Ve Tarihi Üzerine Düşünceler, 2016-05-09.
https://hyetert.org/2016/05/09/suryani-halki-dil-kultur-ve-tarihi-uzerine-dusunceler.

[21] - حسام مرتضوی، تاریخ مسیحیت در ایران،
https://en.calameo.com/read/004475107641822046240

جـاران داخـرا و فێرخوازەکـانی کە هاووڵاتیـانی ساسـانی بـوون، بـۆ زێـدی خۆیـان گەڕانەوە و پلـەی بـاڵای دەوڵەتیـان وەرگـرت. یەکێـک لەوانە نـاوی **بارصـئۆما** بـوو لە دەربـاری فەیـروز شـای ساسـانیدا پۆسـتی بـاڵای وەرگرتبـوو، فێرگەیەکـی لە شـاری نسـێبین دامەزرانـد کە ناوبـانگی لەوەی ئێدیسـا زۆرتـر بـوو. دامەزرانـدنی ئەو فێـرگەیە گەورەتـرین خزمەتـی بە کلێسـاکانی ئێـران (قەڵەمـڕەوی ساسـانی) کـرد، چـوونکە کەشـیش و قەشـەکان بـۆ خـزمەت و مژدەپێـدان بە سەرتاسـەری وڵات دەگەڕان و دینـی کریسـتانیان بـڵاو دەکـردەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ پێشـدەکەوتن. لە کۆتـایی سـەدەی پێنجەمـی زایینـی کریسـتیان لە کوردسـتان و سـەرزەمینی ئێـران پێشـکەوتنی بەرچـاوی بە خـۆیەوە بینـی. کـارێکی دیـکەی بارصـئوما ئەوە بـوو کە بە مـۆڵەتی پاشـا بە هـاوڕێیەتی هێـزی نیزامـی سـەری لە کلێسـا جۆراوجۆرەکـان دەدا و هـانی دەدان تـا ڕێنوێنیەکانی نەستوریوس پەسند بکەن"

دیـارە ئەو هەنگـاوەی فەیـرۆز پاشـا هانـدەرێکی بـاش بـووە تـا کـورد و نەتەوەکـانی دیـکە ڕوو لە دینـی کریسـتیان بـکەن، بێگومـان هەمـوو ئەوانەی کە باوەڕیـان بە عیسـا پێغەمـبەر و دیـنەکەی دەهێنـا، سـەرەنجام وەکـوو سـوریان ناسران.

مارکۆ پۆلۆ لە ساڵی ١٢٧٠ز، سەردانی ڕۆژهەڵاتی کردوە و سەبارەت بە موسڵ نووسیویەتی[22]: "لە ناوچە شاخاویەکانی ئەم میرنشینەدا نەتەوەیەک بە ناوی کورد دەژین، هەندێکیان مەسیحی نەستۆری و یەعقوبین و هەندێک دیکەیان موسڵمانن، کوردەکان شەڕکەر و ئازان، هەندێک جاران ڕێ لە کاروانی بازرگانەکان دەگرن و ڕووتیان دەکەن".

لەو سۆنگەیەوە، دەنووسین: ئەگەر دینی کریستیان نەبوایە، ئێستا کلدان، سریان و ئاشووری لەیەکدی هاوێر دەبوون و زمانێکی یەکگرتوویان نەدەبوو، ئەوەتا ئێستاش بە هۆی پەرش و بڵاوی و دووری نێوانیان زاراوە و بنزاراوەی یەکجار زۆریان هەیە. بۆ نموونە بنزاراوەی سوریانیەکانی ورمێ بە ئورمژنایا(ئورمژیانا) و بنزاراوەی سوریانیانی سەلماس بە سالامس (سەلمسنایا) دەناسرێ، هەروەها بنزاراوەکانی خەڵکی عینکاوە، شەقڵاوە، هەرۆمەتە و قەرەقووش جیاوازییان لەگەڵ یەکدی هەیە.

---

22 - مارکۆ پولو، سفرهای مارکوپولو، ترجمه: رامین گلبانگ، انتشارات کوشش، تهران، چاپ اول، زمستان ١٣٦٣، ص ١١٦.

## ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووسان چی دەڵێن؟

ڕۆژهەڵاتنــاس و مێژوونووســـان، زۆر شــتیان ســـەبارەت بە هەردوو نەتەوەی کـــورد و کلـــدان نووســـیوە، هەروەهـــا پســـــپۆڕانی سیماناســـــی و ئـــــانترۆپۆلۆژی، واتە ئەوانەی بەراوردی نێـــوان ئەنـــدامانی جەســـتەی مرۆڤەکـــان دەکەن، لێکۆڵینەوەیـــان کـــردوە و ڕای خۆیـــان دیـــارکردوە. لێـــرەدا ئاماژە بە بۆچوونی هەندێک لەوانە دەکەین.

**ویلهـــــێلم گێزنیـــــوس** (Wilhelm Gesenius) ڕۆژهەڵاتناســـی ئەڵمـــانی و مامۆســـتای زانکـــۆ کە لە ســـاڵانی ١٧٨٦ تـــا ١٨٤٢ ژیـــاوە دەڵـــێ: کـــورد و کلـــدانی یەک نەژادن.

هەروەهـــا **فریـــدریش هێلوالـــد زێتســـتی** نەمســـایی (von Hellwald setzt)[23] دەڵـــێ: (بەبـــێ شـــرۆڤە کـــورد و کلـــدان یەکن).

**ویلیـــام کێنێـــت لۆفتـــوس** (William Kennett Loftus) ئەرکۆلـــــۆژی و شوێنەوارناســـــی بەریتانیـــــا کە لە نێـــــوان ســـاڵانی ((1858 تـــا 1820) کە ســـاڵی ١٨٤٩ پشـــکنینی بـــۆ شـــاری ئـــوروکی ســـۆمەری کـــردوە، لەو بـــاوەڕەدابووە کە

[23] - Sores Welat Demir, Auf Der Suche Nach Spuren Der Heimatliebe / In Search Of Traces Of Homeland. Jan 2001 SWD Group.

کـــورد و کلـــدانیەکان شـــانازی بە هـــاونەژادی خۆیـــانەوە دەکەن[24].

دکتـــۆر مـــحەمەد ڕەشـــید ئەلفیـــل وتەیەکـــی **ویلیـــام ڕیـــپلەی** هێنـــــــاوەتەوە کە گوتـــــــوویەتی: " کوردەکـــــــان نەوەی کلدانییەکانن They are the descendants of the "chaldeans

هەروەهـــا **ســـیدنی نێتلـــۆتن فیشـــەر** کە مێژوونووســـێکی نـــاوداری ئەمریکـــایە، ســـەبارەت بە کـــورد نووســـیویەتی[25]: "لایەنـــــی کەم لە ٢٤٠٠ پ.زاییـنـــــیەوە، کوردەکـــــان لەم خـــاکەی ئێســـتایاندا دەژیـــن، کوردەکـــان لە کـــۆمەڵە گروپـــی دەریـــای ســـپی ناوەڕاســـت و تێکەڵاویەکـــی زۆریـــان لەگەڵ ئەرمەکاندا هەیە"

**هێنـــری فیلـــد**، کە مامۆســـتای زانســـتی مرۆڤناســـی بـــوو، ســـاڵی ١٩٠٢ لە دایـــک بـــووە و ســـاڵی ١٩٨٦ کـــۆچی دوایـــی کـــردوە، لێکـــۆڵینەوەیەکی مەیـــدانی سیماناســـی و مرۆڤناســـی لە عێـــراق، لەســـەر کـــورد، عەرەب، تورکمـــان، یەهـــودی و ســـائیبەکان ئەنجـــام داوە، ســـەبارەت بە لێکچـــوونی کـــورد و مەســـیحیەکان دەڵـــێ[26]: ڕێـــژەی ســـەری کـــورد نزیکـــایەتی

[24] - William K. Loftus: *Travels in Chaldea and Susiana*. Robert Carter & Brothers, New York 1857.

[25] - Sydney Nettleton Fisher,The Middle East: A History, 1959

[26] - Henry Field, The anthropology of Iraq, Chicago 1940.

یەکجـــار زۆری لەگەڵ ڕێـــژەی ســـەری مەســـیحیەکانی عێراق هەیە"
ویلیـــام.ز. ریـــپلەی کە سۆســـیۆلۆژیکی نـــاودارە، لە بەشـــی چـــواردەهەمین پەڕتووکەکەیـــدا نووســـیویەتی: (کـــورد و کلـــدان یەکســـانن بە یەک)[27] هەروەهـــا پێیـــوایە کە مرۆڤـــی کەنـــاراوی دەریـــای ســـپی ناوەڕاســـت (میـــدیترانە) تـــا دەگـــاتە ئەو خەڵـــکەی کە لە هەرێمەکـــانی ڕۆژئـــاوا و باشـــووری ئێـــران دەژیـــن و باڵادەســـتن، لە مـــرۆڤە دێرینەکـــانی جیهـــانن و یەک نەژادن.
مەســـــعودی لە لاپەڕە ١٢٢ی بەشـــــی دووەمـــــی (مـــــروج الـــذهب) دا ڕاشـــکاوانە دەڵـــێ کە کـــورد پشـــتیان لە زمـــانی خۆیـــان کـــردوە و زمـــانی دیترانیـــان وەرگرتـــوە، بەڵام ئەم بۆچـــــوونەی مەســـــعودی ڕەت دەکـــــرێتەوە چـــــوونکە ســـــەرچاوەی لە ڕەگەزپەرســـــتی نەتەوەیـــــی گرتـــــووە و بانگەشـــەی ئەوە دەکـــات کە کـــورد لە بنەڕەتـــدا لە نەژادی عەرەبن.
هەنـدێک دەپرســـن و دەڵـێن: چـۆن دەبـێ زمـانی کـوردی لە بنەمـــاڵەی هینـــد و ئـــوروپی بـــێ و لەگەڵ کلدانییەکانیشـــدا هـــاونەژادبن، لەکاتێکـــدا ئەو زمـــانەی کە کلـــدانییەکان قســـەی پێ دەکەن لە نێو بنەماڵەی سامی دایە؟

---

27 - William Z. Ripley, The Races of Europé, printed in Great Britain by butler and Tanner Ltd., Frome and London, 1899.

ڕاســـتییەکەی ئەگەر بە گــوێرەی تیــۆری زمـــانی ئـــاری و سـامی لە ڕاسـتییەکان بـڕوانین، زۆر بـێ واتـا دێـتە بەرچـاو، بەڵام ئایـــا تـــۆژەران ئەو ڕاســـتیانە نـــابینن کە پێشـــتر ئاماژەمـــــان پێکـــــردن، لە تێکەڵاوبـــوون و پێکەوەژیـــان، کولتــوور و جلـوبەرگی هـاوبەش تـا دەگـاتە دەیـان وشـەی هـاوبەش. ئایـا وشـە هاوبەشـەکانی نێـوان زمـانی کـوردی و سـوریانی زۆرتـرن یـان وشـە هاوبەشـەکانی نێـوان زمـانی کوردی و زمانی سوێدی یان زمانی ئەڵمانی؟

ڕاسـتییەکی مێـژووییە کە زمـانی دیـن و زمـانی فەرمـانڕەوا کــاریگەری یەکجــار زۆریــان لەســەر تــاک و دەســتە و نەتەوەکانــدا هەیە. بــۆ نمـــوونە باڵادەســـتبوونی زمـــانی ئــارامی لە وڵاتــی کلــدانەکان و دواتــریش سەرپشــککردنی دینـی کریسـتیان، واتە زمـانی سـوریانی، بـێ چەنـد و چـۆن کــاریگەری خــۆی هەبــووە، ئەوانەی چــوونەتە ســەر دینــی مەسـیحی، ئیـدی بە ویسـتی خۆیـانەوە زمـانی سـوریانیان هەڵبــژاردووە، یـــان بە خشـــکەیی زمـــانی ســـوریانی جێـــی زمــانی دایکــی گرتــۆتەوە. نەتەوەکــانی بــاکووری ئەفریقیــا بەهــۆی ئیســـلامبوونیانەوە هەم دینـــی پێشـــوویان گـــۆڕی و هەمـــیش زمــــانی عەرەبیـــان سەرپشـــک کـــرد. هەروەهـــا خەڵکــی ســـکۆتلەندی و ئیرلەنـــدا بە بەهـــۆی داگیرکـــاری و دەســتەڵاتی ئینگلیزەکــانەوە زمــانی دایکــی خۆیــان فەرامــۆش کرد و زمانی ئینگلیزیان سەرپشکر کرد.

پــوختەی ڕامــانی مینۆرســکی ســەبارەت بە کــورد ئەوەیە کە کـــورد لە ڕەســـــەنی ئـــارییە، بەڵام لەگەڵ نەتەوە و نەژادی دیــکە تێکەڵاوبــوونە، واتە کــورد تــێکەڵاوەیەکە لە تیــرەی جۆراوجۆری گەڕۆک، لە یەکنەژاد و یەک خوێن نین[28].

دکتـــــۆر مــــــحەمەد ڕەشــــــید ئەلفیـــــل لە لاپەڕە ١٥ی پەڕتـــووکەکەی خۆیــدا دەنووســـێ: (کوردەکـــان ئـــاری و گــورجی نــین، بەڵکــو نەتەوەیەک لە نەتەوەکــانی کەنــاراوی دەریــای ســپی ناوەڕاســتن، بــۆ کێوەکــان کۆچیــان کــردوە، ســیما و بەژن و باڵایــان واتــای چیانیشــینی نــادا، بەڵکــو لە دەشتەوە بەرەو شاخ ڕۆیشتوون)

لێکــۆڵینەوە و تــۆژینەوەی ئــانترۆپۆلۆژی بــایەخ بە زمــان و دیـــن و فەرهەنـــگ نـــادات، چـــونکە دەکـــرێ کەســـێک لە نەژادێکــی دیــاریکراو بــێ و دایــک و بــاوکی پەیــڕەوی لە دینێکــی دیــاریکراو بــکەن، بەڵام ئەو دینــی خــۆی بگــۆڕێ یـان کـۆچ بکـات بـۆ وڵاتێکـی دیـکە و زمـانی خـۆی بگـۆڕێ. بێگومـــان لە ڕابـــردوودا هەبـــووە و ئێســـتاش بەردەوامە. لە چـــل ســـاڵی ڕابـــردوودا، دەیـــان هەزار کـــورد ڕوویـــان لە ئەوڕوپــا و هەنــدەران کــرد، بێگومــان منــداڵی ئەوانە ئەگەر زمــانی کوردیشــیان لەبیــر بمێنــێ، بەڵام نەوەکانیــان پشــت لە زمـــانی کـــوردی دەکەن و زمـــانی ئەو وڵاتە سەرپشـــک

[28] - دکتـور محمـد فتحـي الشـاعر، الاكـراد فـي عهـد عمادالـدين زنكـي، جامعـة المنوفية، دار العاريف ١٩٩١، ص٦.

دەکەن کە تێیدا دەژین. لەوانەیە سێ برای یەک دایک و باوک لەسێ وڵاتی جیاواز جێوار بن، دواتر نەوەی ئەو برایانە دەبن بە ئەندامی سێ نەتەوەی جیاواز.
بۆچوون و لێکدانەوەی هەموو ڕۆژهەڵاتناس، مێژووناس و سیماناسەکان سەبارەت بە کورد ڕاستن، وێڕای ئەوەی هەندێک دەڵێن لە گروپی نەتەوەکانی کەناراوی دەریای میدیترانە و هەندیکی دیکە دەڵێن لە نەژادی ئاری و زۆرینەش دەڵێن لە میدیەکانن، چوونکە نەتەوەی کورد تێکەڵاوەیەکە لە نەتەوە دێرینەکانی میزۆپۆتامیا و زاگرۆس و قەفقاس، دواتر گروپەکانی دیکەی وەک کیمیری و سکای و سکیتیەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی میدیادا هاتوون و لە نێویدا تواونەتەوە.
دکتۆر محەمەد ڕەشید ئەلفیل لە لاپەڕە ٥٠ی پەڕتووکەی خۆیدا سەبارەت بە دینی مەسیحی لە کوردستان دەنووسێ: "لە سەدەی پێنجەمی زایینی، دینی مەسیحی لە کوردستان پەیدابوو، کلێسا و دێری تایبەت بەخۆیان هەبوو، هەتا ئێستاش لە هەندێ قەزا و ناحیەی پارێزگای موسڵ و سلێمانیدا کوردانی مەسیحی هەن"
لە ئینسیکلۆپێدیای جوولەکەدا هاتووە[29]: " لەوانەیە زێدی ڕەسەنی کلدانیەکان ئەو شوێنە بووبێ کە ئێستا بە نیوەدوورگەی عەرەبی دەناسرێ، لە کاتێکی نادیار و بە

29 - - https://www.jewishencyclopedia.com/articles/4213-chaldea#anchor2

هۆکـاری نادیـارەوە بـۆ سـەر زەمینـی وشـکی دەریـای کە ئێسـتا بە کەنـداوی فارسـی ناسـراوە، کۆچیـان کردبـێ. وا پێـدەچی کە لەگەڵ دەرکەوتنـی ئـارامی و سـوتویەکان لە بابـل هاوزەمـان بـووبێ. هەرچەنـدە دەگـوترێ کە ئەوانـیش لە نەژادی سـامی بـوون، بەڵام جیاوازییـان لەگەڵ ئارامییەکانـدا هەبـوو. سـین ئەح ئیریبـا (سـەنحاریب) پاشـای ئاشـووری لە نووسـراوەکانی خۆیـدا ئاشـکرای کـردوە، کاتێـک ئەوان دەسـتیان بەسـەر هەمـوو زەویەکانـدا گـرت و بـوون بە خـاوەنی هەمـوو زەویەکـان، ئیـدی ناوەکەیـان لەگەڵ بابـل هاوواتـابوو، هەرچەنـدە کە داگیرکـاریش بـوون، بەڵام بە خێرایـی لە نێـو فەرهەنگـی بابلیدا توانەوە"

هەر لە کـۆنەوە، وشـەکانی کلـدۆ و گـوردۆ دوو وشـەبوون و بـۆ نـاوی دوو نەتەوەی نێـو یەک نیشـتمان جێـی قسەوباس و لێکدانەوە بووە.

ڕاسـتییەکەی، وشـەی 'کەلـدۆ' یـان 'کلـدان' لە مێـژوودا تۆمـار کـراوە و بە زمـانی ئەکەدی گـوتراوە مـات کەلـدو (Kaldu māt)، هەروەهـا ئاشـوورییەکانیش بە کلـدانیەکانیان گوتـووە 'بێـت کەلـدۆ'، بە کوردەکانیشـیان گوتـووە 'بێـت گـۆردۆ'، 'بێـت قـوردۆ' یـان 'بێـت قـوردایێ'. ئەدی شـێر سـەبارەت بە نـاوی شـەڕگات، نووسـیویەتی: یەکێـک لەو شـارانەی ئاشـوور کە لە مێـژوودا نـاوی هـاتووە و لە دیرۆکـی کلـدانی نەسـرانیدا نـاوەکەی بە

**شـــاری کـــورد**، شـــاری قـــرد و شـــاری قـــورت هـــاتووە کە ئێستا بە قەڵای شەڕگات ناسراوە"

لێـــرەدا خۆیـــا دەبـــێ کە لەمێـــژوودا، لە نێـــو خـــاکی میزۆپۆتامیـــادا ئامـــاژە بە هەردوو نـــاوی کلدۆ(کلـــدان) و گوردۆ(کـــورد) کـــراوە. هەنـــدێک پێیـــانوایە کە **کلـــدۆ** یـــان **کلـدان** واتـــای چینـــی بازرگـــان دەدات و **گـــورد** یـــان **گـــوردۆ** واتـــای بـــوێر و ئـــازا دەگەیەنـــێ و بنەمـــاڵەی جەنگاوەرەکـــانی گرتۆتەوە.

لە ڕوانـــگەی ڕاســـتی مێژوویـــی و ئانترۆپۆلۆژیـــدا، دەبـــێ بگـوترێ کە ئێسـتا هـیچ نەتەوەیەکـی سـەر گـۆی زەوی نییە کە لە نەوەی یەک نەژاد و یەک خـــوێن مـــابێتەوە، هەمـــوو نەتەوەکـــان کەم تـــا زۆر لەگەڵ نەژاد و نەتەوەی دیـــکەدا ئـــــاوێتەبوونە، واتە پێکهـــــاتەی و تـــــێکەڵەی نەژادی جۆراوجۆرن.

# بیانۆی دینی بۆ ڕاونان و قڕکردن

بێگومـــان زۆر جـــاران فەرمانڕەوایـــان دینیـــان کـــردووە بە بیـانۆ بـۆ کوشـتاری دیتـران. نەتەوەی کلـدان لەو پرۆسـەیە بەدەر نەبـــووە، بەو هـــۆیەوە چەنـــدین جـار وەبەر شـــاڵاو کەوتـــوون و هەوڵـــی قڕکردنیـــان دراوە. لەو پێوەنـــدەدا بـــۆ زۆر دوور نـــاڕۆین، لە ســـەردەی هەژدەی زاییـــنی کاتێـــک ســـوریانەکان داوای ســـەربەخۆیی خۆیـــان کـــرد و ئامـــادە نەبـــوون ســـەرانە بە میـــری بەدرخانییەکـــان بـــدەن، میـــر بەدرخـــان بە دنەدانـــی ســـوڵتانی عوســـمانلی و بە پشـــتیوانی نـــوروڵڵا بەگـــی میـــری هەکـــار هێرشـــی کـــردە ســـەر ســـوریانەکان، دەگـــوترێ لەو هێرشـــەدا نـــزیکەی دە هەزار کەس کـــوژران، ژن و منـــداڵ بە دیـــل گیـــران و بـــردران. ئەمەش بیـانۆیەکی بـاش بـوو تـا عوسـمانلیەکان دەسـت لە کاروبـــاری نـــاوەخۆی میرنشـــینی بەدرخـــان وەربـــدەن و دواتـــر میرنشـــینەکە لەنـــاو بـــبەن. لەو نێوەنـــدەدا گـــورزی کـــاریگەر بە هەردوو نەتەوەی ســـوریان و کـــورد کەوت. لەلایەکـی دیـکەوە جینۆسـایدی سـوریانەکان ܩܛܠܥܡܐ ܕܐܬܘܪ̈ܝܐ لەلایەن عوســـمانلیەکانەوە بەرنـــامەڕێژی بـــۆ کرابـــوو، لە ســـەرەتای یەکەمـــین شـــەڕی جیهـــان، بە دەســـتووری ســـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم، جینۆســـایدی غەیـــرە موســـڵمان، واتە ئەرمەنـــی، ئێـــزدی، یۆنـــانی و ســوریانی دەســتی پێکــرد، لەو هێرشــەدا کەســانی لاشــەڕی

سوریانی لە هەکاری، تورعەبدین. سعێرد و ورمێ و لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی دیکەدا خوێنیان ڕژێنرا، کە بۆ ماوەی ساڵەکانی ١٩١٤ تا ١٩١٥ بەردەوام بوو. وەک دەگوترێ هۆزە عەرەبییەکان، هەرچەندە کە سەربازی سوپای عوسمانلیش نەبوون، بەڵام بەشدارییان لە کوشتاری مەسیحیەکاندا کرد، هەروەها کوردانی ناو سوارەی حەمیدیەش لە کوشتاری ئەرمەنیەکاندا بەشدارییان کرد. بە گوێرەی سەرچاوەکان لەو هەڵمەتەدا نزیکەی سێ سەت هەزار سوریانی و دوو سەت هەزار ئێزدی کوژراون. تەنانەت دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش کوشتنی سوریانیەکان هەر بەردەوام بووە، ئەوەتا لە حەوتی مانگی ئابی ١٩٣٣ کوشتاری سمێل دژ بە سوریانیەکان بەڕێوەچوو، کە تێیدا هەزاران کەس بە خت و خۆڕایی تێچوون و کوژران. هەروەها لە ١٦-٩-١٩٦٩ هێزێکی سوپای عێراق بە فەرماندەیی ملازم عەبدولکەریم جەحێشی هێرشیان کردە سەر گوندی سۆریا (صۆریا) لە نزیک زاخۆ، بە بیانۆی ئەوەی کە خەڵکی گوندەکە مینێکیان لە سەر ڕێ داناوەتەوە و لە ژێر زیلێکی سەربازی تەقیوەتەوە، ئەو هێزەی سوپای عێراق دەستیان لە ژن و منداڵ نەپاراست، بەو هۆیەوە ٣٨ کەس کوژران و ٢٢ کەسی دیکەش بریندار بوون.

مێـژوو گەواهــی دەدات کە هەمیشــە داگیرکـار بـۆ مـانەوەی خـۆی، هەوڵـی تـوانەوەی نەتەوەی ژێـر دەسـتی خـۆی داوە و تـا بـۆی کرابـێ ڕەشـەکوژی درێـژە پێـداوە، لەهەنگـاوی یەکەمــدا هەوڵــی داوە دیــن و زمــانی خــۆی بســەپێنێ و شــوێنەواری دێــرین بســـڕێتەوە. ئەو داگیرکـــارانەی ئەو کارەیـان نەکردبـێ، لە دوایـین وێسـتگەدا، ناچـار بـوونە کە نیشــتمانە داگیرکــراوەکە جێبهــێڵن و بــڕۆن. بــۆ نمــوونە کاتێـک عەرەب لە پەنـای دینـی ئیسـلامەوە هـات، هەوڵـی سـەپاندنی دیـن و زمـانی خـۆی دا، بـۆیە تـوانی خـاکی نەتەوەکـانی دیـکە داگیربکـات، نەتەوەکـان بتـوێنێتەوە و بمێنێــتەوە. هەروەهــا ســەرەتا کە تــورک هێــرش و پەلامارەکـانی بـۆ سـەر ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەسـتپێکرد، سـەرکەوتوو نەبــوو، بــۆیە بە ناچــاری موســڵمانبوونی خۆیــان ڕاگەیانــد، بەو هــۆیەوە بــارگە و بنەیــان لە ڕۆژهەڵاتـی نـاڤین داکوتـا. چـوار سـەت سـاڵ دواتـر ئینجـا هەوڵیانـدا کە زمـانی خۆیـان بە سـەر کـورد و نەتەوەکـانی دیکەدا بسەپێنن.

هەردوو نەتەوەی کلــدان و کــورد دوو کۆســپی گەورەی بەردەم پــاوانخوازی و فراوانخــوازی تــورک بــوون، یەکەم واتە کلـدان لە بەرانـبەر هێرشـەکانی عەرەبـدا پارێزگـاریی لە دینـی خـۆی کردبـوو، بەشـێکی زۆری دووەمیشـیان واتە کـورد دینـی دێرینیـان وەلانـابوو، دینـی ئیسـلامیان پەسـند کردبـوو، بەڵام پارێزگارییـان لە زمـانی خۆیانـدا کردبـوو،

بـــۆیە کـــار بـــۆ ســـڕینەوە و قڕکردنـــی ئەو دوو نەتەوەیە دەکـــرا. بەو هـــۆیەوە لە هەنگـــاوی یەکەمـــدا هەوڵـــی قڕکردنـــی غەیـــرە موســـڵمان درا، ئەرمەن، کلـــدان و کـــوردانی ئێـــزدی کـرانە ئامـانج و خوێنیـان حەڵاڵ کـرا، تـا ڕادەیەکـی زۆر لەو هەنگاوەیانـــدا ســـەرکەوتوو بـــوون، لە هەنگـــاوی دووەمـــدا زمـــانی کوردیـــان قەدەغە کـــرد و نکۆڵیـــان لە هەبـــوونی نەتەوەی کـــورد کـــرد، بەڵام بەو شـــێوەیەی کە داڕێژرابـــوو، بۆیـــان بەڕێوەنەچـــوو، نەیـــانتوانی زمـــانی کـــوردی وێـــران بـکەن و کـورد بتـوێننەوە. هەر بـۆیە ئێسـتا کێشـەی کـورد لە نێـــو ســـنووری تورکیـــادا وەک کێشـــەیەکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بێچارەسەر ماوەتەوە.

## خەباتی هاوبەش دژ بە داگیرکاری

هەر کـــاتێ نیشـــتمانی هاوبەشـــی کـــورد و کلـــدان داگیرکرابـــێ، هەردوو نەتەوەکە لە پێنـــاو ئـــازادی و ڕزگاریـــدا هاوشـــانی یەکـدی تێکۆشـاون، لەم ڕێیەشـدا بە هەزاران مرۆڤـی کـورد و کلـدان گیـانی خۆیـان پێشـکەش بە ئازادی خەڵک و ڕزگاریی نیشتمان کردووە.

گومـانی تێـدانییە کە هـاتنی عەرەبـی ئیسـلام گـورزێکی گەورەی لە هەردوو نەتەوە دا، بەشـــێکی زۆری کـــورد و کلـدان بەهـۆی گـۆڕینی دینەکەیـانەوە لە بـۆتەی نەتەوەی عەرەبـدا تـوانەوە و ناسـنامەی عەرەبیـان هەڵگـرت. بەو هۆیەشـەوە ژمـارەی کـورد و کلـدان لە زێـد و نیشـتمانی خۆیاندا لە کورتی دا.

ڕاستییەکەیشـــی لە زەمـــانی دەســـتەڵاتی عوســـمانلیەکان، دیسـانەوە هەر لە خـۆراوە بیـانۆ بە ئەرمەنـی، سـوریانی و ئێـزدی دەگیـرا و فەرمـانی قرکردنیـان دەردەچـوو، سـوپای عوســـمانلی ئەو فەرمـــانەی جێبەجـــێ دەکـــرد و ڕەشەکوژیان دژ بەوانە درێژە پێدەدا.

لە دوای یەکەمـین جەنگـی جیهـان و ڕووخانـدنی دەوڵەتـی عوسـمانلی، هەردوو نەتەوەی کـورد و کلـدان لە پێکهێنـانی دەوڵەتـی سـەربەخۆ بێـبەش کـران، بەو هـۆیەوە هەردوو نەتەوەکە لەو دەوڵەتـــانەی کە بەریتانیـــا و فەرەنســـا دروســـتیان کردبـــوون، واتە لە تورکیـــا، ســـوریا و عێـــراق

دووچـــاری پڕۆســـەی توانـــدنەوە و نکـــۆڵیکردن بـــوونەوە. ئیـدی خەبـاتی هـاوبەش بـۆ هەردوو نەتەوەکە وەک ئەرکـی لە پێشـــینە خـــۆی نوانـــد. بـــۆیە کاتێـــک خەڵکـــی هەرێمـــی کوردســـتان (ویلایەتـــی موســـڵی پێشـــوو) دژ بە زۆرداری فەرمانڕەوایـانی عەرەب لە بەغـداد دەسـتیان بەخەبـات کـرد و پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان، لە یـــازدەی ئەیلـــوولی ١٩٦١شۆرشـــی هەڵگیرســـاند، نەک تەنیـــا کـــورد، بەڵکـــو بە هەزاران ســـوریانی پەیوەنـــدییان بە شۆڕشـــەوە کـــرد و چەکـــی بەرگـــری و بەرخۆدانیـــان لە شـــان کـــرد. لەم



پێوەنـــدەدا دەکـــرێ ئامـــاژە بە 'مارگرێـت جـــۆرج' بکەیـــن. ئەو کـــچە ســـوریانییەی کە شـــــــانازی ڕچەکشـێنی پێبـڕاو و وەک یەکەمـــین ژن لە کوردســــــتان، چەکــــــــــی پێشـــــمەرگایەتی لە شـان کـرد بەشـداری لە خەبـــــات و تێکۆشـــان کـــرد. بەهـــۆی ئـــازایەتی،

بـــوێری و نەترســـییەکەیەوە هەر زوو ناوبـــانگی دەرکـــرد. وای لێهـات کە وێنەکـانی مارگرێـت بە نیشـانەی بـوێری و ئـازایەتی بـۆ هانـدانی لاوانـی کوردەکـان لەنێـو کـۆمەڵانی خەڵکـدا بـڵاو بکـرێتەوە، بەڵام لە شـــەوی ٢٦ی کـانوونی دووەمـــی ١٩٦٩ لە گونـــدی قەڵاقـــومری لە بۆســـەیەکدا بە شـێوەیەکی گومانـاوی کـوژرا. ئیـدی لەو کـاتەوە تـا ئێسـتا ناوبـــانگی مارگرێـــت میـــدیا و بڵاوکراوەکـــان جێنـــاهێڵێ و هەر ناوەنـــاوە باســـی لێـــوە دەکـــرێ. هەروەهـــا دەیـــان و ســـەدان بنەمـــاڵەی کریســـتیان هـــانی ڕۆڵەکـــانی خۆیـــان دا تـــا شانبەشـــانی کـــورد بەشـــداری لە شـــۆرش بـــکەن و دژ بە زۆرداری و ســـتەمی فەرمانڕەوایـــانی بەغـــداد تێبکۆشـــن. لەم بـــوارەدا کەمـــتەرخەم نەبـــوون و چەنـــدانیان گیـــانی خۆیـــان پێشکەش کرد.


نســـکۆی شۆرشـــی ئەیلـــوول کـــاریگەری نەرێنـــی لەســـەر خەڵکـــی کوردســـتان بە کـــورد و کلـــدانەوە دانـــا و بیریـــان لە هەڵگیرســـــاندنەوەی شـــــۆرش کـــــردەوە. ڕاستییەکەیشـــــی دوای هەڵگیرســـانەوەی شـــۆڕش لە ســـاڵی ١٩٧٦، دیســـانەوە کـــورد و کلـــدان هاوشـــانی یەکتـــر دژ بە ڕژێمـــی بەعســـی ڕەگەزپەرســـت بـــۆ خەبـــات تێهەڵچـــوونەوە. هەنـــدێک لە کلـدانییەکان کە پێشـتر بەشـداری کـۆڕی خەباتیـان کردبـوو، دووبـــارە تێهەڵچـــوونەوە، هەروەهـــا هەنـــدێکی دیـــکە پەیوەنـــدییان بە حـــزبە کوردســـتانییەکانەوە کـــرد، کەچـــی هەنـدێکی دیـکە، حزبـی تـایبەت بە خۆیـان دروسـت کـرد،

بەتـــایبەتیش بـــزووتنەوەی دیمـــوکراتی ئاشـــووری کە لە دوازدەی نیســـانی ١٩٧٩ لە لایەن ژمـــارەیەک فێرخـــوازی زانکـــۆ کە هـــی بەغـــداد و کەرکـــوک و دهـــۆک بـــوون، دامەزرا. ئامـــانجی ئەو بـــزووتنەوەیە ئەوەبـــوو کە هەبـــوونی نەتەوەی ئاشـــــووری بســـــەڵمێندرێ و لە دەســـــتووردا هەبـــوونی نەتەوەیـــی بچەســـپێ و مافەکانیـــان بـــۆ مســـۆگەر بکـــرێ، مخـــابن ڕژێمـــی بەعـــس ژمـــارەیەک ســـەرکردەی ئەو بـــزووتنەوەیەی لە ســـێدارەدا، ئەوانـــیش یوســـف تۆمـــا، یـــوبرت بنیـــامین و یۆخەنـــا جەجـــۆ بـــوون. دوای ئەوە، بـــزووتنەوەکە بڕیـــاری دا کە بەشـــداری لە شۆڕشـــی چەکداریـــدا بکـــات، بـــۆ ئەو مەبەســـتە ڕوویـــان لە چیاکـــان کـــرد و شـــان بەشـــانی حزبەکـــانی دیـــکەی کوردســـتان دژ بە ڕژێمی بەعس دەستیان بە خەبات و تێکۆشان کرد.



یەکێـــــــک لەو شـــــــەهیدانەی بـــــــزووتنەی دیمـــــــوکراتی ئاشـــووری، جەمیـــل مەتێـــیە، هەرچەنـــدە کە لە شـــاری بەغـــداد لە دایـــک ببـــوو، بەڵام لە ســـاڵی ١٩٨٢ ڕووی لە چیاکـــــــــانی کوردســـــتان کـــرد و چەکـــی بەرخـــۆدانی دژی ڕژێمـــی بەعـــس کـــردە شـــان. **جەمیـــل مەتـــێ** ســـــەرکردەیەکی سیاســـــی و ســـــەربازی لێهـــاتوو بـــوو، ســـــەرکردایەتی چەنـــــدین چـــــالاکی شۆڕشـــــگێڕی دژ بە

مۆڵگەکـانی ڕژێمـی بەعـس کـرد، مخـابن لە ١٢ی شـوباتی ١٩٨٤ لە کـاتی بەرگریکـردن لە دانیشـتوانی گونـدی هیجرکـێ لە سـمێل گیـانی بەخشـی و گەیشـتە کـاروانی گەشموردانی گەل و نەتەوەکەی.



لە لایەکی دیکەوە، کاتێک باسی خەبـاتی هاوبەشـی کـورد و کلـدان دەکـرێ، نـاکرێ شـەهید سـۆران (عەبدولمەسـیح پـۆڵص بەڵنـدەر) لەبیـر بکەیـن. شـەهید سـۆران پێشـمەرگەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـوو، دەسـتێکی ناپـاک لە ١٤-٨-١٩٨٨ بـۆ ڕژێمـی بەعـس خـوێنی ئەو تێکۆشـەری ڕژانـد. دواتـر ڕۆژی ٢٨-١٠-١٩٨٨ هێزێکـی ڕژێـم هەڵـی کوتـایە سـەر مـاڵی ئەو تێکۆشـەرە و حەوت کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی بێسەروشوێن کرد.

لە لایەکـی دیـکەوە ژمـارەیەکی یەکجـار زۆری کریسـتیانەکانی کوردسـتان و عێـراق لە نێـو حزبـی شـیوعی عێراقـدا، دژ بە ڕژێمـی بەعـس درێژەیـان بە خەبـات دا و چیاکـانی کوردسـتانیان ئـاوەدان کـردەوە. لەو ڕێیەشـدا سـەدان کەسـی تێکۆشـەر گیـانی خۆیـان پێشـکەش بە گەل و نیشتمان کرد.

لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، کریستیانەکان ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دامەزراندوە و هاوشانی کوردانی ئازادیخواز دژ بە داگیرکاران تێدەکۆشن، بۆ نموونە، حزبی ئازادی میزوپۆتامیا، حزبێکی کریستیانەکانە و شانبەشانی پەکەکە دژ بە ڕژێمی تورک درێژە بە خەبات دەدات. هەروەها ژمارەیەک حزبی کریستیانەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان دامەزراون و درێژە بە تێکۆشانی خۆیان دەدەن، لەوانەش پارتی یەکێتی سریان (حزب الاتحاد السرياني) کە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە؛ پارتی دیموکراتی ئاشووری (حزب الآشوري الديمقراطي)، هەروەها لە باشووری کوردستانیش جگە لەبزووتنەوەی ئاشووری کە بەشداری لە خەباتی چەکداری دژ بە ڕژێمی بەعس کردبوو، حزبی بێت نەهرێنی دیموکراتی (حزب بيت نهرين الديمقراطي)، ئەنجوومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری (المجلس الشعبي الكلداني السرياني الآشوري)، ڕێکخراوی کلد و ئاشووری، حزبی یەکێتیی دیموکراتیی کلدانی، رابیتەی کلدانی هەن.

کریستیانەکانی کوردستان، پێنج نوێنەری کۆتایان لە پەلەمانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەمە لەگەڵ خەبات و پێگە و ڕەسەنایەتی کریستیانەکاندا نایەتەوە، بۆیە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ستەمە، باشترە کە پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم بۆ کریستیانەکان تەرخان بکرێ.

هەروەهـــا ســـەبارەت بە ڕەوشـــی ئێشـــتای ڕۆژئـــاوای کوردســـتان (بـــاکووری ســـوریا)، **ســـولەیمان یوســـف یوســـف**، کە بـۆ خـۆی ئاشـووریی سـوریایە، بڕوانـامەی لە فەلســـەفە و زانســـتی کۆمەڵناســـیدا هەیە، چـــالاکوانێکی سیاســـییە، تـــۆژەرێکی ناســـراوە و بـــایەخ بە دۆزی کەمەنەتەوەکـــان دەدات، ســـەبارەت بە خەبـــاتی هاوبەشـــی کـــورد و ســـوریان دەڵـــێ[30]: (بە حـــوکمی دیـــرۆک و جوگرافیـــا، ئاشـــووری و کـــورد تـــێکەڵ بـــوونە، فەرهەنـــگ، کولتـــوور و دابـــونەریتی هەر یەکەیـــان کـــاریگەری لەوی دیـــکە کـــردووە، تـــا ئەو ڕادەیەی کە لە هەنـــدێک نـــاوچەدا ســـەخت و دژوارە کە مرۆڤـــی کـــورد و ئاشـــووری لەیەکـــدی جیـــا بکـــرێتەوە. لەســـەر بنەمـــای ئەو هاوبەشـــییەدا خێـــزان و خێڵـــــــی هـــــــاوبەش لە نێـــــــوان ئەو دوو نەتەوەیەدا دەرکەوتـــــوون، هەروەهـــــا زۆر لە ئاشـــــــوورییەکان لە ڕیزەکـــانی بـــزووتنەوەی کـــوردایەتی لە عێـــراق و تورکیـــا بەشـــدارییان لە خەبـــات کـــردوە. تەنـــانەت ئەو نـــاکۆکییە چەکـــدارییەی کە لە زەمـــانی عوســـمانیدا بەنـــاوی دیـــنەوە لە نێـــوان هەردوو نەتەوەدا ڕوویـــدا، ڕێگـــر نەبـــووە لە خەبـــاتی هاوبەشـــــــی هەردوو نەتەوەکە) هەر ئەم نووســـــــەرە ســـەبارەت بە ڕەوشـــی ڕۆژئـــاوای کوردســـتان دەڵـــێ: (پێویســـتە ئەرکـــی لە پێشـــینە ئەوە بێـــت کە پرۆســـەی

---

[30] https://elaph.com/Web/AsdaElaph/2009/10/493711.html

گــۆڕانی دیمــوکراتی لە وڵاتــدا بهێنــرێتە کــایەوە و ســوریا بکـرێتە نیشـتمانێکی ڕاسـتەقینە بـۆ هەمـوو خەڵـکەکەی بەبـێ جیاکــاری، هەروەکــو مــارتین لــۆثەر کینــگ گــوتی: ئــێمە دەبێـت فێـر بـین چـۆن پـێکەوە بـژین، ئەگەرنـا هەمووـمـان دەمرین. ئایا فێر دەبین؟ دەترسم فێر نەبین)

## سەنگایی دەنگی 'گ' لە زمانی دێریندا

ئەوەی ئاشکرایە کە دەنگی 'گ' لە نێو زمانی سۆمەری و ئەکەیدا بەرچاو بووە. بۆ نموونە سۆمەریەکان بە خوایان گوتووە دینگر dingir [هەروەک زۆر جاری دیکە ئاماژەمان پێداوە کە وشەی دین لە زمانی ئاڤێستایی و لە دینی زەردەشتی و ئێزی (ئێزدی)دا هەر دین بووە، دواتر عەرەب ئەو وشەیەیان وەرگرتووە] هەروەها ناوی خوای زانست گەستوو(gestú) بووە و ناوی خوای پیشەسازییش گاشام(gašam) بووە، کورگال (Kurgal) واتە چیای گەورە یان کیوی پیرۆزە. هەروەها داستانی گلگامێش (Gilgamesh) کە شاکارێکی وێژەیی کەموێنەیە و ماوەتەوە و دوو پیتی 'گ'ی تێدایە. لەلایەکی دیکەوە پاشای شاری 'لەگش'ی سۆمەری ناوی گۆدیا بووە. ئەمانە و سەدان ناو و وشەی دیکە کە دەنگی 'گ'یان تێدا هەیە؛ بەو هۆیەوە بانگەشەی عەرەب سەبارەت بە هاوڕەچەڵەکی خۆیان و سۆمەر ئاپاچ دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەشێوەی جلوبەرگی ئەو پەیکەر و ڕندراوانەی کە جێماون، خۆیا دەبێ کە سۆمێریەکان هیچ پێوەندییەکان بە عەرەبەوە نییە، بەڵکو شێوازی جلوبەرگ، بەتایبەتیش ئەو پەڕۆیەی وەک مێزەر و دەسرۆک لەسەریان پێچراوە بە تەواوی لە عەرەب دووریان دەکاتەوە، هەروەها بەهۆی هەبوونی

دەنگـــی پیتەکـــانی 'گ، پ، ۆ، ێ' زیـــاتر بە لای کـــورد و کلدانـــدا دەشـــکێتەوە، هەرچەنـــدە کە پیتەکـــانی 'گ' و'پ' لە زمانی ئەکەدیشدا هەبوون.
لەلایەکـــی دیـــکەوە ئەو تـــوژینەوە و لێکـــۆڵینەوانەی ســـەبارەت بە سیماناســـی (جەســـتە و قیـــافە)ی ســـۆمەریەکان کـــراوە، دەردەکەوێ کە لـــووتی سـۆمەرییەکان هاوشـێوەی لـووتی کـورد درێـژ، ڕاسـت، گەورە و بەرزە بـووە، بەو هـۆیەوە بە هـیچ شـێوەیەک لە لـووتی عەرەب نـاچێ. هەروەهـا مـاوەی نێـوان لـووت و لێـوی سـەرەوە زۆرە و گەردەنیـان درێـژ نەبـووە. ئەم ڕووخسـارانەش کـت و مـت لە مرۆڤـی کـورددا هەن. هەنـدێک پێیـانوایە کە ڕێـژەی بەژنـی مرۆڤـی سـۆمەری لە نێـوان ١٦٥ سـم بـووە(لەوانەیە ئەمە ڕاسـت نەبـێ، چـوونکە نـاکرێ پەیـکەر و وێـنە ئەنـدازەی بـاڵا وەک خـۆی پێشـان بـدات- نووسـەر)، ئەمەش لەگەڵ خەڵکـی ئێسـتای شـارەکانی کەرکـوک و ناسـریەدا دێـتەوە کە بە باڵایـان هێنـدە بەرز نیـیە. هەر بە گـوێرەی لێکـدانەوە و هەڵسـەنگاندنەکانەوە ڕەنگـی پێسـتی سـۆمەرییەکان ڕەش نەبـووە، هەروەهـا زۆریـش سـپی نەبـووە، واتە گەنـم ڕەنگـی کـاڵ بـوونە، چـاوی مرۆڤـی سـۆمەری گەورە و برۆکانیـان تـێکەڵاو یـان زۆر لەیەکـدییەوە نزیـک بـوونە، بەو هۆیەشـەوە هەمـوو بانگەشـەی تـورک سـەبارەت بەوەی کە ڕەچەڵەکـی سـۆمەرییان هەیە، هەڵـدەتەکێنێ و تـورک لە

خــــۆرئاوە دەیـــانەوێ خۆیـــان بە ڕۆژهەڵاتـــی نـــاڤینەوە گرێبـــدەن. ئەوەی پشتڕاســـت کـــراوەتەوە و ســـەلمێنراوە کە نەژادی تـــورک، چاویـــان بـــادامی و بـــاریکە، هەروەهـــا مـــاوەی نێـــوان برۆکانیـــان یەکجـــار زۆرە. واتە بە هـــیچ شـــێوەیەک لە ڕووی ســـیما و جەســـتەوە، مرۆڤـــی تـــورک و سۆمەری لەیەکدی ناچن.

ئەوەی ئاشـــکرایە کە خـــاڵی هاوبەشـــی نێـــوان کـــورد و ســـۆمەر و کلـــدان لە دەنگـــی پیتەکانـــدا خـــۆی پێشـــان دەدا، هەر بەو دەنگانەیشـــەوە خۆیـــان لە عەرەب جیـــا دەکەنەوە. لە لایەکـــی دیـــکەوە بە ســـیما و جەســـتەی هاوشـــێوە لە تورک هاوێر دەبێ و یەک ناگرێتەوە.

هنـــری پـــاوک فرانکفـــۆرت[31] (Henri-Paul Francfort) ڕۆژهەڵاتنـــاس و دێرینەناســـی فەرەنســـی ســـەبارەت بە ســـۆمەریەکانەوە نووســـیویەتی: "ئەوان لە چیاکـــانی ئێـــران (زاگـــرۆس)ەوە بەرەو باشـــووری نێـــوان دوو ڕووبـــار هـــاتوون" دیـــارە هەمووشـــمان دەزانـــین کە لە دێـــرینەوە زاگـــرۆس لانـــکەی مرۆڤـــی کـــورد بـــووە. ســـەرباری ئەوانەشـــەوە، بەهـــۆی ئەوەی کە زمـــانی ســـۆمەری زمـــانێکی پێلکـــاو (الصـــاق) agglutinative بـــووە (واتە جێنـــاو بە فرمانەکـــانەوە دەلکـــێ)، ئیـــدی مێژوونـــووس و زمانناســـان لەو بـــاوەڕەدان کە زمـــانی ســـۆمەری لە هەمـــوو زمانەکـــانی

[31] - 1 3 - الدکتور احمد ارحیم هبو، بلاد مابین النهرین (العراق)، دار الحکمة الیمانیة، صنعاء، الجمهوریة الیمنیة، الطبعة الاولی ١٩٩٦، ص ٥٣.

دیـکەی نـاوچەکە جیـاوازترە و بـۆ گروپەکـانی نـاونراو بە سـامی و ئـاری و حـامی نـاگەڕێتەوە و تـاک خێزانـی بـووە؛ لەوانەیە لە داهـــاتوودا بەهـــۆی خوێنـــدنەوەی زیـــاتری نووســـراوەکانی ســـەر دەپە قوڕینەکـــانەوە ڕاســـتی دیـــکە دەربـــکەوێ، بەڵام وێـــڕای ئەوانەشـــەوە وشـــەگەلێکی سـۆمەری هەتـا ئێسـتا کتومـت وەک خۆیـان لە نێـو زمـانی کوردیدا جێوارن و کایە دەکەن.

# زمانی کوردی و سوریانی

زمانی سوریانی(ܠܫܢܐ ܣܘܪܝܝܐ لێشانا سوریایا)ڕەگ و ریشەی بۆ زمانی ئارامی دەگەرێتەوە، لە هەزارەی یەکەمی پێش لە دایک بوونی عیسا مەسیح، زمانی ئارامی لە ناوچەیەکی بەرفراواندا کە بە داس بارور(هلال الخصیب) ناودێرە، فەرمی بووە، داس بارور بەو هەرێمە دەگوترێ کە بە ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە، فورات و هایاردین( **ئێستا بووە بە: ڕووباری ئوردەن**) تێراو دەکرا. هەرێمەکە لە ڕۆژئاوا بە دەریای سپی ناوەڕاست، لە باکوور بە بیابانی سوریە و لەلایەکی دیکەشەوە بە نیوەدوورگەی عەرەبی و کەنداوی میدی دەگات و بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە. بە کوردیەکەی ولاتانی ئێستای ئیسرائیل، لوبنان، ئوردون، سوریە، عێراق و بە شێکی تورکیەی ئێستا دەگرێتەوە.

بە کورتی زمانی سوریانی نوێ لەگەڵ زمانی ئارامی دێرین و لەگەڵ ئەو زمانەیشی کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری قسەی پێدەکرا، جیاوازی هەیە. لە مێژوودا تۆمار کراوە کە سالی ٤٨٩ی زایینی، ژمارەیەکی زۆری کریستیانی سوریانی زمان کە لە ڕۆژهەلاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمدا دەژیان، بە هۆی جیاوازی بۆچوون و ململانێی لەگەل کریستیانە یۆنانی زمانەکانەوە، دووچاری ئازار و ڕاونان بوونەوە، بۆیە

پەنایـــان بـــۆ ئیمپراتـــۆریەتی ساســـانی بـــردوە و لەوێـــش باوەشـــیان بـــۆ کـــراوەتەوە. جیـــاوازی بیروبـــاوەڕ و شـیکردنەوە و شـرۆڤەی جیـاواز بـۆ دینـی مەسـیحی، زمـانی ســـوریانی بـــۆ دوو زاراوەی ڕۆژهەڵاتـــی و ڕۆژئـــاوایی دابەش کـرد، بەڵام هەر وەک زمـانێکی یەکگرتـوو مـایەوە، وێـڕای هەبـوونی وشـەی جیـاواز، کەچـی تـا ئەنـدازەیەکی زۆر ئـــاخێوەرانی هەردوو زاراوەکە بە باشـــی لەیەکتـــر تێـدەگەن. ئیـدی لەوە بەدواوە زمـانی پەهـلەوی کـاریگەری خـۆی لە سـەر زمـانی سـوریانی دانـا، دواتـریش واتە دوای ڕووخـــانی ئیمپراتـــۆریەتی ساســـانی و ســـەپاندنی دەســـتەڵاتی عەرەب و پاشـــانیش هـــاتنی تورکەکـــان وشـــەگەلێکی زۆری ســـەلجوقی و تـــورکی عوســـمانلی خۆیـــان دەنێـــو زمـــانی ســـوریانی پەســـتا، بەو هـــۆیەوە گۆڕانی بە سەردا هات و وشەگەلێکی دێرینی لە دەستدا.

ڕۆژهەڵاتناســـان لەو بـــاوەڕەدان کە لە ســـاڵی ١٣٢ پ.ز میرنشـــینی ئۆســـرۆین(Osroene) لە ئێدیســـا (ڕوهـــا / ئورفـــا) دامەزرا، ئیـــدی لەوێـــوە ســـوریانی پەرەی ســـەند. نـــزیکەی ٨٠ نووســـراوی دێرینـــی ســـوریانی لەم نـــاوچەیەدا دۆزراونەتەوە کە بـۆ سـەدەکانی یەکەم  تـا سـێیەمی زاینـی دەگەڕێـنەوە. کـۆنترین بەردنووسـی سـوریانی بـۆ سـاڵی ٦ی زایینـــی و کـــۆنترین نووســـراوی ســـەر پێســـتیش بـــۆ ســـاڵی ٢٤٣ی زایینـــی دەگەڕێـــتەوە. هەمـــوو ئەم بەڵـــگە سـەرەتاییانەش، بـۆ زمـانی سـوریانی وەک زمـانێکی فەرمـی

یــان زاراوەیەکــی زمــانی ئــارامی لێکــدەدرێنەوە. زمــانی ســـــوریانی بەســــەر دوو لقـــدا دابەشــــکراوە: زاراوەی ڕۆژاوایــی کە لە لایەن کلێســای ئۆرتۆدۆکســی ســوریانی لە میزۆپۆتامیــای بــاکوور و ڕۆژئــاوای ســوریا ســوودی لێــوەردەگیرا، بەڵام زاراوەی ڕۆژهەڵاتــی لەلایەن کلێســای ڕۆژهەڵات و لە نــاو ئیمپراتــۆریەتی ساســانیدا ڕەواجــی هەبوو، فەرمی بوو.

سـەبارەت بە زمــانی ســوریانی، ئیقلیمــیس یوســف داود موســڵی کە بــۆ خــۆی مەترانــی دیمەشــق بــووە، دەڵــێ[32]: "ئەم زمــانە لە دێرینــدا هەر زمــانی ئــارامی بــووە، زانایــانی یەهــودی پێیــانگوتوە ئــارامی یــان ســریانی، لە سـەدەی نوێدا پێیــدەگوترێ عیبرانــی، بەڵام فەرەنســیەکان پێیــدەڵێن کلــدانی بەهــۆی ئەوەی کە کلــدان نەتەوەیەکــی نــاوداری خــاکی بابــل و عێــراق بــووە، هەروەهــا عەرەب پێیــانگوتووە نەبەتــی، کە هەندێک جیاوازی لەگەڵ زمانی سریانی ئێستادا هەیە"

زمــانی ســوریانی و کــوردی، مێــژینەی دوور و درێژیــان هەیە، دوو زمــانی کەونــاری ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتن. لە زەمــانی دێرینــدا، واتە چەنــدین هەزار ســاڵ پــێش زایــین، نەتەوەی ســۆمەر و ئەکەد لە هاوســێیەتی یەکتــردا ژیــاون، پەیونــدی دۆســتایەتیان هەبــووە، تــێکەڵاوی یەکتریــان کــردووە و هــونەری کەشــتیوانیی هاوبەشــیان هەبــووە.

---

[32]- اقليمس يوسف داود الموصلي، اللمعة الشهية في اللغة السريانية، طبع في الموصل في دير الآباء الدومييكيين ١٨٧٩، ص١٠.

ئێستا وشەگەلێکی زۆری سۆمەری و ئەکەدی لە نێو هەردوو زمانی کوردی و سوریانیدا ماونەتەوە.
ڕاستییەکەی هەردوو زمانەکە لە میزۆپۆتامیا و زاگرۆسەوە لەدایک بوونە و وەسەر پێ کەوتوونە. لایەنی کەم لە ماوەی چوار هەزار ساڵی رابردوو، ڕێڤینگ و هاوکاروانی یەک ڕێ بوونە. پێش پەیدابوونی ئیسلام، هەردوو زمانی سوریانی و پەهلەوی، دوو زمانی بەهێزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بوون و لە ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا فەرمی بوون. هەتا ئێستا لێکدانەوەی زۆر بۆ وشەی سوریانی کراوە. هەندێکی وەک جەلیل ئیخوانی زەنجانی، پێیانوایە کە سوریانی ڕاستە، سوریانی واتای وڵاتی هەتاو دەدات! هەندێکی دیکە پێیانوایە کە سوریان وشەیەکی میدییە واتای خۆرستان(وڵاتی ڕۆژ) و بەشی ناوەڕاست دەدات. هەرسێ وشەی سەر، سوریان و سۆمەر بەیەکەوە دەبەستنەوە. سەر واتای سەروو، سوریان واتای ناوەڕاست و سۆمەر(سۆمێر) واتای خواروو، یان کەناری ڕووبار و زێ دەدات. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە ئاسورا لە زمانی ئاڤێستاییدا بە واتای پەنجە و چەنگ بەکار هاتووە.
فوئاد یوسف قەزانجی، نووسەر، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی یەکێتیی مێژوونووسانی عەرەب سەبارەت بە

زمـــانی ئـــارامی نووســـیویەتی[33] :(زمـــانی ئـــارامی وەکـــوو زمـــانێکی دێرینـــی ڕۆژهەڵاتـــی نـــاڤین، لە نـــاوچەی داس بـــارور، بەتـــایبەتیش لە ســـوریا و فەلەســـتین، هەر لە ســـەدەی حەوتەمـــی پـــێش زاییـــنەوە بـــڵاو بـــۆتەوە. لە ئیمپراتـــۆریەتی ئاشـــوری، بـــابلی و فارســـیدا وەکـــوو زمـــانی دیبلۆماســـی بـــۆ پێوەنـــدی لەگەڵ وڵاتـــانی دیـــکە ڕەفتـــاری لەگەڵـــدا کـــراوە، زمـــانی تێگەیشـــتن و بازرگـــانی بـــووە. هەروەهـــا زمـــانی پێغەمـــبەر عیســـا و دوازدە یـــاوەرەکەی بووە.)

زمـانی سریانی(سـوریانی) درێژکـراوەی زمـانی کلـدۆ یـان کلـــدانییە کە لە ســـەردەمی فەرمـــانڕەوایەتی کلـــدانییەکان/ بـــابلی نـــوێ (٦٢٣پ.ز.–٥٣٩ پ.ز) زمـــانی فەرمـــی بـــووە، بەڵام دواتـــر زاراوەی ڕوهـــایی بەســـەر زاراوەکـــانی دیـــکەدا ســـەپێنرا و وەک زمـــانی ســـوریانی ناســـرا. هەروەهـــا زمـــانی کـــــوردی کە درێژکـــــراوەی زمـــــانی پەهـــــلەوی و ئاڤێســـــتایی(میدی)یە، لە ســـــەردەمی فەرمـــــانڕوایەتی میـــــدیا(٦٧٨پ.ز– ٥٤٩ پ.ز)، ئەشـــــکانی(٢٤٧پ.ز- ٢٢٤ز) و ساســـانی(٢٢٤ز- ٦٥٣ز)دا لە قەڵەمڕەوێکـــی بەرفراوانـــدا فەرمـــی بـــووە، کە ئێســـتا ســـنووری وڵاتـــانی، ســـوریە، عێـــراق، ئێـــران، ئەرمەنســـتان، تورکیـــا، ئەفغناســـتان،

---


[33] - فواد يوسف قزانجى، اصول الثقافة السريانية في بلاد مابين النهرين، دار دجلة، بغداد ٢٠٢، ص١٤.

ئازەربایجـــان، تاجیکســـتان، ئۆزبەکســـتان و تورکمەنســـتان دەگرێتەوە.

ڕاســـتییەکەی زمـــانی ســـوریانی تـــا ئەمـــڕۆش زمـــانی کلاســـیکی، ویژەیـــی و دینـــی کریســـتیانانە. ســـەردەمی زێڕینـــی ئەم زمـــانە بـــۆ ســـەتەی چـــوارەم تـــا شەشـــەمی زایینـــی بـــووە، بەتـــایبەتیش کاتێـــک پەڕتـــووکی پیـــرۆزی ئینجیل (بیبـل)ی پـێ وەرگێـردرا. بە هـۆی چـالاکی مـژدەدەر و چالاکوانـانی دینـی کریسـتیانەوە، هۆکارێـک بـوو تـا ئەم زمـــانە بەرەو خـــاکی ساســـانی و هیندســـتان و چـــین بگوازرێتەوە و خوازیار بۆ خۆی پەیدا بکات.

زمـــانی ســـوریانی (دوو زاراوەی ســـورث و ســـوریۆیۆی هەیە)، هەروەهـــا زمـــانی کـــوردیش درێژکـــراوەی میـــدیایە (چەنـد زاراوەیەکـی هەیە. زمانزانـــان پێیـــانوایە کە زمـــانی ئێسـتای کـوردی ئـاوێتەیەکە لە زمـانی دانیشـتوانی دێرینـی نـــاوچەکە، بەتـــایبەتیش زمـــانی میـــدی، میتـــانی، ماننـــا و گـوتی، هەروەهـا ڕاسـتەوخۆ کـاریگەری زمـانی سـۆمەری و ئەکەدی دێرینیشـــی پێـــوە دیـــارە، ئەمەش یـــان بەهـــۆی هاوسـێیەتی بـووە یـان بەهـۆی ئەوەی نەوەکـانی ئەوان لە زەمـــانی ئیمپراتـــۆریەتی میـــدیادا ئـــایینی زەردەشـــتیان وەرگرتـــووە و پـــێکەوە ژیـــاون، ئیـــدی یەکبـــوونێکی مێژووکـرد دروسـت بـووە. هەرچەنـدە کە کـاریگەری و نیشـــانەکانی زمـــانی ســـۆمەری و میتـــانی و ســـوریانی

بەســـەر زمـــانی کـــوردییەوە دیـــارە، کەچـــی دیسانیشـــەوە بە لکێکی زمانی هیند و ئورووپایی پێوانەی بۆ کراوە.
لەلایەکـــی دیکەشـــەوە فەرمـــانڕەوایەتی میـــدیا و بـــابلی نویێ(کلـــدان) هاوزەمـــان و هاوکـــار بـــوونە. بەو هـــۆیەوە ئـــاوێتەبوون و ئـــاڵوگۆڕی وشـــە ڕەوتێکـــی ئاســـایی و مێژووکردی خۆی وەرگرتووە.
لەم نەخشـــەیەدا فەرمـــانڕەوایەتی میـــدیا بە ڕەنگـــی زەرد و فەرمـــانڕەوایەتی کلـــدانی بە ڕەنگـــی ســـەوز پێشـــاندراون، بەڵام بەشـــێکی ئاســـوریا لەنێـــو فەرمـــانڕەوایەتی میـــدیادا بووە.




زمـــانی ئـــارامی لە ئیمپراتـــۆریەتی ئاشـــووریدا زمـــانی فەرمـــی بـــــووە، هەروەهـــــا زمـــــانی میـــــدی لە قەڵەمـــــڕەوی ئیمپراتـــۆریەتی میـــدی، ئەشـــکانی و ساســـانیدا فەرمـــی بـــووە.

هەنـــــدێک خـــــاک و هەرێمـــــی هـــــاوبەش لە نێـــــو ئەو ئیمپراتۆریـــــانەدا هەبـــــوون. بەتـــــایبەتیش ســـــنووری ئەو وڵاتـــانەی کە ئێســـتا بە ســـوریە، عێـــراق، ئێـــران، تورکیـــا و ئەرمەنســـتان ناســـراون. دیـــارە هەتـــا ئێســـتاش نەتەوەی کورد و کلدان لەنێو سنووری ئەو وڵاتانەدا دەژین.
نەک هەردوو زمـــانەکە، بەڵکـــو بـــاپیرانی هەردوو نەتەوەی کـــورد و کلـــدان بـــۆ ڕووخانـــدنی ئیمپراتـــۆریەتی ئاشـــووری هاوپەیمـــان و هاوخەبـــات بـــوون. واتە کلـــدانی و میـــدیەکان یەکیـــــان گـــــرت و پـــــێکەوە پەلامـــــاری پێتەختـــــی ئاشـــــووریەکانیان دا و شـــــارەکەیان لەدەســـــتی ئەوان دەرهێنا.
هەمـــوو ئەوانەی بە زمـــانی ســـوریانی دەئـــاخڤن، نەوەی کلـــدانیەکانن. ڕۆژهەڵاتناســـێکی وەک **ئەدیـــن بـــیڤەن** پێیـــوایە کە کلـــــدانیەکان نەوەی ئارامیەکـــــانن. بەڵام پـــــتەوی پەیوەنـــدی ڕەچەڵەکـــی نێـــوان کلـــدانی و ئـــارامی وای کـــردووە کە لێکـــۆڵەران ڕاســـتوێژانە بنووســـن کە کلـــدانی و ئـــارامی یەک چـــاوگ و ســـەرچاوەیان هەیە و لەیەکـــدی جیـــا نـــاکرێنەوە. هەروەهـــا پێوەنـــدی نێـــوان کـــورد و کلـــدان ئەوەنـــدە پـــتەو بـــووە کە وای کـــردووە ڕۆژهەڵاتناســـێکی وەکـــو **پیـــتەر لـــرخ** بڵـــێ: کوردەکـــان، کلـــدانی ئاریـــایین. واتە پێوەنـــدی نێـــوان هەردوو نەتەوەی کـــورد و کلـــدان ڕەگـــی قوڵی دیرۆکی هەیە و بە ئاسانی هاوێر ناکرێ.

مامۆسـتا سـۆران حەمەڕەش نووسـیویەتی[34]: "لە ڕاسـتیدا زمـانی کـوردی زمـانێکی هینـدۆئوروپیە و ئەو بـابەتە بـابەتێکی زانسـتیە و لەسـەر بنەمـای لێکـدانەوە و بە پاڵپشـتی بەڵـگەی زمـانەوانی ئەنجـام دراوە، بەڵام دەستنیشـانکردنی ڕەگەزی ئـاری بـۆ کـورد، تیـۆریەکی بـێ بنەمـا و نازانسـتیە و بە درێژایـی مێـژوو و لە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئەو تیـۆرییەوە، زیـاتر بـۆ مەبەسـتی سیاسـی بەکارهـاتووە و لە حـاڵەتی کـورددا، فارسـەکان سـوودیان لـێ وەرگرتـووە بـۆ سـەپاندنی فەرهەنگـی خۆیـان و پێـدانی ڕەوایـی مێژوویـی بە واڵتێکـی جـوگرافی هاوفەرهەنـگ کە فـارس تێیـدا بـاڵا دەسـت بێـت. لە ئەنجـامی ئەم تیـۆریە بـێ مانـایەدا ئەمـڕۆ کـورد سـڵ دەکـاتەوە لەوەی کە بڵێـت مـن ئـاری نـیم و زۆر کـورد شـانازی بە ئـاری بـوونی خۆیـان دەکەن، ئەم تیـۆریە هەمیشـە بـۆ دەسـتەمۆکردنی کـورد و توانەوەی لە ناو فەرهەنگی بە ناو ئێرانیدا بەکارهاتووە"

سـەبارەت بە زمـانی ئـارامی جـۆرج ڕۆ لە پەرتـووکی عێراقـی دێرینـدا نووسـیویەتی: (ئارامیەکان زمانی خۆیـان لە سـەرجەم ڕۆژهەڵات و نیشـتمانی ئاشـوور، لەجـێی سـۆمێری و عیـبری و ئەکەدیـدا سـەپاند، نەسـتووریەکانی ئێسـتا زمانەکەیـان سوریانییە.)[35]

[34] - سۆران حەمەڕەش، ئایا کورد ئارییە؟http://www.historyofkurd.com/

[35] - جورج رو، العراق القدیم، ص ٣٧١- ٣٧٢

ڕاســـتییەکەی زمـــانی ســـوریانی لە ســـەدەکانی دەســـتپێکی زایینیـــدا، زمـــانی زانســـتی زۆرێـــک لە ناوچەکـــانی ئێـــران تـــا ڕۆم بووە.

دەگــوترێ کە خەتــی کــوفی، لقێکــی خەتــی ئەســـتەرنجیلی بـــووە کە جۆرێـــک خەتـــی ســـوریانییە. هەروەهـــا دوای ئـــاواکردنی شـــاری کـــوفە، پـــوختەی ئەو خەتە لەوێ بە خەتـــی کـــوفی ناســـرا، کە دواتـــر موســـڵمانەکان بـــۆ نووســـینەوەی قورئـــان و نووســـینی ســـەر مزگەوتەکـــان سوودیان لێوەرگرت.

لە دیرۆکـــدا نـــاوی هەردوو نەتەوەی سۆمێری(ســـۆمەری) و کلـــدۆ وەک دوو نەتەوەی دێرینـــی میزۆپۆتامیـــا تۆمـــار کـــراون؛ زمـــانی ئەو دوو نەتەوەیە بـــۆ نەوەکـــانی دوای خۆیـــانەوە مـــاوەتەوە. زمـــانی ســـۆمێری کـــاریگەری یەکجـــار زۆری لەســـەر زمـــانی ئەکەدی و کلـــدۆ دانـــاوە، هەروەهـــا ئەو دوو زمـــــانە وشـــــەیان لەیەکتـــــر وەرگرتـــــووە و ئاڵوگۆڕیـــان کـــردوون. هەروەهـــا وشـــەگەلێکی هـــاوبەش لەنێـــوان زمـــانی ســـۆمێری و کوردیـــدا ئاماژەیـــان پێکـــراوە، بێگومـــان بەهەمـــان شـــێوەش وشـــەگەلێکی هاوبەشـــی زۆر لەنێـــوان زمـــانی کلـــدۆ و ســـوریانیدا هەن. لێـــرەدا ئامـــاژە بە چەند وشەیەکی نێوان سۆمێری و کوردی دەکەین[36].

---

[36] - خالص مسور، کلمات کردیة في اللغة السومریة ..الأسباب والنتائج، الخمیس 05 تشرین الثاني 2009، /www.welateme.net

| سۆمێری | کوردی | سۆمێری | کوردی |
|---|---|---|---|
| بارا | برا | بابیرا | باپیرە |
| پادە | پڕ/ بادە | پیرینگ | پرینگ /پڵنگ |
| تەرونا | تەنوور | گال | گەورە |
| جی | جێ، جھ | جیاسۆر | چیا سۆر |
| چەرخ | چەرخ | کەباب | کەباب |
| دار | دار | کاش | کش |
| دیوان | دیوان | مەلەوان | مەلەوان |
| زید | زاد/ خۆراک | گۆ، گۆت | گۆ، گۆت |
| سەرگال | سەرکار | باران | باران |
| شوبا | شوان | دەفتەر | دەفتەر |
| شوتوتو | هەڵاتوو | ئورسەگە | سەگی ملۆز |
| کالا | کال | گەل | گەل |
| کور | کێو | میش | مێر/ مەشی |
| گوا | گا | گشتۆ | گشتی |
| گور | گور/ گوڵ | خوڕ | خەرەند |
| گوسوم | قسەکردن | کود | کەت/ لەت |
| گیلم | قەلەم | گۆڕ | قۆڕ/ قووڵ |
| ماشە | ماشە | دوکانۆ | دووکان |
| مردی | مردی/مردوو | ئەگا | ئاغا |
| نیپسەر | نڤیسەر | شەشا | شەش |
| نەبەشخوم | نەبش/نەقش | نگەر | نیگار/ نیگا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەیکەل | هەیـــــــکەل/ پەیکەر | دەمشەخ | دەمشاخ / تیمساح |
| ئەپسن | گاسن | می | مێ |
| ئەرد | عەرد، هەرد | ئیشت | هەشت |

هەروەهــا وشــەی هاوبەشــی زۆر لە نێــوان زمــانی ئەکەدی و ســـوریانیدا هەیە؛ لەم بــارەیەوە **مــازن زرا** [37]دەنووســـێ: "لەم کــــــارەدا زیــــــاتر لە ١٥٠٠ وشـــــــەی ئەکەدی – ئاشـــووریمان کــۆ کــردەوە کە لە گــۆکردن و واتــادا لەگەڵ وشـــەکانی زمــانی ئــارامی نوێ(ســـوریانی) وەکە یەکــن". لێــرەدا ئامــاژە بە چەنــد وشـــەیەک دەکەیــن، بەڵام چــونکە چەنـــدین فەرهەنـــگ ســـەبارەت بە وشـــەگەلی ئەکەدی و ســوریانی نوســراون، مــن نــامەوێ لێــرەدا دووپــات بکــرێنەوە و شوێنی زۆر بگرن.

| **ئەکەدی** | **سوریانی** | **ئەکەدی** | **سوریانی** |
|---|---|---|---|
| جاجق | جاجیک | موشطو | مشط |
| تەنورۆ | تەنورا | خاکامو | حەکیمۆ |
| مەرکانۆ | مەرجان | گیشرۆ | گیشرا (جسر) |

هەروەهـــــا کاتێـــــک لە زمـــــانی ئەکەدی و کـــــوردی ورد دەبیــنەوە، خۆیــا دەبــێ کە وشــەی هــاوبەش و لێکچــوو لە

[37] - 1 مــازن زرا، قــاموس المفــردات الاكدیــة –الآشــوریة، طبــع فــي مكتــب النهران للطباعة والاعلان، اربيل- العراق ٢٠٢٠م، ص ٥.

نێـــوان ئەکەدی و کوردیـــدا هەن، بەڵام نازانـــدرێ ئەو وشـانە لە بنەڕەتـدا هـی زمـانی ئەکەدیـن یـان ئەکەدی لە سۆمەری وەریگرتوون.
زمانزانـان لەسـەر ئەوە کـۆکن کە زمـانی ئەکەدی لەژێـر کـاریگەری زمـانی سـۆمەریدا بـووە و زۆربەی وشـەکانی خـۆی لە زمـانی سـۆمەری وەرگرتـووە. بەو هـۆیەوە هەبـوونی وشـەی هـاوبەش لە نێـوان زمـانی ئەکەدی و کـوردی جێـی سەرسـوڕمان نیـیە. دووری نێـوان زمـانی ئەکەدی و کـوردی لەگەڵ دووری نێـوان زمـانی ئەکەدی و عەرەبـی یەک ئەنـدازەیە. هەردوو زمـانەکە وشـەگەلێکیان لە زمـانی ئەکەدی وەرگرتـووە، بەڵام نازانـدرێ ئەو وشـانەی کە کـورد لە ئەکەدی وەریگرتـوون، هەر هەمـان ئەو وشـانەن کە ئەکەدی لە سـۆمەری وەریگرتـوون، یـان نا؟

لێـرەدا چەنـد وشـەیەکی هـاوبەش و لێکچـووی ئەکەدی و کوردی بە نموونە دەهێنینەوە.

| ئەکەدی | کوردی | ئەکەدی | کوردی |
|---|---|---|---|
| باوە | باکێش | پەقێلە | پاقلە |
| بەرانا | بەران | پەڕە | پەڕ |
| بەیارا | بەیار | بنیانو | بونیە |
| پەرکو | پەککەوتن | وەرو | وەرو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پەگور | پەیکەر | پانو | پەنـــی/ پـــانی ئەنیە/نێوچەوان |
| داکو | چاقو | زپتو | زفت |
| ڕەباسو | ڕەباس | شەباتو | شوبات |
| شال | شال | ئەشکوتە | شەمولە |
| شەپالو | شەپەشەپ | ئوکار | ئاقار |
| قەسبا | قەسپ | تەحتو | تەختە/ تەحتی |
| قەلو | قەلی | لیپۆ | تەپۆ/ تەپەحۆل |
| کیسو | کیسە | دەلالو | دەلال |
| کەسابو | کاسب | زنبلوز | زەنبیل/ زەمبیل |
| کەلەککو | کەڵەک | کوکوو | کێک |
| گوحو | ئوحـــــو / کۆخە | کورکو | کــــــورک / مریشکە کورک |
| گەسسو | گەچ | تەنورو | تەنور/ تەندور |
| مورو | مور، مێروو | مەنگ | مەنگ |
| مەنجەل | مەنجەڵ | ئەتە | تە/ تۆ |
| نیپیشتو | پشتی | نەمرو | نەمر/ گەشاوە |
| ئەپو | کەپو | قەب | گەپ |
| ئەتیرە | تێر/ دارا | تێپلە | تەپەحۆل |
| ئەنا | نها/ نوها | گەپشو | قەبە، گەپە |

سـەبارەت بە زمـانی سـوریانی، جەلیـل ئیخـوان زەنجـانی نووسـیویەتی: تـا چەنـد سـەدە دوای مێـژووی کـۆچی،

هێشتا زمانی سوریانی وەک زمانەکانی دیکە ڕەواجی هەبوو، پەڕتووکی پێدەنووسراو، زمانی زانستی بووە و زاناکان ئەو زمانەیان زانیووە.
ڕاستییەکەی چۆن ئێستا زمانی فارسی خۆی لە زمانی عەرەبی نزیک کردۆتەوە و وشەگەلێکی لێوەرگرتووە، کاتی خۆیشی زمانی عەرەبی بەو شێوەیە خۆی لە زمانی سوریانی نزیک کردبۆوە و وەک زاراوەیەکی زمانی سوریانی پێوانە دەکرا. زمانی عەرەبی دەیان هەزار وشەی لە زمانی سوریانی وەگرتووە، هەندێکی پاراستووە و هەندێکی دیکەیشی ئارایشت کردووە. لەم بارەیەوە مەسعودی نووسیویەتی: زمانی عەرەبی نزیکایەتی زۆری لەگەڵ سوریانیدا هەیە.
سەبارەت بە زمانی سوریانی و عەرەبی، بەلعەمی نووسیویەتی: عەرەبەکان زمانی سوریانیان وەرگرتووە، هەروەها دەنگی پیتەکانیان لەیەکدیەوە نزیکن.
نزیکایەتی لە نێوان زمانی سوریانی و کوردیدا هەیە، لە هەندێک شوێندا سوریانیەکان بۆ پەروەستە و نزاکانیان سوود لە زمانی کوردی وەردەگرن. هەر لەم بارەیەوە تۆماس چەرمە نووسیویەتی: [38] " هەندێک سوریانی بە

[38] - Tomas Çerme, Süryani Halkı, Dil, Kültür Ve Tarihi Üzerine Düşünceler, 2016-05-09. https://hyetert.org/2016/05/09/suryani-halki-dil-kultur-ve-tarihi-uzerine-dusunceler.

کــوردی دەدوێــن، بــۆ نمــوونە زمــانی کەنیســەی خەڵکــی نیشــتەجێی کەربــوران (ســەر بە شــاری مــاردین) کــوردییە و نوێژی کەنیسەی سوریانیەکانی سێڤەرەک کوردین"

## وشەی هاوبەش و لێکچوو

هـــیچ گومـــانی تێـــدا نیـــیە کە هەردوو زمـــانی کـــوردی و ســـوریانی بەهـــۆی تـــێکەڵاوی و پێکەوەژیـــانی هەردوو نەتەوەی کـــورد و کلـــدان، وشـــەگەلێکیان لەیەکـــدی وەرگرتـــووە یـــان لە نێـــو خۆیانـــدا پەیڤـــی جۆراوجۆریـــان ئـــاڵوگۆڕ کـــردووە، کەچـــی هەتـــا ئێســـتا ســـاغ نەبـــۆتەوە کە ئەو وشـــانە یەک ســـەرچاوەیان هەبـــووە یـــان یەکێکیـــان لەوی دیـــکەی وەرگرتـــوون. لێـــرەدا هەنـــدێک وشـــە بە نموونە دەهێنینەوە:

| سوریانی | کوردی | سوریانی | کوردی |
|---|---|---|---|
| باخچە | باخچە | سمۆقێ | سماق |
| بازیرگان | بازرگان | بازار | بازاڕ/ باژاڕ |
| باطانیە | بەتانی | گەردانە | گەردانە |
| باگوردان | باگوردان | تەشیە | تەشی |
| بالاخانۆ | باڵەخانە | بالی | بەڵێ |
| بالیبێ | بالیف/بالگ | بەلکو | بەڵکو/بەلکی |
| باهار | بەهار | بوخچە | بوخچە |
| باوار | باوەڕ | بورجا | بورج |
| بتولتا | بتل (پاکیزە) | بەبا | بابە |
| بوختان | بوختان | بوختانکار | بوختانکەر |
| بیبار | بیبەر | بێیات | بەیات |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بێبونا | بەیبون | بێیابان | بیابان |
| بێداغ | بەیداغ | بیچا | پێچ |
| بێربا | بەربا(بەرباد) | هوونار | هونەر |
| بەراز | بەراز | بەرتیلێ | بەرتیل |
| بەرانا | بەران | بیڕنۆت | بڕنۆت |
| بەربوگ | بەربووک | بڕووش | بڕووش |
| بەسا | بەس | بیسکا | بسک |
| بەگزادا | بەگزادە | بغیرەت | بێغیرەت |
| بەل | بەڵام | بەلغام | بەڵغەم |
| بەلاش | بەلاش | بەندار | بەندەر |
| بەنا | بنیاتنان | برا | برا (کوڕ) |
| پاشم | پەشیمان | پشتبەندا | پشتبەند |
| پرتەقال | پرتەقاڵ | گیزاڕێ | گێزەر |
| پوشخە | پوخە | قۆڕە | گۆڕ |
| پووچ | پووچ | پوشتیوان | پشتیوان |
| پیس | پیس | پاییش | پاییز |
| پیشا | پیشە | پەلا | پلە |
| پێشواز | پێشواز | پێشکەش | پێشکەش |
| پێلابێ | پێلاڤ/ پێڵاو | پنجان | فنجان |
| پێوەند | پێوەند/ پەیوەند | پیادە | پیادە |
| پەروا | فەروە | پەرمان | فەرمان |
| پەستاک | پەستەک | پاپوچا | بابوج |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پەقرەج | پەقرەج | چەقۆ | چەقۆ |
| پەقیر | فەقیر | پەریز | پارێز |
| پەنجارا | پەنجەرە | پانووس | فانۆس |
| تانوورا | تەنور/ تەندور | بیرا | بیر |
| تاوا | تاوە | تابوت | تابوت |
| تاوسا | تاووس | حێلانێ | حێلانێ |
| تفەنگ | تفەنگ | جاجم | جاجم |
| توومار | تۆمار | تخووب | تخووب |
| توومبال | تەمبەڵ/ تەنبەڵ | تارازی | تەرازوو |
| تۆڵکە | تۆڵکە، تۆرکە | تەماتە | تەماتە |
| تیزاو | تیزاو/ تیزاب | تیمار | تیمار |
| تەخومو | تخوب / سنوور | ئەسپیندار | ئەسپیندار |
| تەرلان | تەڕلان | ئازادی | ئازادی |
| تەرئۆزی | تەرۆزی | خبران | خەبەردان |
| تەمموز | تەمموز | شەبات | شوبات |
| تەنگاوی | تەنگاو/ تەنگاڤ | تەنگناپاس | تەنگنەفەس |
| تەنورا | تەنوور | قیرا | کورە |
| جزیا | جزیە (سەرانە) | جەبرا | کابرا |
| جوانقە | جەوان/ لاو | قێرتالە | قەرتاڵە |
| جوزتا | جیز (گوێز) | جۆیا | جێوار |
| چارچێوا | چارچێوە | چاچاگا | چیچک |
| چاکوچ | چەکوچ | کالاکبانە | کەلەکوان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| چنار | چنار/ چینار | کەپگیر | کەوگیر |
| چوونکی | چونکە/چونکی | کۆپال | گۆپاڵ |
| چۆل | چۆل | کوولانا | کۆڵان |
| چێرشۆ | چارشێو | چاتر | چەتر |
| چیمەن | چیمەن | کێر | کێر/ کیر |
| چەلتوک | چەلتوک | کامەنچە | کەمانچە |
| چەنگال | چەنگاڵ | کنار | کەنار |
| حاناکوتە | حەنەک | هانا | هانا |
| حایج | حایج | حەپسا | حەپس |
| حۆشا | حەوشە | هاواز | ئاواز |
| حێران | حەیران | هاما | هەما/هەمان |
| حیلا | حیلە (فێڵ) | سەرتەنا | سەرەتان |
| حیلتەنا | فیلەتەن | حەتم | ختم (مۆر) |
| حەردەلا | خەردەل | حەفا | خەفە (خنکاندن) |
| حەسر | حەسرەت | حەبش | حەپس |
| حەشیرا | حەسیر | حەشار | حەسار |
| حەلوا | حەلوا | هیاری | هاری/یاری |
| خانومان | خانومان | تووشت | تەشت |
| خزما | خزم | خەزنادار | خەزنەدار |
| خشک | حشک/ وشک | یاغی | یاخی |
| خوارن | خارن/خواردن | خۆشحال | خۆشحاڵ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خووراگ | خۆراک | خونچە | خونچە |
| خیاڕێ | خیار، ئاروو | باینجانێ | باینجان |
| خەمخواروتا | خەمخۆر | خەموو | خەمۆ |
| خەنجەر | خەنجەر | خەنداق | خەندەک |
| داربەدار | دەرکەبەدەرکە | دەرگا | دەرگە |
| داوا | داوا/ داوەت | دەربەند | دەربەند |
| دایندار | دیندار | دیکانا | دوکان |
| دژمن | دوژمن/ دژمن | دارچین | دارچین |
| دومایيک | دوماهیک | دۆشاب | دۆشاو |
| دوونیی | دونیا | دۆست | دۆست |
| دۆشەگ | دۆشەک | جۆلانێ | جۆللانە |
| دیکا | دیک/ دیکل | دینا | دین |
| دیلاوەر | دلاوەر | دەمدامی | دەمدەمی |
| دیوان | دیوان | دیوانخانا | دیوەخان |
| دەرد | دەرد/ ئێش | زیانا | زیان |
| دەرزی | دەرزی | هیوی | هیوا/ هێڤی |
| دەستا | دەستە | دەسگیرا | دەسگیر |
| دەسمال | دەسمال | داپتار | دەفتەر |
| دەمامک | دەمامک | کاردی | کاردی |
| ڕانک و چۆغێ | ڕانکوچۆغە | شەڕواڵ | شەرواڵ |
| روحنیار | ڕوحانی | ڕوحا | ڕوح (گیان) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕووبار | ڕووبار | مەرەز | مەرەز |
| ڕووزنامە | ڕۆژنامە | ڕووبەند | ڕووبەند |
| ڕیشنا | ڕیشن (ڕێزدار) | ڕیشا | ڕیش، سەر |
| ڕەبەن | ڕەبەن | ژاژی | ژاژی |
| ڕەزبان | ڕەزوان | ڕەخت | ڕەخت |
| ڕەشم | ڕەسم (وێنە) | دیرا | دێر |
| ڕەندا | ڕند | ڕەشابی | ڕەشاو |
| زابیرا | زەمبیل | زبلا | زبڵ/ زبر |
| زاخوو | زاخۆ | زیلکا | چیلکە |
| زلزال | لرزان | زەل | لەرز |
| زندانا | زیندان | زەراوا | زەرافە |
| زۆر | زۆر | زووڕنا | زوڕنا |
| زیراک | زیرەک | زرزامین | ژێرزەمین |
| زیرینگر | زێڕینگر | زەریپ | زەریف |
| زیوانا | زیوان | زیوە | جیوە |
| زەرداو | زەرداو | خۆخا | خۆخ |
| زەگا | زەنگ | زامان | زەمان، دەم |
| زەنگول | زەنگوڵ | بۆران | باران |
| ساراپ | سەراپ/سەراب | سەربار | سەربار |
| ستوونا | ستوون | سەنتوور | سەنتوور |
| سندان | سندان | ساقا | ساق/ لاق |
| سوبزەوات | سەوزەوات | ساهەند | سەهەند |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەرپووش | سەرپۆش | عاجز | عاجز |
| سەرداو | سارداو | سەردار | سەردار |
| سەرکار | سەرکار | سەرکەردا | سەرکردە |
| سەرگردان | سەرگەردان | سەرخوش | سەرخۆش |
| سەرمەست | سەرمەست | سەرتیپ | سەرتیپ |
| سەهەم | سەهم / پشک | سازش | سازش |
| شاباش | شاباش | شووروا | شۆربا |
| شپەت | سپەت/ سیفەت | شابوون | سابوون |
| شلامە | سڵاو/ سەلام | بەریە | بەڕیا |
| شمشاد | شمشاد | شەربەت | شەربەت |
| شێتلە | شتڵ / نەمام | شپۆلە | شەپوشۆڕ |
| شیدانا | شێت | ئوستا | وەستا |
| شینا | شین | شیرین | شیرین |
| شەرمسار | شەرمەزار | شاش | شاش |
| شەقلە | شەقڵە / شەقرە | شێششێت | شەش |
| شەکرۆکە | شەکرۆکە | سیڵقە | سلق / سڵق |
| شەلما | سەلام (سڵاو) | فیلا | فیل (پیل) |
| شەنگ | ژەنگ | جەنگال | جەنگەڵ |
| طەشت | تەشت | لەگەن | لەگەن |
| عەجەمستان | عەجەمستان | پەهلوان | پاڵەوان |
| قاپان | قەپان | قاراواش | قەرەواش |
| قاداغا | قەدەغە | قووماش | قوماش |

| | | | |
|---|---|---|---|
| قاشەنگ | قەشەنگ | ڕووزیگار | ڕۆژگار |
| قاڵامتراش | قەڵەمتراش | قوولۆو | قەڵەو |
| قنونا | قانون | کورا | کورە |
| قووتی | قوتی/ قۆدی | قازا | قاز |
| قووڕا | کوڕ | قازانج | قازانج |
| قیز | قیز/ کچ/ کیژ | قالوونا | قەلـــــون/ قەننە |
| قەڕانابت | قەڕنابیت | قاشا | قەشە |
| کابانی | کابان | چادر | چادر |
| کار | کار/ ئیش | کەڕگە | کەڕک |
| کارتیخ | کارتیخ | خەنجەر | خەنجەر |
| کارخانە | کارخانە/ کارگە | کاراویز | کەرەوز |
| کاروان | کاروان | کورتانە | کورتان |
| کاهرابا | کارەبا | کاهریز | کارێز |
| کرویش | کەروێشک | کەروان | کاروان |
| کریار | کڕیار | کەرکەدان | کەرکەدەن |
| کش | کش | کەباب | کەباب |
| کلپەت | کولفەت | کەلاش | کڵاش |
| کوچکا | کوچکە | کۆچاری | کۆچەر |
| کورتەک | کورتەک | چارۆگە | چارۆگە |
| کوورا/ کۆرا | کۆرە/ کوێر | کوتان | کوتان |
| کۆشکی | کۆشک/ کۆچک | چایدان | چادان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کیسا | کیسە | مەرا | مێرک (ب) |
| کەرەوز | کەرەوز | سلقێ | سلّق |
| کەندال | کەندالّ | کەندالان | کەندەلّان |
| کەوەر | کەوەر | خەوخە | خۆخ |
| گابانا | گاوان/گاڤان | گووشا | گۆشە |
| گندۆرا | گندۆرە | دەشتا | دەشت |
| گووشت | گۆشت | نال/ نەعلا | نالّ |
| گۆبەرۆک | گۆبەرۆک | قایش | قایش |
| گۆرە | گەورە | گێلا | گیا/ گژوگیا |
| گێروێ | گۆرە/ گۆرەوی | شیکەر | شەکر |
| گەنداو | گەنداو/کەندەپیس | خومالا | خۆمالّی |
| لاچین | لاچین | لەشخوور | لەشخۆر |
| لوخمە | لوقمە / پارو | زلۆخ | زللۆخ/بوری |
| لوولا | لوولە/ بۆڕی | لووکا | لۆکە/ پەمۆ |
| لەزەت | لەزەت/ چێژ | لیموون | لیمۆ |
| مارال | مەرال | مەرمار | مەرمەڕ |
| ماستاوە | ماستاو | دەوێ | دۆ، دەو |
| ماشا | ماشە | مشار | مشار |
| منەرنر | نەڕەنەڕ | مێرگاوار | مێرگەوار |
| موتەرجومنا | موتەرجیم | حەربا | حەربە (نوکتیژ) |
| مورداشوور | مردەشۆر | مازوو | مازوو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مۆخا | مۆخ | نەرمە | نەرمە |
| مۆز | مۆز | پەطاطە | پەتـــــاتە، کارتۆپل |
| میراو | میراو | ڕەزەوان | ڕەزەوان |
| مێرگازار | مێرگوزار | مەردا | مەرد/ مێر |
| میس | مس/ مز | ملەت | میللەت |
| مێوا | مێوە/ میوە | موولا | مەلا |
| مەخپوور | مەخفور/ مافور | مەگەر | مەگەر |
| مەزرایا | مەزرا | مێمون | مەیموون |
| مەشکا | مەشکە | مەستا | مەست |
| مەللا | مەلا (دانا) | مەیتا | مەیت |
| مەیدان | مەیدان | ڕەکاوێ | ڕکاوە |
| نازدار | نازدار | نەزان | نەزان |
| نازگ | نازک/ ناسک | ناخووش | ناخۆش |
| ناما | نامە | نیمونا | نموونە |
| نبینی | نڤین/ نوێن | نەجس | نەجس |
| نوختە | نوختە/ خاڵ | نۆراس | نوڕەس |
| نوکریا | نۆکەر (نامۆ) | نیشا | نیشانە |
| نومار | نەمر | نامەرد | نامەرد |
| نومام | نەمام | ناساز | ناساز |
| نۆبادار | نۆبەتدار | نادروست | نادروست |
| نۆتتا | نەوت/ نەفت | نرخ | نرخ/ بەها |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نیاز | نیاز | نیزا | نێزە |
| نیریا | نێری | نارنج | نارنج |
| نیسانۆ | نیسان | لگنو | لەگەن |
| نەرگیز | نێرگز | سوبزە | سەوزە |
| نەفشا | نەفس | نەکل | نکۆڵیکردن |
| نەموسا | ناموس | نورا | نور، تیشک |
| هشیار | هشیار/هۆشیار | وێران | وێران |
| هەرزاکار | هەرزەکار | هاریسا | هەریسە |
| هەرگاز | هەرگیز | هەقیات | هەقایەت |
| هەگبا | هەگبە | هوناربەند | هونەرمەند |
| و (وە) | و (ئو) | هەلەک | هیلاک |
| ئاخوڕ | ئاخوڕ | ئاختا | یەختە |
| ئازار | ئازار | ڕەشما | ڕێشمە |
| ێرش | هێرش | یوونجە | وێنجە |
| ئومبار | ئەمبار (عەمبار) | ئەرداویل | هەردەوێل |
| ئیختیار | ئیختیار (پیر) | ئێل | ئێل (عێل) |
| ئینسا | ئینسان | ئەسیرو | ئەسیر |
| ئەجرا | جیرە (مەزد) | بەهت | فهێت/شەرم |
| ئەردا | ئەرد/ عەرد | بەدخو | بەدخوو |
| ئەرداشێر | ئەردەشێر | ئەرزان | هەرزان |
| ئەشکارا | ئاشکرا | بابا | بابەک |
| یەکانا | یەکانە/ تەکانە | کاژاوا | کەژاوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەلبەت/ ئەلبێتا | هەڵبەت | ئەپسون | ئەپسون/ ئەفسووس |
| ئەمیر/ میر | میر | ئاماج | ئامانج |

ئێستا کاتێک لەو وشە هاوبەش، لێکچوو و نزیکانەی نێوان زمانی سوریانی و کوردی ورد دەبینەوە، زۆر بە ئاسانی ڕیشەی هەندێکیان لە نێو زمانی سوریانی و هەندێکی دیکەشیان لە نێو کوردیدا دەدۆزرێنەوە، بەڵام هەندێک وشەی دیکە هاوبەشن و ناتوانرێ سەرڕاست بکرێتەوە کە ئایا یەکێکیان وەریگرتووە یان لە بنەڕەتدا هاوبەشە. بۆ نموونە ئەگەر بەدوای وشەی 'مەشکە' دا بڕۆین، دەبینین لە ئاڤێستا، واتە لە زمانی میدی مەشکە و لە زمانی ئەکەدی مەشکوو، هەروەها لە ئارامی مەشکا بووە. ئێستاش لە سوریانی مەشکا و لە کوردی مەشکەیە، ئیدی ناشزاندرێ وەرگیراوە یان هەر لە دەستپێکدا هاوبەش بووە. هەروەها وشەی 'سەتان' کە هاوواتای شەیتانە، ئێستا کلدانەکان لە جیاتی وشەی شەیتان بەکاری دەهێنن، کەچی لە زەمانی ساسانییەکان و لە زمانی پەهلەویدا هەر سەتان بووە.

لەم پێوەندەدا ئیقلیمیس یوسف داود موسڵی دەڵێ[39]:
"ئێستا نەتەوەیەک نەماوە بە زمانی سریانی پاراو قسە

[39] - اقليمس يوسف داود الموصلي، اللمعة الشهية في اللغة السريانية، طبع في الموصل في دير الآباء الدومييكيين ١٨٧٩، ص ١٣.

بکــــات، جـــگە لەوەی کە هەتــــا ئێســـــتا لە جزیـــــرە و لە کوردســــتان و زۆرێــک لە وڵاتــانی دیــکە خەڵــکەکە زمــانی ســــریانیان پاراســــتووە، بەڵام ئەم زمـــانە ســــریانییە پڕاوپــــڕ بووە لە وشەی عەجەمی"

لەم پێوەنــــدەدا، ئەو ڕاســــتییەی کە کەس نــــاتوانێ نکــــۆڵی لێبکـــات، ئەوەیە کە تێکەڵاوبـــوون و پێوەنـــدی نێـــوان دوو نەتەوە، چ بەهــۆی پــێکەوە ژیــان یــان بە هــۆی کــۆچکردن و شـــوێن گـــۆڕینەوە بـــێ، یـــان بە هـــۆی دیـــن گـــۆڕینەوە ڕووبــدات، ئیــدی ئەو کەســانە وشــەگەلێکی زمــانی خۆیــان لەگەڵ خۆیانــدا بــۆ نــاو زمــانی نەتەوەکەی دیــکە دەبەن و دەیچەسپێنن.

# گۆڕانی پیتی هەندێک وشە

گـــۆڕینی پیتێـــک بە پیتێکـــی دیـــکە، یـــان داچەکـــین و چەمـــانەوەی پیـــت و فڕێـــدانی پیتێـــک لە نێـــو زاراوەی زمانەکـان، بەتـایبەتیش لە نێـو زاراوەکـانی زمـانی کوردیـدا هێنـدە بەرچـاوە کە کەس نـاتوانێ نکـۆڵی لـێ بکـات. بـۆ نمـوونە لە زاراوەی سـۆرانی دەگـوترێ بەخـتەوەر، بەڵام لە کرمـانجی دەبـێ بە بەختـاوەر؛ لە سـۆرانی دەگـوترێ لە کـوێ بـوو؟ لە کرمـانجی دەبێ بە 'ل کـو بـوو؟'. واتە 'کـوێ' دەبـێ بە 'کـو'؛ لە سـۆرانی دەگـوترێ وڵات، لە کرمـانجی دەبـێ بە وەلات، واتە پیتـی'ە'ی بـۆ زیـاد دەکـرێ؛ یـان قرتانـدنی پیتـی کۆتـایی وشـە، لە سـۆرانی و کردکـی 'ئـارد'، لە کرمـانجی و بـادینی دەبـێ بە 'ئـار'. ئێسـتا کاتێـک لە بەراوردکردنـی وشـەگەلێکی هاوشـێوە و لێکچـوو لە نێـو زمـانی کـوردی و سـوریانیدا ورد دەبینـەوە، هەمـان بـابەتی گـۆرینی پیتێـک بە پیتێکـی دیـکە و داچەکینـی پیـت خـۆی پێشان دەدا.

**یەکەم:** زۆربەی ئەو وشـــانەی لە زمـــانی ســـوریانی کۆتاییـــان بە پیتـــی 'ا' هـــاتووە، لە زمـــانی کـــوردی کۆتاییـان بە 'ە' هـاتووە. دەتـوانین دەیـان وشـە بەنمـوونە بهێنینەوە، وەک:

پیشا.. پیشە

پەنجارا .. پەنجەرە

تاوا .. تاوە

دەستا .. دەستە

سەرکردا .. سەرکردە

قاشا .. قەشە

کوچکا .. کوچک

کۆرا .. کۆرە / کوێر

کیسا .. کیسە

گندۆرا .. گندۆرە / کاڵەک

گووشا .. گۆشە

لوولا .. لوولە

ماشا.. ماشە

مێوا .. مێوە

ناما .. نامە

نێزا .. نێزە

هاریسا .. هەریسە

هەگبا .. هەگبە

**دووەم**: گۆڕینی پیتی ' ا ' ی ناوەڕاست بۆ ' ە'، بۆ نموونە:

باهار .. بەهار

باوار .. باوەڕ

بیبار .. بیبەر

بەندار .. بەندەر

پەستاک .. پەستەک

دەمدامی .. دەمدەمی

زیراک .. زیرەک

ساهەند .. سەهەند

قاشەنگ .. قەشەنگ

کۆچار .. کۆچەر

کەرکادەن .. کەرکەدەن

مەڕمارِ .. مەڕمەڕ

هەرزاکار .. هەرزەکار

ئەردا .. ئەرد / عەرد

ئەرداشێر .. ئەردەشێر

**سێیەم**: نەمان و بزربوونی پیتی کۆتایی، بۆ نموونە:

بسکا .. بسک

بورجا .. بورج

بەرانا .. بەران

بەسا .. بەس

بیرا .. بیر

تاووسا .. تاووس

تەنوورا .. تەنوور

حەپسا .. حەپس

حەردەلا .. خەردەل

خزما .. خزم

خۆخا .. خۆخ

دیکا .. دیک / کەلەشێر

دینا .. دین
دەستگیرا .. دەستگیر
دەشتا .. دەشت
ریشا .. ڕیش
ڕیشنا .. ڕیشن
زبلا .. زبل
زیانا .. زیان
زیندانا .. زیندان
ستوونا .. ستوون
شینا .. شین
مۆخا .. مۆخ
مەستا .. مەست
مەیتا .. مەیت
**چوارەم**: بزربوونی پیت، بەتایبەتیش پیتی 'ی' یان 'و' ی ناو وشە، بۆ نموونە:
بازیرگان .. بازرگان
پوشتیوان .. پشتیوان
چایدان .. چادان
دیلاوەر .. دلاوەر
رۆزیگار .. رۆزگار
مەللا .. مەلا
نیموونا .. نموونە
هیاری .. هاری

# نێر و مێ لە زمانی سریانی و کوردی دا

هەرچەندە کە لە زاراوەی سۆرانیدا، جێناو و کردەی نێر و مێ زۆر وە دەگمەن کەوتووە، بەڵام لە زاراوەکانی دیکەی وەکوو کردکی، کرمانجی و بادینی، هەروەها لە هۆرامیشدا زۆر بەرچاوە.

هەڵبەت جێناوی نێر و مێ لە زمانی سریانیدا هەیە، بۆیە بە پێویستی دەزانم لە دەستپێکدا بەراوردێک لە نێوان جێناوەکاندا بکەین.

| بۆ تاکی نێر | سریانی | کوردی |
| --- | --- | --- |
| کەسی یەکەم | ئانا | ئەمن، من، ئەز، می |
| کەسی دووەم | ئەهات | ئەتو، تۆ، تە، تی |
| کەسی سێیەم | ئاوە | ئەو، وی، ئۆ، ئەی |
| **بۆ تاکی مێ** | **سریانی** | **کوردی** |
| کەسی یەکەم | ئانا | ئەمن، من، ئەز |
| کەسی دووەم | ئایەت | ئەتو، تۆ، تە |
| کەسی سێیەم | **ئایە** | ئەو، وێ، ئا، **ئایە**(ز) |
| **بۆ کۆی نێر و مێ** | **سریانی** | **کوردی** |
| کەسی یەکەم | ئەخنی | ئێمە، ئەمە، مە، ما |
| کەسی دووەم | ئەختۆخۆم، ئەختۆخن | ئێوە، ئەنگۆ، هوین، شما(ز) |
| کەسی سێیەم | ئانی | ئەوان، وان، ئێ(ز) |

با سەیری ئەم ڕستانەش بکەین:

| ڕەگەز | سریانی | کردکی/زازاکی | سۆرانی |
|---|---|---|---|
| تاکی نێر | ئاوە زلێ | ئۆ شیۆ | ئەو تێپەڕی |
| تاکی مێ | ئایە زلە | ئایە شیا | ئەو تێپەڕی |

تاکی نێر لە دۆخە جیاوازەکانی کاردا:

| سریانی | کردکی/ زازاکی | سۆرانی |
|---|---|---|
| سیروان کبێ ئیخالە ئاخل | سیروان دۆ نان بوەرۆ. | سیروان دەیەوێ نان بخوا |
| سیروان ئیخالە بیخالێلێ | سیروان نان وەنۆ | سیروان نان دەخوا |
| سیروان ئیخالە ئیخلێ | سیروانی نان وەرد | سیروان نانی خوارد |
| سیروان ئیخالە ئیخیلێلێ | سیروانی نان وەردۆ | سیروان نانی خواردووە |
| سیروان ئیخالە ئیخلوالێ | سیروانی نان وەردبی | سیروان نانی خواردبوو |

تاکی مێ لە دۆخە جیاوازەکانی کاردا:

| سریانی | کردکی/ زازاکی | سۆرانی |
|---|---|---|
| زەلال کبە ئیخالە ئەخلە | زەلالە دۆ نان بوەرا | زەلال دەیەوێ نان بخوا |

| | | |
|---|---|---|
| زەلال ئیخـــــــاله بیخالێله | زەلاله نان وەنا | زەلال نـــــــــانی دەخوا |
| زەلال ئیخـــــــاله ئیخله | زەلاله نان وەرد | زەلال نـــــــــانی خوارد |
| زەلال ئیخـــــــاله ئیخلتێله | زەلاله نان وەردۆ | زەلال نـــــــــانی خواردووه |
| زەلال ئیخـــــــاله ئیخلواله | زەلاله نـــــــــان وەردبی | زەلال نـــــــــانی خوارد بوو |

هەروەهـــا ئەگەر ئەو ڕســـتانەی کە پێشـــتر ئاماژەمـــان پێکـــردن، لەگەڵ هۆرامیـــدا بەراوردیـــان بکەیـــن بەم شـــێوەیە دەردەکەون.

**یەکەم** بۆ تاکی نێر:

سیروان موازۆ نان بوەرۆ.

سیروان نان موەرۆ(مەوەرۆ).

سیروان نانش وارد.

سیروان نانش واردەن.

سیروان نانش واردەبێ.

**دووەم**: بۆ تاکی مێ:

زەلاله موازۆ نان بوەرۆنه.

زەلاله نان مەوەرو.

زەلاله نانش وارد.

زەلاله نانش واردەن.

زەلاله نانش واردەبێ

کاتێـک سـەیری کـردەی نێـر و مـێ لە زمـانی سـریانی و کـوردی دەکەیـن، بەتـایبەتیش لە زاراوەی کردکـی و هۆرامیـدا، دەبینـین کە زۆر لەیەکـدی دەچـن، ئەوەی بەرچـاوە لە دوای کـردەکە لە زمـانی سـوریانی بـۆ نێـر، پیتـی 'ێ' و لە زاراوەی کردکـی و هـۆرامی پیتـی 'ۆ' زیـاد دەکـرێ، هەروەهـا لە زمـانی سـوریانی لە دوای کـردەکە بـۆ مـێ پیتـی 'ە' و لە زاراوەی کردکـی پیتـی ' ا ' زیـاد دەکـرێ، بەڵام لە عەرەبیـدا لە پێشـەوەی کردە(فعـل)کە بـۆ نێر 'یـ' (یفعل) و بۆ مێ 'تـ' (تفعل) زیاد دەکرێ.

لە لایەکـی دیـکەوە، دەبینـرێ کە نیشـانەی مـێ بە وێـنەی 'ە' لە زاراوەی کردکـی و هـۆرامی لە کۆتـایی نـاوی مـێ زیـاد دەکرێ. وەکوو: زەلال بووە بە زەلالە.

**لە ڕستەکانی کۆی نێر و مێ:**

**١- ئێمە سێومان خوارد.**

**٢- ئێوە سێوتان خوارد.**

**٣- ئەوان سێویان خوارد.**

ئێسـتا کە زاراوەی کردکـی و زمـانی سـوریانی بەراورد دەکەین، لە کۆتایی کردەکاندا تەنیا (ە) دەردەکەوێ.

| کردکی/ زازاکی | سوریانی |
|---|---|
| ما سایە وەردێنە. | ئەخنی ئەخلخوە خەبوشە. |
| شما سایە وەردێنە. | ئەختون ئەخلیتونوە خەبوشە. |
| ئینان سایە وەردێنە. | ئانی ئەخلیوە خەبوشە. |

## دەنگ و شێوەی پیتەکان

سـۆمێری و ئەکەدی، کلـدان و میـدیەکان لە هاوسـێیەتی یەکدیـدا ژیـاون و پێوەنـدی نێوانیـان پـتەو بـووە، بەو هۆیەشـەوە لە هەمـوو بوارەکـانی ژیانـدا کاریـان لە یەکـدی کـردووە، بەتـایبەتیش لە بـواری ژیـاری و داهێنـانی هێمـا و پیت نووسیندا.

بەگـوێرەی بۆچـوونی مێژوونووسـان، سـۆمەری و ئەکەدی دوو نەتەوەی جیـاواز بـوون، هەروەهـا هەردوو زمـانی سـۆمەری و ئەکەدی بەردەوام لە ململانێیـدا بـوون، بەڵام سـەرەنجام زمـانی ئەکەدی وەک زاراوەیەکـی سـۆمێری گەشەی کرد و خۆی نواند.

عەبـدولمونعیم مەحجـوب [40]پێیـوایە کە "کێبەرکێـی زمـانی ئـارامی لە سـەدەی هەشـتەمی پـێش زایـین لەگەڵ زمـانی ئەکەدی دەسـتی پێکـرد، بەهـۆی ئەوەی کە پیتەکـانی ئـابێی ئـارامی بە بەراورد بەوانـی دیـکە، بـۆ نووسـینی وشـەکان سـادەتر و گرنگتـر بـوون، ئیـدی زۆر بە ئاسـانی تـوانی ئەکەدی دابپۆشـی، هەر بە هـۆی سـادەیی و لەباربوونیشـیەوە، تـوانی جێـی خـۆی لە نێـو یۆنـانی و ئێرانیەکانیشـدا بکـاتەوە. هەرچەنـدە لە ئـامێزی دەسـتەڵاتێکی سیاسـی سـەری هەڵـنەدا بـوو تـا هێـزی

[40] - عبدالمنعم المحجوب، ما قابل اللغة، الجزور السومرية للغة العربية وللغات الافروآسوية، الطبعة الاولى ٢٠٠٨، ص ٦٩.

کردەیی و بڵاوبوونەوەی پێ ببەخشێ بەڵام دیسانیشەوە توانی شوێن پێی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکاتەوە"

لێرەدا پیتەکانی ئابێی ئارامی پێشان دەدەین.

| کوردی نوێ | ئارامی دێرین | کوردی نوێ | ئارامی دێرین |
|---|---|---|---|
| ا | 𐡀 | ل | 𐡋 |
| ب | 𐡁 | م | 𐡌 |
| ج | 𐡂 | ن | 𐡍 |
| د | 𐡃 | س | 𐡎 |
| هـ | 𐡄 | ع | 𐡏 |
| و | 𐡅 | ف | 𐡐 |
| ز | 𐡆 | ص | 𐡑 |
| ح | 𐡇 | ق | 𐡒 |
| ت، ط | 𐡈 | ر | 𐡓 |
| ی | 𐡉 | ش | 𐡔 |
| ک | 𐡊 | ت | 𐡕 |

دیارە لەو کاتەدا ئابێی میدیەکانیش هەبووە، هەندێک پێیانوایە کە لە داڕشتنی هێما و وێنەی پیتەکان لاسایی ئارامی کراوەتەوە، بەڵام کاتێک لە وێنەی پیتەکانی ئابێی

ئاڤێستایی ورد دەبینەوە، جیاوازی نێوان ئەو دوو ئابێیە بە ئاشکرا بەدەر دەکەوێ.

ڕاستییەکەی کلدانیەکاندا هاوزەمان و هاوچەرخی میدیەکان بوون، هەروەها لە سەردەمەکانی دواتریشدا لە نێو قەڵەمڕەوی هەخامەنشی، ئەشکانی و ساسانیدا ژیاون، بەو هۆیەوە کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەبووە. لە سەردەمی پەرەسەندی دینی کریستیان (مەسیحی)دا کلدانەکانیش ئابێی تایبەت بە خۆیان دروست کرد کە جیاوازی لەگەڵ ئابێی ئارامیدا هەبوو. ئێستا بەراوردێک لە نێوان وێنەی پیتەکانی ئابێی کلدانی و ئابێی ئاڤێستایی دەخەینەڕوو:

| پیتی کلدانی | پیتی ئاڤێستایی | ئابێی نوێی کوردی |
|---|---|---|
| | 𐬀 | ئـ |
| ܐ | 𐬁 | ا |
| ܒ | 𐬠 | ب |
| | 𐬞 | پ |
| ܬ | 𐬙 | ت |
| ܓ | 𐬘 | ج |
| | 𐬗 | چ |
| ܚ | 𐬵 | ح |
| | 𐬑 | خ |

| | | |
|---|---|---|
| ܕ | و | د |
| ܪ | ا | ر |
| | اا | ڕ |
| ܙ | [illegible] | ز |
| | [illegible] | ژ |
| ܣ | [illegible] | س |
| ܫ | [illegible] | ش |
| ܥ | | ع |
| | [illegible] | غ |
| ܦ | [illegible] | ف |
| | [illegible] | ڤ |
| ܩ | [illegible] | ق |
| ܟ ܟ | و | ک |
| ܓ | [illegible] | گ |
| ܠ | [illegible] | ل |
| | [illegible] | ڵ |
| ܡ ܡ | [illegible] | م |
| ܢ | ا [illegible] | ن |
| ܗ | [illegible] | ھ |
| | [illegible] | ە |
| ܘ | [illegible] | و |


| | | |
|---|---|---|
| | [illegible] | وو |
| | [illegible] | ۆ |
| ܗ | [illegible] | ی |
| | [illegible] | ێ |
| ܨ | | ص |

دکتـــۆر عـــامیر ســـولەیمان ســـەبارەت بە ئـــابێی ســـوریانی لە لاپەڕە ٨٩ ی پەڕتـــووکی (اللغـــة الاكديـــة)دا دەنووســـــێ:
دوای ئەوەی ســـــوریان بـــۆ دوو دەســـــتەی نەســـــتوری و یەعقـــوبی دابەشـــبوون، ئیـــدی ئـــابێیەکەش بـــۆ ئەکەدی و سەرتۆ (مارۆنی و یەعقوبی) دابەش بوون.
ڕاســـــــتییەکەی زمـــــانی پەهـــــلەوی و ســـــــوریانی لە ئیمپراتـــۆریەتی ساســـانیدا فەرمـــی بـــوون، ئێســـتا بەراوردێـــک لە نێـــوان پیتەکـــانی ئـــابێی ســـوریانی و پەهـــلەوی ساســـانیدا دەکەین:

| پیتی سوریانی | پیتی ساسانی | ئابێی نوێی کوردی |
|---|---|---|
| ܐ | [illegible] | ئـ ، ا |
| ܒ | [illegible] | ب |
| | [illegible] | پ |
| ܛ ، ܬ | [illegible] | ت |
| | [illegible] | ج |
| | [illegible] | چ |

| | | |
|---|---|---|
| ܘ | ܘ | و |
| ܝ | ܝ | ی |
| ܨ ، ܨ | | ص |
| ܛ | | ط |

ئێستا چوار شێوەی پیتی سوریانی هەن کە دەتوانین بەم شێوەیە پێشانیان بدەین.



ڕێنووسی ئارامی، کلدانی و سوریانی لە ڕاستەوە دەست پێدەکات، هەروەها ڕێنووسی ئاڤێستایی، ئەشکانی و ساسانی ئەوانیش لە ڕاستەوە دەستپێدەکەن و بەرەو چەپ دەڕۆن.

ئابێی سوریانی لە ٢٢ پیت پێکهاتووە کە هەندێک هێما چەند دەنگی جیاوازییان هەیە، هەروەها ئابێی پەهلەوی ساسانیش لە بیست و دوو پیت پێکهاتووە، هەندێک لە پیتەکان چەند دەنگی جیاوازییان هەیە.

قــوڕگی مرۆڤــی کــورد و کلــدان تایبەتمەنــدی هاوبەشــیان هەیە. هەردوو جـــــــۆرەکە، واتە دەنـــــــگە قـــــــورس و ســـووکەکانیان بــۆ گــۆ دەکــرێ. تەنــانەت ئەگەر یەکێــک لە دەنگەکـــان لە نێـــو زمانەکەشـــیاندا نەبـــێ، دیســـانەوە هەر دەتـــوانن دەریببـــڕن و دەســـتیان بەســـەریدا دەشـــکێ. بـــۆ نمـــوونە مرۆڤـــی کـــورد و کلـــدان دەتـــوانن دەنگەکـــانی "پ، چ، ژ، ح، ع، غ، ق، گ، ڵ، ۆ، ێ" گـــــۆ بـــــکەن، بەڵام مرۆڤـــــی عەرەب نـــاتوانێ دەنگەکـــانی "پ، چ، ژ، گ، ۆ، ێ" گـــۆ بکـــات، هەروەهـــا فـــارس و ئوڕوپییەکـــانیش نـــاتوانن دەنگەکـــانی "ح، ع، غ، ق" گـــۆ بـــکەن. کەواتە لەم نێوەنـــدەدا مرۆڤـــی کـــورد و کلـــــدان تایبەتمەنـــــد و باڵادەســـــتن، لە یەکـــــدی دەچـــــن و هاوشێوەن.

## ئاکام

سەرەنجام دەتوانین ئاکامی شرۆڤە و بەدواداچوونەکان لە پێوەند بە نەتەوەی کورد و کلدان، هەروەها لە پێوەند بە زمانی کوردی و زمانی سوریانی، لەم چەند خاڵەدا چڕ بکەینەوە:

1 - باپیرانی هەردوو نەتەوەی کورد و کلدان لە مرۆڤە سەرەتاییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، واتە مرۆڤی ڕەسەنی میزۆپتامیا و زاگرۆسن، لە شوێنی دیکەوە نەهاتوون، هەروەها هەردوو زمانەکەش لە میزۆپۆتامیا و زاگرۆسدا ڕسکاون و گەشەیان کردووە و کاریگەرییان لە یەکدی کردووە.

2 - هەردوو نەتەوەکە مێژووی هاوبەشیان دژ بە داگیرکاری هەیە.

3 - هەردوو نەتەوەی کورد و کلدان لە زێد و نیشتماندا هاوبەشن؛ لە هەموو ئەو شوێنانەی کە کوردی تێیدا دەژین، کلدانیش هەن، یان لە هەموو ئەو شوێنانەی کە کلدان تێیدا دەژین، کوردیش هەن. واتە بە کردەوە تێکەڵاوبوون و پێکەوەژیان هەبووە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە. لە هەندێک شوێندا ناتواندرێ لە یەکدی جیابکرێنەوە.

4- لە قۆنـــاغە جیاوازەکـــانی مێـــژوودا، پڕۆســـەی تـــوانەوە، ئـــاوێتەبوون و یەکبـــوون لە نێـــوان هەردوو نەتەوەدا بەڕێوەچـــــووە. بە هۆکـــــاری پـــێکەوە ژیـــانی و فەرمـــانڕەوایەتی بـــووبێ یـــان بە هـــۆی گـــۆڕینی دیـــنەوە، جـــاری وا هەبـــووە مرۆڤـــی کـــورد بـــووە بە کلـــدان و جـــاری واش هەبـــووە کە مرۆڤی کلدان بووە بە کورد.

5- لەژێـــــر ڕۆشــــنایی خوێنـــــدنەوەی زانســــتی ئـــــانترۆپۆلۆژی و سیماناســـــیدا، مرۆڤـــــی هەردوو نەتەوەی کـــــورد و کلـــــدان لەیەکـــــدی دەچـــــن و هاوشێوەن.

6- هەردوو نەتەوەکە کولتـــووری هاوبەشـــیان هەیە، بەتـــایبەتیش لە شـــێوازی جلـــوبەرگ، ئـــاوازی گۆرانییەکان و جۆرەکانی هەڵپەڕکێدا.

7- بەشـــێک لە ڕۆژهەڵاتنـــاس و مێژوونووســـان دەڵـــێن کە هەردوو نەتەوەکە یەک نەژادیان هەیە.

8- هەردوو زمـــانی کـــوردی و ســـوریانی هـــاوڕێ و ڕێڤینگـــی یەک کـــاروان بـــوونە، بەو هۆیەشـــەوە وشـــەگەلی هاوبەشـــیان هەیە. ناشـــزاندرێ کامەیـــان لەوی دیکەی وەریگرتووە.

9- لە زەمـــانی فەرمـــانڕەوایەتی ساســـانیدا هەردوو زمـــانەکە فەرمـــی بـــوون، بـــۆ نووســـین بەکـــاردەهێنران و وێنەی پیتەکانیش نزیک و هاوشێوەن.

10- پیتەکـــــــانی "پ، گ، چ، ژ، ڤ، ێ" لەهەردوو زمـــانەکەدا هەن، بەڵام عەرەب ئەو دەنگـــانەی نیـــیە و ناتوانێ گۆیان بکات.

11- ئـــامرازی نێـــر و مـــێ لە هەردوو زمـــانی کـــوردی و ســـوریانی لە دواوەی کـــردەکە بەدیـــار دەکەون.

## سەرچاوەکان

1 - www.zowaa.org
2 - أ. د. أحمد مجيد حميد الجبوري، مفردات بابلية في اللهجة العراقية الدارجة، جامعة بابل.
3 - احمد سوسة، تاريخ حضارة وادي الرافدين في ضوء مشاريع الري الزراعية والمكتشفات الاثارية والمصادر التاريخية، ج1, دار الحرية للطباعة، بغداد.
4 - ادون بقن، ارض النهرين، ترجمة: الاب انستاس مارى الكرملي، مطبعة المعارف- بغداد، ١٩٦١.
5 - ادي شير، تاريخ كلدو و آثور، المطبعة الكاثوليكية للاباء اليسوعيين في بيروت سنة ١٩١٢.
6 - اقليميس يوسف داود الموصلي، اللمعة الشهية في اللغة السريانية، طبع في الموصل في دير الآباء الدومييكيين ١٨٧٩.
7 - جليل اخوان زنجاني، پژوهش واژەهای سریانی در زبان فارسی، چاپخانه بهمن، تهران ١٣٦٩ هجری شمسی.
8 - جورج رو، العراق القديم.
9 - خالص مسور، كلمات كردية في اللغة السومرية..لأسباب والنتائج، الخميس 05 تشرين الثاني 2009، www.welateme.net/
10 - د.علي فهمي خشيم، الاكدية العربية، الناشر: مركز الحضارة العربية، الطبعة العربية الاولى: القاهرة ٢٠٠٥.
11 - د.فەرهاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٠٣.

12- د.هاوژین صلیوە، ئاویتەبوونی زمانی کوردی و سریانی لە کۆیە (شیعر بە نموونە)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٨.
13- دکتر مهرداد بهار، از اسطوره تا تاریخ. چاپ هفتم، پائیز ١٣٧٦ هجری شمسی.
14- الدکتور احمد ارحیم هبو، بلاد مابین النهرین (العراق)، دار الحکمة الیمانیة، صنعاء، الجمهوریة الیمنیة، الطبعة الاولی ١٩٩٦.
15- دکتور عامر سلیمان، اللغة الاکدیة(البابلیة-الآشوریة)، دارالکتب للطباعة و النشر، موصل،١٩٩١م.
16- دکتور محمد فتحي الشاعر، الاکراد في عهد عمادالدین زنکي، جامعة المنوفیة، دار العاریف ١٩٩١، مصر.
17- سعید حیاتی، آشنایی با دستور زبان ها و واژەنامەهای سریانی، آرامی و آشوری، تهران ١٣٩٤.
18- سمیر عبده، السریانیة- العربیة الجذور و الامتداد، منشورات دار علاءالدین الطبعة الثانیة، سوریة، دمشق ٢٠٠٢.
19- سۆران حەمەڕەش، ئایا کورد ئارییە؟، چاپخانەی YPS-Publishing، لەندەن ٢٠١٣.
20- عامر حنا فتوحي، الکلدیون/ الکلدان منذ بدء الزمان، الطبعة الثانیة ٢٠٠٤. www.amerfatuhiart.com
21- عبدالمنعم المحجوب، ما قابل اللغة، الجزور السومریة للغة العربیة وللغات الافروآسویة، الطبعة الاولی ٢٠٠٨، تانیت.
22- الفریق الرکن الدکتور عبدالعزیز المفتي، ولایة الموصل والحقوق الکردیة بعد الحرب العالمیة الأولی.

23- فـواد يوسـف قزانجـى، اصـول الثقافـة السـريانية فـي بلاد مابين النهرين، دار دجلة، بغداد.

24- فـوزى رشـيد، قواعـد اللغـة السـومرية، دار الصـفحات للدراسـات و النشـر، سـورية-دمشـق، الاصـدار الاول ٢٠٠٩م.

25- كريستنسـن، آرتـور. ايـران در زمـان ساسـانيان (ترجمـه رشـيد ياسـمى)، تهـران: مؤسسـه انتشـارات نگاه، ١٣٨٧.

26- ل. ديـلا پـورت، بـلاد مـابين النهـرين، ترجمـة: محـرم كمـال، الطبعـة الثانيـة، الهيئـة المصـرية العامـة للكتـاب ١٩٩٧.

27- مـاركۆ پولـو، سـفرهاى مـاركوپولو، تـرجمه: رامـين گلبانـگ، انتشـارات كوشـش، تهـران، چـاپ اول، زمسـتان ١٣٦٣ هجرى شمسى.

28- مـازن زرا، قـاموس المفـردات الاكديـة –الآشـورية، طبـع فـي مكتـب النهـران للطباعـة والاعـلان، اربيـل- العـراق ٢٠٢٠م.

29- المطـران يعقـوب اوجـين منـا، قـاموس كلـداني – عربي، منشورات مركز بابل- بيروت ١٩٧٥.

30- ن.و.پيگولوسـكايا، تـاريخ ايـران، تـرجمه: كـريم كشاوەرز، پيام، تهران ١٣٥٣ خ.

31- نينـوس مقـدس نيـا، خـود آمـوز زبـان آشـورى، اول تير ١٣٨٧ خورشيدى، www.brasheet.com

# سەرچاوەی دیکە

1- Henry Field, Contributions to the anthropolpgy of Iran, Anthropological series Field museum of Natural History Volume 29, Number 2, December 15, 1939.
2- Henry Field, The anthropology of Iraq, Chicago 1940.
3- https://www.jewishencyclopedia.com
4- Sores Welat Demir, Auf Der Suche Nach Spuren Der Heimatliebe / In Search Of Traces Of Homeland. Jan 2001
5- Sydney Nettleton Fisher,The Middle East: A History, 1959.
6- Tomas Çerme, Süryani Halkı,Dil, Kültür Ve Tarihi Üzerine Düşün-celer, 2016-05-09.
7- William K. Loftus: *Travels in Chaldea and Susiana.* Robert Carter & Brothers, New York,1857.
8- William Z. Ripley, The Races of Europé, printed in Great Britain by butler and Tanner Ltd., Frome and London, 1899.

# بەرهەمە چاپکراوەکانم

| ناوی بەرهەم | جۆری بەرهەم | ساڵی چاپ |
| --- | --- | --- |
| ١- پەیامی دەشتێو | هۆنراوە | 1980 |
| ٢- گەڵاڕێزان لە کۆچێکی خەماویدا | هۆنراوە | 1987 |
| ٣- دوازدە مۆری ملوانکەیەک | هۆنراوە | 1988 |
| ٤- جەرگەبەز لە دوای مەرگـــــــــــی دێوەرەیەک | هۆنراوە | 1989 |
| ٥- ڕۆژێکی هاوین | چیرۆک | 1989 |
| ٦- ڕێگەکان یەکدەگرنەوە، بەڵام... | سیاسی | 1990 |
| ٧- ئەستێرەی داڕێژراوە | چیرۆک | 1991 |
| ٨- بۆ وەنەوشە | هۆنراوە | 1993 |
| ٩- بەرەو رزگاری و سەرخۆبوون | سیاسی | 1995 |
| ١٠- خوێندنەوەی ١٠ ساڵەی ڕزگاری | سیاسی | 2003 |
| ١١- نۆژەن | ڕۆمان | 2005 |
| ١٢- مەموندی و بۆچوونەکانی سەبارەت بە پەیدابوونی | مێژوویی | 2012 |
| ١٣- یەکگرتن و هەڵوەشانەوە | مێژوویی | 2016 |
| ١٤- کۆمێک وشەی کوردی | بەدواداچوون | 2019 |
| ١٥- خواندنا کوردی بۆ ئاستا ئێکێ | فێرکاری | 2020 |
| ١٦- سرووپێک پەیڤی ڕفێندراو | بەدواداچوون | 2020 |
| ١٧- سیپارۆکەی زمانەوانی | زمانەوانی | 2020 |
| ١٨- پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا | لێکۆڵینەوە | 2021 |
| ١٩- زمـــانی پەهـــلەوی لە تەرازووی بەراوردکاریدا | لێکۆڵینەوە | 2021 |
| ٢٠- سیپارۆکەی بنەچەزانی | زمانەوانی | 2021 |
| ٢١- پێوەندی نێوان کورد و کلدان | لێکۆڵینەوە | 2022 |

